# شەدەی سەرگەردان
# و
# ئەیر و ئەڤین و ئەژدەها



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری
*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**
* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر
س. پ. ژمارە: ١
www.araspublisher.com

رۆمانی

# شەدەی سەرگەردان

و کۆمەڵە چیرۆکی

## ئەیر و ئەڤین و ئەژدەها

نووسینی: زێنەب یووسفی



ناوی کتێب: رۆمانی شەدەی سەرگەردان و کۆمەڵە چیرۆکی ئەیر و ئەڤین و ئەژدەها
نووسینی: زێنەب یووسفی
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ١٦٩
دەرهێنانی هونەری: بەدران ئەحمەد
بەرگ: شکار عەفان نەقشبەندی
نووسینی سەر بەرگ: محەمەد زادە
پیت لێدان: نسار عەبدوڵڵا
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
سەرپەرشتیی کاری چاپخانە: ئاوڕەحمان مەحموود
چاپی یەکەم - چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر- ٢٠٠٢
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (٤٣٦)ی ساڵی ٢٠٠٢ ی دراوەتێ

# شەدەی سەرگەردان

رۆمان

تەواو... ئیدی کاری خوێندن و لێکۆڵینەوە لەسەر باسی ئەنفال و کوردکوژیم تەواوکرد. ماوەی چەند هەفتەیە خەریکی خوێندنی چەن کتێبێک و چەن گۆڤارێک و بینینی دەیان ڕەسمی ئەنفالکراوەکانم و لەگەڵ بیرەوەرییەکانیاندا، بەرەو ناخی ئەنفالەکان و دەردەکانیان شۆڕ بوومەتەوە. ئەمشەو ئیدی دەمەوێ دەستی پێ بکەم و چیرۆکێ بنووسم. لێواولێوم لە خەم و خەفەت. دیمەنەکانی چیرۆکەکەم، شپرزە و شێواو ڕژاونەتە نێو مێشکم. ناوێرم شتێکی تایبەت هەڵبژێرم و ئەمەوێ یەکێکیان کە بەهێزترە، خۆی بێتە پێشەوە و چیرۆکەکە دەس پێ بکات. سەعات دوازدەی شەوە. خاووخێزان خەوتوون. بەئەسپایی ئەڕۆم بۆ مەتبەخ و دەستەیێک کاغەز لەسەر مێزی تەلیفۆنەکە هەڵدەگرم و گڵۆپەکە دەکوژێنمەوە و بەرەو ژوورەکەم ئەڕۆم و بەئارامی دەرگاکە پێوە دەدەم و دادەنیشم. تۆزێ بیر دەکەمەوە، هێشتا هیچ کامەیان لەوانی تر پێش نەکەوتووە و نازانم لە کامە دیمەن، چیرۆکی ئەنفالەکان دەس پێ بکەم. دوای قەدەرێک پێنووسەکەم هەڵدەگرم و گەرموگوڕ دەس پێ دەکەم...

***

«زنجیرەکان ئیدی دەس و پێ و گەردنم ئازار نادەن... برینەکانم هەڵتۆقیون و سوور بوونەتەوە... لە هەندێکیشیان زووخ و زەرداو دەچۆڕێ... بەڵام هیچ هەست بەئێش و ژان ناکەم... تەنیا ڕووناکی ئەم ژوورە تاریکە، تیشکی دوو چاوە زاقەکەی سەگە ڕەشەکەیە... لە تیشکی داخ و پڕ تینی ئەو دوو چاوە وا هەست دەکەم، هێشتا پەلەوەری ژیان لەم ژوورە هەڵنەفڕیوە... هەر چەندیش ژیانێکی ئاوا پیس و ناکۆکیش ببێت... چوار پەلی سەگەکە بەزنجیرەوەیە و قەپۆزیشیان بەستووەتەوە... شوێنی ئەڵقەی زنجیرەکانی ئەویش وەرهەمی کردووە، بەڵام ئەو هەر لە تەقەلادایە خۆی ڕزگار بکات و کەچی ناتوانێ... یەکەمین ڕۆژ کە زابتە ڕەشەکە ئەم سەگەی هێنایە ژوورەکەی من، دڵم داخورپی... وام زانی هێناویە من



بخوات... کەفێکی لیق لە پۆزەی سەگەکە دەچۆڕایەوە سەر زەوییەکە و ئەو ئەرزە پیسەی پیستر دەکرد... سەگەڕەش هەرکە منی بینی بەرەو لام هاشاوڵی هێنا، بەڵام زابتەکە لە ئەو بەهێزتر و تووڕەتر بوو و ئازا ئەڵقەی زنجیرەکانی بەمێخێکی قەڵەو هەڵواسی... ئای چەندە ترسام زابتەکە بەکۆتەدارێکی زل کەوتە جەستەی سەگە ڕەشەکە و چەن شەقێکیشی لە من هەڵدا و بەزمانی خۆی شتێکی وت و دەرگای ژوورەکەی پێوەدا و ڕۆیشت... هێشتا گیانم تێدا مابوو، بەڵام نەخۆش بووم و دەمزانی زۆری پێناچێ کە دێن و دەمخەنە بەر سەگەکان، بەڵام وا دیارە سەگەکەیان خستووەتە بەردەم من... ئەمڕۆ یەک ڕۆژە هیچیان پێ نەداوم، تەنیا تۆزقاڵێ ئاوی سوێر... ئەمڕۆ زابتەکە هات و چەن شەقێکی لێ هەڵدام و بەزمانی خۆی شتێکی وت و بۆ سەگە ڕەشەکە ئاماژەی کرد و دای لە قاقای پێکەنین و ڕۆیشت... نازانم چی وت، حەزیش ناکەم بزانم چی دەڵێ... تەنیا بیر و هەستی من لای تێرکردنی زگمە... زۆرم برسییە... خۆزگەم بەنانە ڕەقەکەی چەن ڕۆژی پێشوو،... چی بکەم... سەیرە... ئەم سەگیشە خۆ هەر لە تەقەلادایە و لە جموجوول ناکەوێ...

***

ئاودەستەکان پڕن لە میز و گوو... ئەسپێکان وەختە بمانخۆن... هەڵبەت ئامانە خۆ ئەسپێ نین... زۆر گەورەترن و کلکیان هەیە و جێ گازەکانیان کوشندەیە... بەڵام خەڵکی ئێرە پێی دەڵێن ئەسپێ... دوێنێ لەگەڵ هیوا جێ گازی ئەسپێکانمان ژمارد... هی من سەد و دوازدە دەنک بوون و هی ئەو نەوەد و چوار دەنک... ئاخری مەرجەکەم بردەوە... لەسەر نوقرچکێ لە بەشە نانەکەمان مەرجمان کردبوو... هیوا کاتێ کە زانی زامەکانی من لە ئەو زۆرترن گریا و قیژاندی و دەس و پێمی ماچ کرد و پاڕایەوە... بەڵام نا... نەدەکرا... مەرج مەرجە جێ برینەکانی من لە ئەو زۆرترن... ئاخری هیوا تەسلیم بوو و تۆزقاڵێ لە نانەکەی خۆی پێدام... بەڵام... هیچ... هۆ بەکەڵکی من نایەت... زگی من و زگی دایەم و زگی ئاکۆی برام و زگی

هیوا چەقی کەوتووە... هەموومان دایمە برسیمانە... ئیدی تینوویەتی لە بیرمان ڕۆیشتووەتەوە... ئاخر تینوویەتی بۆچی... ئاخر تۆ بڵێی کولێرە چەورەمان خواردووە؟... چێشت و تریتمان خواردووە؟... چیمان خواردووە تا تینوومان بێت... تازە خۆ تەنانەت شیشێ کەبابیشمان نەخواردووە یان بێبسی لەگەڵ شیشە کەبابەکە... ڕۆژێ لەگەڵ بابە ڕۆیشتین بۆ کەرکووک... خۆم بەتەنیایی دوو شیش گۆشت و یەک بێبسیم خوارد... گۆشتەکە سوێر بوو... خۆمیش زۆرم خوێ لە کەبابەکە پژاند... هەر بێبسییەکەم خواردەوە و هەر ئاوم خواردەوە... تینوویەتیم نەدەشکا... زگم بای کردبوو... ئەوەندە شتم خوارد... دڵم نەدەهات بەیەکجارە بێبسییەکە بخۆمەوە... قومێ بێبسی و قومێ ئاو... پلێ گۆشت و قومێ ئاو... ئای چەندە خۆش بوو... دەی ئاخر ئیتر ئاومان بۆچییە... دوێنێ دایە ڕەحمە نەنکی هیوا بۆ دەسنوێژەکەی ئاوی نەبوو... لە قوتووەکەی من تۆزێ ئاو مابووەوە... دایە ڕەحمە دەگریا... ئاو نەبوو نوێژ بکات... هەر دەگریا و بانگی لە دایکی هیوا دەکرد و هەر دەگریا... دایکی هیوایان بردووە... کەس نازانێ بۆ کوێ... عەسکەرەکان بردیان... چنگیان خستە نێو پرچەکەی و کراسەکەیان دادڕی... مەمکی سپی و چاخی دایکی هیوا کەوتە دەرەوە... دایکی هیوا قیژاندی و بەهەردوو دەس مەمکەکانی داپۆشاند... یەکێ لە عەسکەرە ڕەشەکان هات و مەمکی دایکی هیوای گرت و هەڵی گلۆفی... یەکێ تریان هات و مژێکی لە جگەرەکەی دا و ئینجا چزاندی بەمەمکی دایکی هیواوە... دایکی هیوا لە عەزرەتا یەکێ لە مەمکەکانی و شانەکانی و زگە ڕووتەکەی لەبیر بردەوە و مەمکە سووتاوەکەی بەهەردوو دەسی گرت و زریکاندی... عەسکەرەکان ئەویشیان خستە سەیارەی ئافرەتە جوانەکان و بردیان... هیوا لەسەر دەس دایە ڕەحمە لەسەرخۆ چوو... من هیوا و دایە ڕەحمەم زۆر خۆش دەوێ... دایە ڕەحمە ئاوەکانی ناخوات دای دەنێ بۆ دەسنوێژگرتن... دوێنێ نازانم کێ هاتووە و ئاوەکەی ئەوی خواردووەتەوە و ئێستاکە دایە ڕەحمە هەر دەگری... ئاوەکە زەرد و سوێرە... میزەکەی من و هیواش سوێرە... قوتووەکەی



دایە ڕەحمەمان هێنا و میزمان تێکرد و دامان نا تا نەختێ سارد بووەوە و ئینجا ئەو چۆرە ئاوە وا لە قوتووەکەی مندا مابووەوە... کردمانە سەر میزەکەمان و دامان بەدایە ڕەحمە... ئەویش دوعای خێری بۆ کردین و بەپەلە دەسنوێژی گرت... هەر بۆنی ئاوەکەی نەکرد و قەت نەیزانی...

***

سەیارەکان پڕن لە ئافرەتی جوان و ناسک و گۆشتن و باڵا بەرز و کورتە باڵا... بەڵام زۆر قیژە و هەرایانە... سەگبابانە نازانن بۆ کوێیان دەبەن... بابە... دەتان بەن بۆ ماڵێکی خۆش و لە... باخەڵی زەلامێکی عەرەبدا دەتانخەوێنن... ئەم قەحبانە بۆ ئەوەندە جیقەجیقیانە... عەرەبەکان زۆر حەزیان لە ئافرەتی کوردە... ئەوان ڕەش و ئەمان سپی... وەکو دوو ماری ڕەش و سپی لەیەکدا دەئاڵێن و تێکەڵی یەک دەبن... سەیرە... ئۆف... وەکو دوو ماری ڕەش و سپی... ئەو کچە قژ کاڵە... ئەبێ خۆم داگیری کەم... حەقی خۆمە... بەحەجاج ئەڵێم «پارەم ناوێ... هیچم ناوێ تەنیا قژ کاڵێم دەوێ»... حەجاجیش... با... بەڵێ... پیسە... سەگبابە... بەڵام بابە... خۆ منیش لە ئەوانم... پێم دەڵێ «فەرموو... فەرموو... حەقی خۆتە... بڕۆ لەگەڵیا خۆش بە»... ئۆف... ئینجا وەکو دوو ماری نێر و مێ لەیەکدا دەئاڵێین و ئەیخلۆپێنمەوە و شان وەشانی دەکەم و قەپ لە لاڕان و مەمکە سپییەکانی دەگرم... ئۆف... ئۆف قژ کاڵێ گیان... سەگە چەندە گۆشتن و جوانە... بریا بمزانیبایە ناوی چییە... کوڕە لەوانەیە ناوی نەشمیل بێ... مێردەکەی خۆ لە کاتی بردنیا بانگی لێکرد نەشمیل... نەشمیلە و نەشمیلە... ئەی سەگباب چەندە کەیفی کردووە لەگەڵیا... ڕاوەستە بزانم... ڕەنگە دوو ساڵ یان سێ ساڵ بێ هێنابێتی... ئەگەر ڕۆژێ... سێ جار نا دووجار... دووجار لەگەڵیا خەوتبێ... دەکاتە... چەن جار... خۆ ساڵ سێسەد و شەست و پێنج ڕۆژە... ئینجا زەربی کە لە دوو... دەکاتە... دەکاتە بڵێین هەشت سەد جار... ئینجا... دوو ساڵیش ژنی بووبێ... دەکاتە چەن... چەن جار... چووزانم هەزار یان دوو هەزار جار ئەم سەگبابە لەگەڵیا خەوتووە...

ئەی مەزەب سەگی خوێن تاڵ... خۆ زۆریش جوان چاک نەبوو... وەکو نەشمیل گیان... ئۆف... دەیبەم و لەم چەن مانگە بەقەد دە ساڵ لەگەڵیا دەخەوم و ئینجا چی لێ دەکەن با بیکەن.

***

سەیارەکان پڕن لە ئافرەتی جوان و ناسک و پەشێو و خەمبار و ترسەنۆک. لە ماڵ و منداڵ و مێرد و خزم دوورەوە کەوتوون و بێ سەروشوێن، سەیارەکە خەریکە ئەیانبات. باش دەزانن چییان لە ئاکام دایە؛ بەڵام هەر بەترسەوە لە یەک پرسیار دەکەن و کزکۆڵە دەکەن و چاوە جوانەکانیان لە ڕواڵەتی یەکتردا، ڕادەمێنێ. نەشمیل هەر ئەسرین دەبارێنێ و کۆرپە ونبووەکەی دەلاوێنێ. ئامین ژان ئەیگرێت و جار جار دەقیژێنێ و ژنەکان لێی کۆدەبنەوە و هیچیان لە دەس نایێت و تەنیا دەگرین و خەمی بۆ دەخۆن. سەیارەکە ئەڕوات و قیژەکانی ئامینیش بەرزتر دەبێتەوە. دەرپێکەی ئامینیان دەرهێناوە و جار جار یەکێکیان بۆ ناوگەڵی ئامین دەڕوانێ و ئاخ هەڵدەکێشێ. ئامین لە کەمەرەوە بەرەو خوار، شەلالی زەرداو و خوێنە. یەکێ لە ژنەکان دەچپێنێتە گوێی نەشمیلدا و دەڵێ «سەراوی تۆقیوە... چی لێ بکەین... سەیری گۆشتی گیانت کرد چی لێ هاتووە؟»

***

ئەمڕۆش هیچ... هیچیان نەدامێ... تەنیا چۆڕێ ئاوی سوێر... چاوەکانم سۆیان نەماوە و هێزی دەست و پێم کە هیچ... هیچم تێدا نەماوە... ئەڵقەی زنجیرەکانم خڕ، خڕبوونەتەوە و هەر کات بمەوێ دەتوانم دەس و پێم دەرهێنم... وەکو مستێ پێشە و پلانم لێ هاتووە... کارێکم لێ نایێت و هەر لە سەگەکە ورد دەبمەوە... بەستەزمان سەگە ڕەشەکە... ئەویش لە تەقەڵاکردن کەوتووە و لەسەر زەوییەکە پەخش و بڵاو بووەتەوە... ئەوە چیمە؟... بۆ ئەڵێم بەستەزمان؟... داخۆ سەری چەندەها کوردی خواردبێ؛ داخۆ زگی چەندەها کوردی دڕاندبێ... ئەی سەگی پیس و چەپەڵ... بەڵام ئەو چی



بکات... ئەو بێ شەرەفانە... وایان لێ کردووە و فێری کورد خواردنیان کردووە... ئەو حەیوانە... خۆ هیچ نافامێ کورد چییە... عەرەب چییە... لاڕانی مرۆڤ چۆنە... گۆشتی بەران چییە... گۆشت گۆشتە... هەر زگی تێر بکات... ئێستا بەهەر جۆرە گۆشتێ... گۆشتی برژاو... گۆشتی کوڵاو... گۆشتی لە ڕۆنا سوورەوەکراو... گۆشتی ماسی... گۆشتی مریشک، گۆشتی... گۆشتی خاو... گۆشتی... گۆشتی... ئای چەندە خۆشە گۆشت... گۆشت خۆشە... پیاو ئاو دەزێتە زاریەوە... کاتی خواردنی گۆشت... تۆ پیاوی... خواردنی گۆشت وەبیرت دەخاتەوە... تۆ... هێشتا نەمردووی و ژیان دەکەی... گۆشت هێز و توانای پیاوە... پاش خواردنی گۆشت... سمێڵە چەورەکانت با دەدەی و... سەربەرزانە... لە ماڵ دەچیتە دەرەوە و... لەگەڵ دراوسێکانتا... تەوقە دەکەی... ئاخ... بەیانی حەجاج هات و ئەڵقەی هەردوو دەستمی کردەوە و ڕۆیشت... هەستم کرد لە کەلێنی دەرگاکەوە سەیرم دەکات... کاتی نیوەڕۆ کە ئاوە سوێرەکەی هێنا... دیسانەوە... زنجیری کردم... بەڵام نا وەکو جاری جاران... سفت و سۆڵ نەیبەستەوە... هەر پێویستیش ناکات... سفت بێ یان شل... چۆن هەر ئێسکەکانم ماونەتەوە... یانێ... حەجاج نازانێ هیچ پێویستێکم بەزنجیر نەماوە... ئەی سەگی کورد خۆر... تۆ ئیتر چیتە... تۆش لاواز و لەڕی... وەکو منت لێ هاتووە... ئاخر تۆ چیت کردووە... تۆ چ دەفامی دونیا لە دەستی کێ دایە... سەرۆک چییە... ژێر چەپۆکە کێیە... نیشتمان لە کوێیە... وڵات یانێ چی... تۆ هەر دەزانی من چەندە پێشمەرگایەتیم کردووە... چەند برام کوژراون... چیم کێشاوە لە ژیانمدا... کاتی کیمیابارانەکە کە گرتمیان... بیست ڕۆژ بوو جگە لە نان و دۆ هیچم نەخواردبوو... زگم وەکو دەهۆڵی لێ هاتبوو... بەڵام هێزی پاراستنی وڵات... وای لێ کردبووم... وەکو شێری نێرم لێ هاتبوو... لەو شاخوداخە... تیرم دەتەقاند و نرکەم دەهات... ئێستا چی... بوومەتە هاودەمی تۆ... تۆی سەگی ڕەش... ڕەشە سەگ... قەپۆز بەستراو... تینی چاوکوژراو... دەس و پێ لە کۆت... کەفی دەمیشی خۆ نەماوە... دەڵێی...

دەڵێی گوێرەکەیێکی ڕەشە... تازە لە دایکی بووە... شیرت دەوێ؟... تۆش گوانی دایکتت دەوێ؟... ڕەنگە وەکو... وەکو بەرخۆڵەیێکی سپی بیت؛ تازە بارەبارِ دەکەی و شوێنی گوانی دایکت دەگەڕێی... چیت دەوێ... ها؟... ڕەنگە ئەم کوڵک و مووەت وەکو پەڕ بێت... پەڕی مراوی... نا... پەڕی بۆقلەی ڕەش و سپی... نا... نا... لە بۆقلە ناچیت... وەکو... وەکو... کەروێشکی... نا... وەکو... چی... وەکو... کەڵەبابێک... یان... مریشکێ... ئاخر خۆت پێم بڵێ لەم کاتەدا تۆ لە چی دەچی و چۆن دێیتە بەرچاوم... دەی بڵێ... بڵێ...

***

مانگەشەو بوو. سێبەرەکان کەوتنە جموجووڵ. سێبەری چەکەکانیان لە سێبەری خۆیان گەورەتر دەینواند. سێبەری سەرۆک بەرەو جادەکە سەری کێشا و ناهومێدانە پاڵی بەدرەختێکەوە دا و جگەرەیێکی داگیرساند. لە پڕ هەموو سێبەرەکان دەستیان کردە گیرفانی پانتۆڵەکەیان و جگەرەیان دەرهێنا و دایان گیرساند. لە دوورەوە ئاگری جگەرەکان وەکو ژیلەمۆ وا لە سووتاندا بوون و هەڵدەقرچان. دوای قەدەرێک، جگەرەکان لە یەک ئان و ساتدا کوژانەوە و دیمەنی ژیلەمۆکان تێک چوون. سێبەری سەرۆک بۆ جادەکە ڕوانی و بەئارامی ئاخی هەڵکێشا و پاڵی دایە درەختەکەوە. سێبەرەکان بەپەلە ئاخیان هەڵکێشا و قۆناخەی چەکەکانیان بەخۆوە نووساند و بەدرەختێک پاڵیان دایەوە. لە پڕ سێبەری سەرۆک هەستایە سەر پێ و چەکی لە شان کرد و بەئارامی ڕوو لە جادەکە وەڕێ کەوت. سێبەرەکانی دیکە هەستان و چەکیان لە شان کرد و وەدووی ئەو کەوتن. سێبەری سەرۆک کەوتە بەر تیشکی بەربڵاوی مانگی چواردە و هەیبەتی درێژ بووەوە. هەیبەتی سێبەرەکانی تریش لەبەر تیشکی مانگدا درێژبوونەوە و سەرەکانیان گەیشتە سەر چڵی دارەکان. سێبەری سەرۆک خەمگینانە دەڕۆیشت و جگەرەی دەکێشا. سێبەرەکانی دیکە خەمگینانە دەڕۆیشتن و جگەرەیان بەدەستەوە بوو.

***



ئیدی ناتوانین بڕۆینە ئاودەسەکانەوە... پێمان لە گواوا دەچەقێت و جلە شڕەکانیشمان تێکەڵی گوو دەبێت... دایە ڕەحمە ئیدی نوێژی نەکرد... دەی وت خۆمانیش گووین... وەرن... گوو بکەنە بان سەری من... شەو بەنووزەنووزی هیوا بەخەبەر هاتم و بۆ لای ڕۆیشتم و ماچیم کرد و وتم... هیوا گیان... بۆ دەگری؟... هیوا وەڵامی نەدامەوە و هەر دەینووزاندەوە... وتم... هیوا گیان... بۆ دایکت دڵتەنگی؟... وەرە... وەرە ئامێزی من... هەرچی بێ من ساڵێک لە تۆ گەورەترم... تۆ هەشت ساڵانی و من نۆ ساڵیمە... من وەکو دایکی تۆم... بڕواناکەی؟ سەیرت کرد سۆزان تەنیا شەش ساڵییە و وەکو دایکێ... ئاگای لە برا دوو ساڵانەکەیەتی... سۆزان و کاوەش نەدایکیان هەیە و نەباوک... باوکی پێشمەرگە بووە و دایکیشی جوان بووە و بردوویانە... بریا جوان نەبوایە... نەنکت ڕاس دەکات وا هەر ئەڵێ تف لە جوانی... بەلەعنەت بێ جوانی... تۆ خۆ هێشتا نەنکت ماوە... ئەگەر منت ناوێ خۆ دایە ڕەحمەت هەیە... بەڵام من چی... تەنیا ئاکۆ و دایکم... ئیدی نەنەنکم هەیە... نەپوورم هەیە... نەبابم هەیە... نەبابە گەورەم هەیە و نەخوشکم هەیە... هیوا ژێر نەبووەوە... سەیری شوێنەکەی دایە ڕەحمەم کرد... دایە ڕەحمە لە سووچێکی ئەو ژوورە... لەنێوان تاریکییەکە... خەریکی شت خواردن بوو... ئای لە خواردن... چەندە حەزم لە خواردنە... ئاو زایە دەمم و بەئەسپایی بۆ لای ڕۆیشتم و وتم... دایە... چی دەخۆی؟... تۆ بێتو و خودا... تۆزقاڵێکیش بەرە با بیبەم بۆ هیوا... ئاخر لە برسانا هەر دەگری... دایە ڕەحمە بەئارامی پێکەنی و شتێکی خستە نێو دەستم... ئازا... بەرەو زارم بردم و ویستم بیخۆم... بەڵام بۆگەنی کوشتمی... دایە ڕەحمە گووی خۆی دەخوارد... لە برسانا شێت ببوو... قیژاندم و گووەکەم بۆ لای خۆی فڕێ دا و بەرەو هیوا هەڵاتم... هەموو کەس لە خەو ڕاچەڵەکین... بوو بەهەراهەرا... دایە ڕەحمە پێدەکەنی و سەلکە سەلکە گووی بۆ هەمووومان فڕێ دەدا و دەی وت... فەرموون گۆشت بخۆن... خۆم برژاندوومە... تۆ خودا بەشی هیواش بەرن... فەرموون... خۆم برژاندوومە...

هیوا لەسەرخۆ چوو... جاشەکان هاتن و حەجاجیش هات و بەقینەوە شەقی لە دەرگا دا... جاشەکان چوارپەلی دایەڕەحمەیان گرت و بەجنێو و کێشەکێش بردیان...

***

تەپوتۆز سەیارەکەی پڕ کردووە. ئامین بەردەوام دەقیژێنێ. یەکێ لە ژنەکان هاوار دەکات: «بەپاوە هاتووە... یا پێغەمبەر وەفریامان کەوە» ئامین دەقیژێنێ. ژنەکان دەگرین و نەشمیل بەرەو شووشەی پشت سەری شۆفێرەکە هەڵدێت و بەمستەکانی دەکەوێتە جەستەی شووشەکە. ژنەکان دەسووڕێنەوە و سەیری نەشمیل و ڕواڵەتی پڕ شەهوەتی شۆفێرەکە دەکەن کە لەو دیوی شووشەکەوە سەیری نەشمیل دەکات. لە ئان و ساتێکدا، سەیارە ڕادەوەستێ و ئامین هاوار دەکات. شۆفێرەکە دەرگاکە دەکاتەوە و دەڵێت... کاڵێ گیان چیتە... بۆ بانگم دەکەی... ئەوە چۆن زانیت منیش حەزم لێیە تۆ لە لامەوە بیت؟ ئامین دەقیژێنێ و شۆفێرەکە بەئاگا دێت: چییە خوشکە... مار داویە پێتەوە. نەشمیل بۆ لای شۆفێرەکە هەڵدێت. ژنەکان دەگرین. «تۆ بیت و خودا، ئەم ژنە خەریکە دەزایێ... مناڵەکەی...» شۆفێرەکە دەستی نەشمیل دەگرێت و ئەڵێت: دەی بەسیەتی ئیتر کاڵێ گیان... تۆ کارت بەمانەوە چییە... وەرە... وەرە لای خۆم بەقوربان... وەرە لە تەنیشتی خۆمدا دانیشە. ژنێک هاوار دەکات: بابە خۆ تۆ موسڵمانی. نەشمیل دەستی لە چنگ شۆفێرەکە دەردێنێ و بۆ ناو ژنەکان هەڵدێت. شۆفێرەکە تووڕە دەبێت و دەڵێ: ئەی... بەمەزەبت... ئاخر ئەمە خۆ تا دوێنێ لە گەوڕدا دەترەکی... ئێستا قیژەقیژی چییەتی... من چی لێ بکەم... ئاخر خۆ من... بەمن چی... من چی لێکەم... کاڵێ چی دەکەیت... دێیتە لای خۆم یا هەر لەنێو ئەم تەپوتۆزە دەمێنیتەوە؟ ئامین دەقیژێنێ. سەیارەکانی دیکە ڕادەوەستن. عەرەبێکی ڕەش دێتە پێشەوە و لەگەڵ شۆفێرەکە ئەکەوێتە دوان. ئامین دەقیژێنێ و شۆفێرەکە بۆ ئامین دەڕوانێ «چەن کەستان دەست و پێی بگرن و بیهێننە دەرەوە تا بزانم چ قوڕێکیان بۆتان گرتووەتەوە...



ئاخر هەر دەڵێم بێدەنگ بن... کەچی وەکو قەحبەکان هەر قیژەقیژیانە.» نەشمیل و چەن کەس چوار پەلی ئامین دەگرن و دەیهێننە دەرەوە. ژنێک شەدەکەی دەخاتە سەر زەوییەکە. خوێن و زەرداو لەژێر ئامینەوە چۆڕەی دێت. ئامین لەسەر شەدەکە دادەنێن. چەن عەرەبێک دێن و بەگاڵتە و پێکەنینەوە سەیری نێوگەڵی ئامین دەکەن. ژنەکان هورووژم دەبەن و پیاوەکان دەخەنە ئەولاوە. ئامین دەقیژێنێ و پیاوەکان بەقینەوە لە ژنەکان هەڵدێن و بەشەق و مست و زللە و قۆناخە تفەنگ ڕاویان دەنێن. هەرکەس بەرەو کۆتەدارێکی نیوە سووتاو هەڵدێت. عەرەبەکان دێنەوە سەر ئامین. نیوەی منداڵەکەی هاتووە و گەڵی کراوەتەوە و خوێن فشقە دەکات. عەرەبەکان بەپێکەنین و گاڵتەوە نووکە شەقی لێ دەدەن. چاوەکانی ئامین دەرپۆقیوە و هەست بەهیچ کەس و هیچ شتێ ناکات. تەنیا بەردەوام دەقیژێنێ. شۆفێرەکە چاوە پڕ شەهوەتەکانی بڕیوەتە نەشمیل و دەستی بۆ ناوگەڵی خۆی دەبات و خۆی هەڵدەگلۆفێ و بەرەو نەشمیل دەڕوات. نەشمیل دەقیژێنێ و ژنەکان بۆ لای ئەو هورووژم دەبەن. نەشمیل سەقام ناگرێت و بەچنگ و بەتف و مست بەر ئەبێتە جەستەی شۆفێرەکە. ژنەکانیش یارمەتی دەدەن. ئامین بەرزتر دەقیژێنێ و نووزەنووزی منداڵەکە تێکەڵی هەراهەرای ژنەکان و عەرەبەکان وا بەرەو ئافرەتەکان هەڵاتوون، دەبێت. ژنێک بەئەسپایی لەنێوان ئەو شەڕ و هاوار هاوارە بۆ لای ئامین دەڕوات و بەپەلە شاڵەکەی کەمەری دەکاتەوە و کۆرپەکە هەڵدەگرێ و بەبەردێکی نووک تیژ لە جووتەکەی جودای دەکاتەوە و دەیپێچێنێتە شاڵەکە و بەرەو پشت تاشەبەردێکی زەبەلاح هەڵدێت. یەکێ لە عەرەبەکان پێ دەزانێت و فیشەکێکی لێ دەتەقێنێ. فیشەک بێدەنگ ژنەکە دەڕۆخێنێ. ژن کۆرپەکە بەئارامی تل ئەداتە بن تاشەبەردەکە. ژنەکان ئەیکەنە قیژە و خۆکوشتن و بەبەرد و تف و شەق و مست و چنگ لە عەرەبەکان بەر دەبن. خوێن بەرچاوانی عەرەبەکان دەگرێت و کوڵتەکانیان دەردێنن و ژنەکان ئەدەنە بەر ڕێژنەی گوللە. گوللەیێک لە سەر، یەکێ لە

سینگ، دووان لە پەراسوو. قاقای عەرەبەکان و قیژەی ژنەکان یەک دەگرن. ژنەکان وەکو گەڵای پاییزی دەوەرێنە سەر زەوییەکە و دەکوژرێن. تەنانەت نەشمیل و شۆفێرەکەش دەکوژرێن. تیرێک بان مەمکی نەشمیلی کون کردووە و تیرێکیش مێشکی شۆفێرەکەی پژاندوەتە سەر کۆتەدارەکە. ئامین لە ترساندا دڵی تۆقیوە و بێ هیچ گوللەییێک گیانی دەرچووە. عەرەبێک نووکە شەقێکی لێ دەدات و لوولەی تفەنگەکەی دەنێتە نێوگەڵی ئامین و تیرێ دەردەکات. جەستەی بێ گیانی ئامین ئەشەکێتەوە و خوێن لەنێوان ددانە کلیل کراوەکانی ئەپرژێتە دەرەوە.

***

حەجاج... زنجیرەکان... کەلێنی دەرگاکە... وەڕەوەڕی سەگەکان... نووزەنووز... باڕەباڕ... سوێر... سوێر... «من بخۆ... هەموو جارێ من تۆم خواردووە... ئێستاکە ئەم ئەرکە لەسەر شانی تۆیە... ئێستا دەبێ تۆ من بخۆی... لە بیری خۆت نەبەیتەوە سەری دەیان کۆرپە کوردم خواردووە... گۆشتی من تەرچکە... چۆن... تەنیا خۆراکم گۆشتی کۆرپەکان بووە... لەوانی تر قێزم دەکردەوە... گۆشتی کۆرپە تام و چێژی ئاولەمە دەدا... بێ شک دەزانی ئاولەمە چییە... تۆ خۆت وتت ئێستا من لە گوێرەکەیێکی بێ دایک... بەرخۆڵەیێکی شیرەخۆرە یان بۆقلەیێک یان مریشکێک دەچم... چاوەڕوانی چیت... تۆ بێتو و خودا وەرە پێشەوە و دەس بەکاربە... سەدان جار ئەمن تۆم خواردووە... ئیدی ماندووم... لە مرۆڤ خواردن ماندووم لە مردوو خواردن بێزارم... ئێستاکە نۆرەی تۆیە... وەرە... وەرە پێشەوە...»

***

سێبەری سەرۆک ڕاوەستا و گوێی هەڵخست. دەنگی لوورەی حەیوانە وەحشییەکان ئەو دەڤەرەی پڕ کردبوو. سەرۆک دەستی برد و گەلەنگەدەنی چەکەکەی کێشا. سێبەرەکان گەلەنگەدەنی چەکەکانیان کێشا. سەرۆک تەقەی کرد. سێبەرەکان تەقەیان کرد. دەنگی لوورەی حەیوانەکان بڕایەوە. سەرۆک کەوتەڕێ. سێبەرەکان وەدوای ئەودا. مانگەشەو بوو. شیبا هات و



شەدەییێکی نەرم و ناسکی خستە سەر لوولەی چەکەکەی سەرۆک. سەرۆک خەمین و خەفەتبار شەدەکەی بۆن کرد و لە مستیا هەڵی گووشی. سێبەرەکان پەخش و بڵاوبوونەوە و کۆمەکۆم بن هەموو درەختێک و تاشەبەردێک دەگەڕان. سەرۆک دانیشت و دەستی لە پرچێکی ئاڵۆزاو خست و ئەسرینی بەسەر جەستەیدا باراند و شەدەکەی بەڕوویدا کێشا.

سێبەرەکان هەر کامەیان بەسەر جەستەی ژنێکی کوژراودا، ئەسرینیان دەباراند. نووزەی کۆرپە، سەرۆکی بۆ لای خۆ کێشا. سەرۆک، کۆرپەی لەبن تاشە بەردەکە هەڵگرت و ماچی کرد و بەخۆیەوە نووساندی. سێبەرەکان گۆڕێکی گەورەیان کەند و ژنە کوژراوەکانیان بۆ ناو گۆڕەکە ڕاکێشا.

مانگی چواردە سەرچڵی دارەکان و بان تاشە بەردەکان و کێلی چکۆڵەی سەر گۆڕە گشتییەکەی ڕووناک کردەوە. شیبا هات و دەنگی نووزەنووزی کۆرپەیێک و پرمەپرمی گریانی سێبەرەکانی لەگەڵ خۆ هێنا و ئاراستەی درەختەکان و تاشەبەردەکان و گۆڕە گشتییەکە کرد.

***

سێ ڕۆژ لەمەوپێش ئاکۆی برام مرد و زابتەکان هاتن بردیان... دایەم نەخۆشە... هیواش نەخۆشە... هیوا لە برسانا نەخۆش کەوتووە... لەو شەوەوە دایە ڕەحمە مرد... هیوا یاوی کردووە و... بۆ پلێ گۆشت... شیشێ کەباب... دەپاڕێتەوە... منیش نازانم چی بکەم... ئیدی ناوێرین بەرەو ئاودەسەکان بڕۆین... پڕاوپڕن لە گەن و گوو... بەیانی هیوا هەستایە سەرخۆ و دانیشت... بەپەلە تۆزێ ئاوی سوێرم کردە زاری دایەم و جێگەکەیم چاک کرد و بۆ لای هیوا ڕۆیشتم... هیوا وتی... ئیدی یادم نییە... چاک بوومەتەوە... بەڵام ژانم کردووە... بڕۆین بۆ ئاودەس... بەرەو ئاودەسەکان ڕۆیشتن... لە بۆگەنی ئەوێ... هیوا ڕشایەوە... بۆ لای دەرگا ژەنگاویەکەی بن هۆڵە تاریکەکە هەڵاتین... ئیدی قفڵی پێوە نەمابوو... بەڵام بەگوریسێکی چڵکن دەرگاکەیان بەجێ قفڵەکە بەستبوو... سەرم نایە کەلێنی دەرگاکەوە و بۆنم کرد...

بۆنێکی نامۆ هات بەلووتمدا... هەر شتێ بوو لە بۆنی ئاودەستەکان نەدەچوو... سەیری هیوام کرد وا لەسەر زەوییەکە دانیشتبوو و دەستەکانی بەزگیەوە گرتبوو و پێچی لەخۆ دەدا... وتم هیوا گیان... لێرەوە هیچ بۆنێکی پیس نایەت... تەنیا قەدەرێک ڕاوەستە... با ئەم... گوریسە بپچڕم... ئینجا... گوریسەکەم کردەوە و بەچەن لەقە دەرگاکەم ئاوەڵا کرد... سەیری هیوام کرد... هیوا لە تۆقیندا بوو و کۆمەکۆم خۆی کێشایە پێشەوە و لە تەنیشتی مندا ڕاوەستا... ژوورەکە تاریک بوو... دەنگی خرچەخرچی شتێک لەبن ژوورەکەوە هاتە گوێمان... تۆزێ لە دەنگەکە نزیک بووینەوە... لە پڕ جوولەجوولێ لە نێوان تاریکییەکە بەرچاومان کەوت... بەپەلە شقارتەکەم لە گیرفانم دەرهێنا و دەنکێکم ڕۆشن کرد و لە جێگای خۆمدا مت بووم... هیوا ژانی زگی لەبیر چووبووەوە و ماقی پەری بوو... پیاوێکی کولڵکن و ڕەش و ڕووت و لاواز... خەریکی کڕاندنی شتێکی پیس و ڕەش بوو... شتەکە وەکو جانەوەرێک هاتە بەرچاومان... خوێن دەم و پلی پیاوەکەی سوور کردبوو و چزەیێک لە نووکی ئەنگوستمەوە هات و لە دەرپێکەی هیواش بەدەنگ و هەرا و تەقەتەق ئاوێکی لیق و زەرد و بۆگەن ڕژایە بەر دەرگاکە و شقارتەکە کوژایەوە...

***

دایەم هیلاکە... ئیدی ناتوانێ ئاوە سوێرەکەش بخواتەوە... کاتێ زابتەکان بەشە نانەکەی هەموومان دێنن، دایەم وریا دەبێتەوە و دەکەوێتە جوولەجوول و ورتەورت... بەشەکەی وەردەگرێ و بزەیێک دای دەگرێ... کە زابتەکان دەڕۆن... سەرلەنوێ لەنێو پێخەفە پیسەکەی پەخش و بڵاو دەبێتەوە و نانەکە دەخاتە نێو دەستی من و بەچپەچپ دەڵێت: وەرە کچەکەم... وەرە بیخۆ... تۆزێکیش بەرە بۆ هیوا... با لانی کەم تۆ نەخۆش نەکەوی... دەگریم و دەڵێم ئەی خۆت... دەڵێت... ڕۆڵە کارت بەمنەوە نەبێت... بزەیێک دەنیشێتە سەر لێوی و دەڵێت... ئەو کاتە وا چاک بوومەوە لەگەڵتا حەسێبی دەکەم... ئینجا من بەشە نانەکەی تۆ دەخۆم.



ئەسرین لە چاوەکانم ئەسرێتەوە و دەڵێ... بڕۆ... بڕۆ... لەگەڵ هیوا کایە بکە... پشتم لێ دەکات و خۆی دەکاتە خەو... کاتێ کە یاو دەکات... هەر لە ئاکۆی برام بانگ دەکات و ئەنووزێتەوە... لەو ڕۆژەوە وا ژوورە تاریکەکەمان ئاوەڵا کرد... هیوا هەر باسی ئەو پیاوە ڕەش و ڕووتە دەکات... هەر باسی ئەو دەکات و قیزم دەشێوێنێتەوە... ئەڵێم دەی بەسیە هیوا... ئەگەر هەر باسی ئەو کابرایە بکەی... ئیدی لە بەشە نانەکەی دایەم هیچت نادەمێ... هیوا... هەموو کاتێ بێدەنگ ئەبێت تا دوای خواردنی بەشە نانەکەی دایەم... دیسانەوە سەرلەنوێ دەست پێدەکات... دوێنێ بەیانی... لەگەڵ هیوا سەرمان دەکێشایە نێو قاعەکانی ترەوە... هیوا لە پێشەوە و منیش وەدوایدا ئەڕۆیشتم... دەرقنگی دەرپێکەی خوێناوی بوو... ترسام و وتم هیوا... هێشتا لەجیاتی میز... خوێن دەکەی؟... وتی ئا... وتم... با لە جاشەکەی بدرکێنین... حەبت بۆ دێنێ و چاک دەبیتەوە... ئازا دای لە پرمەی گریان و وتی: نا... نابێ بیدرکێنی... ئەگینا دێن و دەمبەن و دەمخەنە بەر سەگە ڕەشەکان... تۆ خودا هیچی پێنەڵێیت... وتم باشە... باشە... هیچ ناڵێم...

***

دایەم لە دەم و زمان کەوتووە... دوێنێ ئایشێ هات و وتی: لای جاشەکە نەیدرکێنی دایەت نەخۆشە... ئەگینا حەجاج دێت و دەیبا و دەیخاتە بەر سەگەکان؛ وریای دایەت بە کچێ... مەهێڵە بمرێ... ئایشێ کە وای وت دام لە پرمەی گریان... ئایشێ لە ئامێزی گرتم و وتی دایەت خۆ نامرێ... تۆ گەورەی کچەکەم... مەترسە... هەروا وتم با لای جاشەکە باسی نەکەی... وتم: ئاخر پووریێ ئایشێ من باسی کێم بۆ جاشەکە کردووە... ئاخر کەی... پووریێ ئایشێ دەستی بەسەرم داهێنا و وتی: مەگەر خۆم... چەن کەڕەت... نەمبینیوە جاشەکە... بەدزییەوە شکلاتی پێ داوی... خۆم دیم ئەو ڕۆژە... بیرتە... وریای کوڕم چەندە پاڕایەوە هەر تەنیا تۆزقاڵێکیشت پێ نەدا... بۆ... بۆچی ئێمە نازانین جاشەکە... لەنێو ئەم گشتە خەڵکە... هەر بۆ تۆ

شتومت و خواردەمەنی دێنێ... لە پڕ دەنگی پووریێ ئایشێ گۆڕدرا و لێم دوورەوە کەوت و درێژەی بەقسەکانی دا و وتی: بۆ... تۆ مەگەر چیت... ها... ئاخر... دەڵە سەگ، خراپ دەڵێم وریای دایەت بە و... لای جاشە کەرەکە مەیدرکێنە... من هەر دەگریام و چەن کەس لە ئایشێ هاتنە قسە و وتیان... دەی بەسیەتی ئایشێ... چیت لەو داماوە گەرەکە... پووریێ ئایشێ بەدەم جنێو و قسە... لە قاعەکەی ئێمە ڕۆیشتە دەرەوە... دەڕۆم و لای دایەم کزکۆڵە دەکەم... ئەم جاشە... پیاوێکی باشە و... لەگەڵ مندا زۆر میهرەبانە... هەرکاتێ کە بۆ ئێرە دێت... دەڵێت... کیژە جوانەکەی خۆم... بووکە شیرینەکەی خۆم... تۆ دەخوازم بۆ جەمالی کوڕم... ئینجا پێدەکەنێ و بەدزییەوە تۆزێ... خواردەمەنی ئەخاتە نێو گیرفانەکانم... تف لە جەماڵە چڵمن... زۆر چاخ و قەڵەوە... ڕۆژێکیان جاشەکە... جەمالی کوڕی هێنابووە حەوشی ئۆردووگاکەوە... هات و وتی: وەرە چاو جوان... وەرە جەمالی کوڕم هاتووە لەگەڵتا... کایە بکات... ئەو کاتە دایەم... هێشتا نەخۆش نەکەوتبوو... دایەم بەسرتەوە وتی نەچی هاا... بەڵام من خۆم دا لە کەڕی و بەپەلە لەگەڵ جاشە پیاوچاکەکە ڕۆیشتم بۆ حەوش... جەماڵە سک زل... خەریکی خواردن بوو... لە سووچێکی حەوشەکەوە دانیشتبوو و نایلۆنێک لە باوەشیدا بوو... نایلۆنەکە پڕ بوو لە قاشوولکە و کەلوپەلی کایەکانی... گیرفانەکانیشی لە توو، شکلات و کلووچە ئاخنی بوو... جەمال زۆر قیزەوەنە... بەڵام بەزمان گرتم و تۆزێ ؛ بەقاشوولکەکانی کایەمان کرد و... ئاخری... وتم... وەرە بیکەینە میوانی میوانی... وتی خۆ من کچ نیم... وتم دەی باشە دووکاندار دووکانداری بکەین... وتی باشە... قاشوولکەکانمان هاوێشتە سەر زەویەکە و خواردەمەنیەکانی گیرفانی ئەومان خستە نێو نایلۆنەکە و من بووم بەدووکاندار و... ئەو ئەهات و لە من... کەلوپەلی دەکڕی... تووی دەکڕی... کلووچەی دەکڕی... خەریکی کایەکەمان بووین لە پڕ حەجاج هات و لە قاشوولکەکانی هەڵدا و منیش هیچم پێ نەکرا... نایلۆنی خواردەمەنیەکانم هەڵگرت و بەرەو قاعەکان هەڵاتم... حەجاج



دەستی بەمن نەگەیشت و بەرەو جەمال هەڵات... جەمال ڕای دەکرد و دەگریا و حەجاج بەزمانی خۆی دەیقیڕاند... ئیدی من هیچم نەدی... تا دوو ڕۆژ لەگەڵ هیوا شکلات و کلووچەمان خوارد و بەشی کوڕەکەی ئایشێمانیش نەدا و هەر پێکەنین.

هیوا دێت و لەکنم دادەنیشێ... من هەروا لە خۆما گرمۆڵە بوومە و بیر لەو ڕۆژەکەی جەمال دەکەمەوە و بیر لە قسەکانی پووریێ ئایشێ... هیوا دەڵێت... هەستە بابڕۆین کارم پێتە... لەگەڵیا دەڕۆم... هیوا شتێکی لەژێر کراسەکەی شاردووەتەوە... ئەمباتە نزیکی ژوورە تاریکەکە وا گوریسەکەی پێوە بوو... ژوورەکە کەسی تێدا نەماوە و دەرگاکەی ئاوەڵایە... دەڵێم: بۆچی ئێرە هاتووین؟... ئەوە چییە لەژێر کراسەکەت گرمۆڵە بووە... چاوەکانی هیوا بریقەیان دێت... ئەڵێم چییە ها!؟ خواردەمەنییە؟ خەیارە؟... هیوا هیچ ناڵێت و بەئارامی دەسماڵێکی پیس... لەژێر کراسەکەی دەردێنێ و لەسەر زەوییەکە... دادەنیشێ و... دەڵێت... سەیری کە... منیش دادەنیشم... دەسماڵەکە لە نێوانماندا دادەنێ... دەستی بۆ دەبەم... بەپەلە دەستی لەسەر دادەنێ و... دەڵێت ڕاوەستە؛ دەستم دەکێشمەوە دواوە... دەسماڵەکە دەکاتەوە... ئەی کوڕی پیس و نەگبەت... ئەمانە چین... هیوا... تۆ مەگەر شێت بوویی؟... بزەیێک ئەیگرێت و دەڵێت: سەیریان کە... چەندە... گۆشتیان پێوەیە... کلکی یەکێ لە ئەسپێ مردووەکان دەگرێت و ئاوەژوو... لەبەر چاوەکانی مندا... ئەیلەقێنێتەوە... بۆ کەباب باشن... بەقیزەوە دەقیژێنم و دەڵێم... لاچۆ نەگبەت... تۆ شێتی... شێت... خۆ ئەمانە بخۆی... دەمری... بەپەلە ئەسپێکە دەخاتەوە نێو دەسماڵەکە و دیسانەوە گرمۆڵەی دەکات و دەیخاتە ژێر کراسەکەی... لێوەکانی هیوا تەڕن و چاوەکانی بریقەیان دێت... بەهێواشی دەڵێت: تۆ ناخۆی... ئیدی بۆ هاوار... دەکەی... بەرەو لای دایەم هەڵدێم.

***

دایەم مرد... زابتەکان هاتن و بردیان... پووریێ ئایشێ لە ئامێزی گرتم و

بەدەم گریانەوە وتی: بێدەنگ... ئەگەر هەر بقیژێنی و هاوار بکەی... حەجاج توورە دەبێت و... تۆش دەبات... منیش بێدەنگ هەر دەگریم و بەهێواشی قژەکانم دەکێشم و خەفەت دەخۆم بۆ دایەم... ئیدی هیچ کەسم لەم دونیایە نییە... بەچاوەکانم بۆ هیوا دەگەڕێم تا باسی دایەمی بۆ بکەم... بەڵام هیوا دیاری نییە... ئێستا تەنیا هیوام هەیە... هیواش هەر منی هەیە... من و هیوا بێ کەسین... هەر دەگریم و دەگریم... پووریْ ئایشێ تا ئێوارە لەکنم دادەنیشێ و ئاخرەکەی... ئەڕواتە لای وریای کوڕی... هیوا هەواڵێکی نییە... شەو دێت و هیوا ناگەڕێتەوە... ئەڕۆم بەدوای هیوا دەگەڕێم... لە هیچ شوێنێک نییە... بەرەو ژوورە تاریکەکە دەڕۆم... دەنگەدەنگێ دێتە گوێم... زابتەکانن... خۆم دەکێشمە بن دیوارەکە و سەیریان دەکەم... دووان لە زابتەکانن... هەر کامەیان... پەلێکی هیوایان گرتووە و لەگەڵ خۆیان ئەیبەنە نێو حەوشەوە... لەبەر دەرگای ژوورەکە ئەسپێ سووتاوەکان و دەسماڵە پیسەکەی هیواش وا تۆزێکی سووتاوە... داکەوتوون... دەسماڵەکە هەڵدەگرم و بەرەو ژوورەکەمان هەڵدێم.

***

ئیتر هیوا نەهاتەوە... ئەمنیش یاوم کردووە و لە باوەشی پوورە ئایشێ دام... جاشە پیاوچاکەکە... دێتە نێو ژوورەکە و دەڵێت... وەرنە پێشەوە... ئەوانە وا ناویان دەخوێنین... یەکەیەکە... بێنە پێشەوە... ئیدی ئازاد دەبن... ئەتان بەنەوە بۆ لای خزمەکانتان... پووریْ ئایشێ بەسرتەوە دەڵێت... هەڵسە هەڵسە سەرخۆت... با نەزانن نەخۆشی... هەڵسە ئیدی ڕزگاربووین... بەلەرزەلەرز هەڵدەستم... پووریْ ئایشێ سەیری دەرپێکەم دەکات و چنگێ لە ڕوومەتی خۆ دەخات و دەڵێت... وەی... ڕۆڵە... دەرپێکەت خوێنینە... وەرە... وەرە پێشەوە با پاکی کەمەوە... با زابتەکان پێتی... نەزانن... بەپەلە چنگ دەخاتە نێو خاک و خۆڵی زەویەکە و دەیکێشێتە دەرپێ خوێناوییەکەمەوە و دەمخاتە پێشەوە و دەڵێت... پێکەنە... پێکەنە با نەزانن... با نەزانن... پێکەنە...

***



تەواو... چیرۆکی ئەنفالم تەواوکرد. ماوەی دوو هەفتەی خایاند. نووسیم و تەواوم کرد؛ بەڵام نەمتوانی ناوێکی جوان و تایبەتی بۆ دانێم. تەنانەت پێشیا نەچوومەتەوە. ئیدی نامەوێ بڕۆم بەقەرەیدا... ڕاستییەکەی قەت ڕازی نیم و ئەمە، ئەوە نییە وا دەمویست. هەڵبەت چیرۆکی تایبەت بەئەنفالی لێ دەرهاتووە ... با... بەڵێ بەڵام جگە لە چەن دیمەنێکی کورت، کارێکی نوێم نەکردووە و شتێکی ئاوەهام نەخوڵقاندووە. هەر دووپاتکردنەوەی دەردەکانی ئەو مرۆڤانەیە وا ئەنفال کراون... دەی ئەمانە خۆ بەشێوەگەلێکی جۆراوجۆ، لەلایەن دەیان کەسەوە، بەشیعر و لێکۆڵینەوە و تەنانەت چیرۆکیش وێژراون، ئەی من چی، من چیم کردووە. نا. ڕازی نیم. نامەوێ. پێم وابوو خەم و خەفەتەکەم تا ئەو ڕادەیە کە بتوانم شتێکی نوێ بڵێم، دەرمانێک بۆ زامەکانی ئەنفال. بەڵام نەمتوانی.

ئەو کچە وا زۆرتر لە هەموو کەس، لە چیرۆکەکە دیارە و باسی دەردەکانی نێو ئۆردووگاکە ئەڵێتەوە، خەمەکەمی زۆر پترکردووە. هەرچەن تا ئاخریشی نەمزانی ناوی چییە، بەڵام ئەو کچە بەو زمانە منداڵانەیەوە، لە کامێرای بیری کچۆڵەییێک، باش نیشان دەدا چەندە ڕەنجی کێشاوە و خەمەکانی زۆر گەورەیە. پێم وایە تەنیا دووپاتکردنەوەی دەردەکانی ئەو کچە لەلایەن منەوە، وەکو نووسەرێک، کارێکی گرینگ نییە. ئەو کچە وا هەر ناویشم نەزانی تووشیاری دەردێک بووە کە هیچ دەرمانێکی بۆ نییە. کەس ناتوانێ کارێکی بۆ بکات. ڕەنگە هەر نەمێنێت و ئەویش وەکو هیوا و ئاکۆ و دایکی، قوربانی کارەساتی ئەنفال بێ. کاتێ کە هەموویانم دەنووسی، بەسەر ڕەوایەتی دەردەکانیاندا، ئەسرینم دەبارییە سەر لاپەڕەکان؛ بەڵام هەر گریان دەبێ بەچی. زۆر کەس هەن وا باسی ئەنفالیان بیستووە و کتێبیان لە بارەی کارەساتەکەوە خوێندوەتەوە و ئەنفال گەڕاوەکانیشیان بینیوە و زۆریش گریاون، بەڵام کەس هیچی لێ نەهاتووە و کارێکی بۆ ئەوان نەکردووە. خۆ من ناتوانم ئۆقرە بگرم و بەنووسینی ئەم چیرۆکە کارەکە تەواوکراو بزانم.

***

نا... دەسـبـەردارم نین. بەتایبـەت ئەو کـچـە. ڕۆژ بەدوای ڕۆژ و شـەو بەدوای شەودا، دەخاپێنم و هیچ. دەنگیان، وێنە شپرزەکـانیـان، تۆختر و تۆختر، دەبیسم و لە مێشکی خۆمدا دەیانبینمەوە. تەژیم لە درێژەپێدانی چیرۆکەکە، تەژیم لە تۆڵە... تۆڵە لە کێ؟ لە چی؟ لە سیستم؟ لە کیمیا؟ لە مرۆڤی لیدری پیس و بەدکردار؟ کەی تۆڵە بسێنمەوە؟ چی بکەم؟ لە قـامـووسی مندا، تۆڵـە مـانایێکی نیـیـە. لای من چاکـتـرین ڕێکار، ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتییە بەسەر سیستمی مرۆڤ کوژدا، بەڵام، ئەو کچە وازم لێ ناهێنێ.

***

کـاتەکـانی خۆم پڕ دەکەم لە مـیـوانی و پیاسە لەگەڵ شـیـوای هاوڕێم و قـیـژەقـیـژ بەسـەر کـوڕە نۆ سـاڵانەکـەم و جـارجـارێکیش یـاری کـردن و مـاچکردنەوەی و ئاشـتی لەگـەڵیـا. ڕووناک ڕۆیشـتـووە بۆ سـەقـز. دوێنێ بەمـوبایلی مێـردەکەی لە سـەقزەوە زەنگی بۆ دام. دەنگی لێـواولێـو بوو لە خۆشی. دوای چەنێ چەرمەسەرێ و شەڕ لەگەڵ مێردەکەیدا ڕۆیشتووەتەوە بۆ سـەقـز لای دایکی و خـزم و تایفـەکـەی. ڕووناکم زۆر خـۆش دەوێ. هاوڕێیـێکی چاکـە. بەمـوبایلی مـێردەکـەی زەنگی بۆ هەمـوو کـەس داوە، تەنانەت ئەوانیشە وا لە دوور وڵاتن و نایەوێ کەس ناویان بزانێ. بڕیاری داوە تا چەن ڕۆژێکی تر بگەڕێتەوە. کوڕە گەورەکـەشم یەک، دوو ڕۆژێکی تر لە سەفەر دێتەوە.

ناوێرم لە مـاڵدا دانیـشم. لاپەڕەکـان بۆ لای خۆیان دەمکێشن. کـاتی نووستن، خەون بە ئەو کچە و هیواوە دەبینم، تەنانەت بەجاشە پیاوچاکەکە و سەرۆکی سێبەرەکانیش خەو دەبینم، بریا ڕووناک زووتر بهاتبایێتەوە.

***

ڕووناک هاتەوە. هەر لە یەکەمین ڕۆژدا، بۆ لای ڕۆیشـتم و بەرەو پارکی سـپـیـدار هەڵاتین. لە شـیـوایش دەنگمـان کـرد. ئەویش هات. منداڵەکانیشمان برد. تا سەعاتی دە لەوێ بووین. ڕووناک باسی خۆی کرد



و باسی ڕۆژانی ڕابردووی لە سەقزدا. ڕەنگی ڕواڵەتی زۆر جوانتر بووەوە. کتێبێکیشی لە نەجیبە بۆم هێنا بوو، کاری تازەی نەجیبەیە، وەرگێڕانێک لەسـەر چیـرۆکـەکـەم بۆی کـرد و لای درکـاندم چۆن و چیم بەسـەرهاتووە و چەندە سەرگەردانی دونیای ئەم چیرۆکەم و کەچی ناتوانم درێژەی پێ نەدەم و ناوێرمـیش بەم زوویـیـیـە دەسـتـی پێ بکەم. نازانم بۆ. ئەمـەوێ زۆرتر لەگەڵ ڕووناکدا کات بەسەربەرم، ڕەنگە باسی ئەم چیرۆکە بیرمەوە و، وازم لێ بێنێ و هەر لەوێ وا تەواوم کردووە، تەواو ببێ.

***

ڕووناک نـاتوانێ. کـارێکی تایبـەتی بۆ پێش هاتووە و کـەچی ئـیـدی ناتوانێ هەمـوو ڕۆژێک لەگـەڵمـابێ. پەنا دەبەم بۆ شیـوا. شیـوا ئێـوارانە ڕۆیشـتـووەتە مـەتەب و بووەتە دەرزی وەشێنی دوکـتـۆرێک و بەیانیـانیش ئەرکی مـاڵ و کـارەکـانی خۆی هەیە. خـۆ وەختـە شێت ببم. هەر لە مـاڵ دادەنیـشم و سـەیری لاپەڕەکـانی چیـرۆکی ئەنفـال دەکـەم. دەنگەکـان وەکـو ویزەویزی مێشـوولەکان وەختە کەڕم بکەن. بەرەو شەقام هەڵدێم. بۆ مـاڵی پوورم، بۆ ماڵی دایکم، کەس لە ماڵدا نییە.

***

ئەمـشـەو مـیـوانمان بۆ دێت. خـەریکی پاک و خـاوێن کـردنەوەی مـاڵەکـەمانم. هەمـوو جێگام خاوێن کـردووەتەوە، تەنیا ژوورە چکۆلەکەی خۆم مـاوە، ژووری «خـۆم»ی چی. بەرۆژدا هی کـوڕەکـانمە و شـەوانە کـاتی خـوێندن و نـووسین هی منە؛ بەڵام کـاغـەزەکـان و پێنووسـەکـەم لەوێدان. ناوێرم بەرەو ئەوێ بڕۆم. دەترسم. لە دەنگی حـەپەحـەپی سـەگـەکـان، نووزەنووزی هیـوا و فرتەفرتی ڕاکردنی ئەو کچە و دەم و پلی خوێناوی ئەو پیـاوە و قـیـژەقـیـژی ئامین، لە هەمـوویان دەترسم. دەرگـاکـە قـفڵ دەکـەم و بەقـەرەشی ناکـەوم و بۆ لای کـوڕە گـەورەکـەم دەڕۆم وا تازە لە سـەفـەر هاتووەتەوە.

***

«کلیلی ژوورەکەم ون کردووە» ئەمەم بەمێردەکەم وت. دوو ڕۆژی خایاند. کوڕەکان ئامرازی کایەکانی خۆیانیان دەویست و هەر بیانوویان دەگرت. ڕۆیشتم بۆ بازاڕ. کە هاتمەوە کەس لە ماڵدا نەبوو. میوە و گۆشتەکە وا کڕی بووم، بەماندوویی لە حەوشەوە دام نا و تۆزێ لای حەوزەکە دانیشتم و پشوویێکم دا و دیسانەوە هەڵسام و چوومە نێو هاڵەکە. لە هیچ سووچێک، دەنگی نەدەبیسترا. کوولێرەکە ڕۆشن بوو و فێنکاییێکی خۆش هەوای ماڵەکەی ئاخنی بوو. سەیری ژوورەکەم کرد و هەرچیم بەدەستەوە بوو دام خست و بەرەو ئەوێ هەڵاتم. دەرگاکە ئاوەڵا بوو و چەن دەنکە پێچ و لەولاوە، لەسەر مۆکێتەکە داکەوتبوو. مێردەکەم کاری خۆی کردبوو، لە نەبوونی مندا، کلیل سازی هێنابوو و قفڵی ژوورەکەی کردبووەوە. کوڕەکان جانتای وەرزشەکەیان هەڵگرتبوو و لەگەڵ باوکیان ڕۆیشتبوون بۆ فووتباڵ. لاپەڕەکان بەرەو لای خۆیان پەلکێشمیان کرد.

ئیدی هیچ ڕێگاییێکی تر نەمابوو. ڕۆیشتم و دەرگاکەم پێوەدا. دەنگی سەگەکان وەختەبوو شێتم کەن، لە پڕ کچێ بانگی کردم. سێبەرەکان ژوورەکەیان تەنی و قیژەی نەشمیل و نیگای حیزی شۆفێرەکە و تەقەتەقی کوڵتی عەرەبەکان و گوللەکان و نووزەنووزی هیوا و کۆرپەی بن تاشەبەردەکە... هاتن... هاتن... بۆنی کیمیا و بۆنی تۆز هەوای ژوورەکەیان ئاخنی. ئەنگوستم لەبان ئاوێنەکە دانا. ئاوێنە شەڵەقیا. بەپەلە ئەنگوستم دەرهێنایەوە، ئەنگوستم لە کتێبەکان دانا. کتێبەکان لەرینەوە و قوڵتەقوڵت، هەڵقوڵین. ڕەسمەکان یەکە یەکە تۆخ و تۆختر بوونەوە و بریقە کەوتە چاوانیان. بەپەلە هەڵسام و بەرەو دیوارە سپی و بێگەردەکە وا ڕەسمی منداڵی خۆمی، لە قاپێکی جواندا، لێ هەڵواسرابوو، ڕۆیشتم و سەرم لە دیوارەکەنا. دیوارەکە وەکو پانتایی ئاوێکی ڕوون و شیرین، شەپۆڵی دا و لە خۆیدا هەڵی لووشیم.

***

ئەشکەوتێکی نیوە ڕووخاو و کاولکراوە. تەنیام. تەنیا سام دەمگرێت.



ئەمە چ کارێک بوو. ئەی بەلەعنەت بیت پیاو. ئەگەر قفڵ سازەکەی نەهاوردبایێ، ئەگەر قفڵەکەی نەکردایێتەوە... ئەگەر بۆ بازاڕ نەڕۆیشتبایەم... ئەگەر بۆ لای دەرگا ئاوەڵاکە نەڕۆیشتبایەم... ئەگەر... بریا ئەم چیرۆکەم هەر دەس پێ نەدەکرد.

ڕەنگە ئێستا پشیلەکە بڕوات و گۆشتەکە بخوات. بیرمە دەرگای هاڵەکەم پێوە نەدا و نەم بەست. چی بکەم، ئەی... «زێنەب... زێنەب ترساوی؟» «زێنەب گیان نامناسی؟» «زێ...نە...ب... زێ...نە...ب...». ڕچاو و داماو دەسووڕێمەوە، کچۆڵەییێکی لاواز و چاوڕەش لەبن ئەشکەوتەکەوە بەرەو من دێت و بەدەنگێکی ناسک و ئاهەنگین بانگم لێ دەکات. لە پڕ دەستەی سێبەرەکان، جگەرە لە دەس، لە بن میچەکە خلۆر دەبنەوە و دەخزێنە خوارەوە و دوورتر لە من بێدەنگ، ڕادەوەستن. سێبەری سەرۆک، مژێکی قووڵ لە جگەرەکەی ئەدات و سێبەری دووکەڵەکەی، بۆ ساتێ ونی دەکات. سێبەرەکان مژی قووڵ لە جگەرەکەیان دەدەن و بۆ چەن ساتێک لە پشت دووکەڵی جگەرەکانیانەوە ون دەبن. «زێنەب گیان، زێنەب تۆڵەی منیش ئەسێنیتەوە؟... تۆ خودا، منیش وەکو بەیان زیندووکەرەوە... ئەمەوێ وەکو بەیان بژیم... باشە؟ باشە زێنەب گیان؟». هیوایە کە ڕەنگ زەرد و نەخۆش دێتە پێشەوە و داوێنم دەگرێ. گلێنەی چاوەکانی زەردی زەردن. ئەڵێمک ئەی بریقەی چاوەکانت چییان لێ هات؟ ئەڵێت: ئەگەر تۆ بتەوێ دیسانەوە بریقەیان لێ دەکەوێ... بڕیار بێ ئیدی جەستەی ئەسپێکان نەکەمە شیشەوە... نە بەکەبابی و نەبەکولاو... هەر قێزیان لێ بکەم و نەیانیش خۆم...» کچۆڵەکەیش دێتە پێشەوە و دەپاڕێتەوە و دەڵێ: «ڕاس دەکات زێنەب... تۆڵەی بسێنە و چارەنووسی بگۆڕە... نایەوێ بمرێ.» کچۆڵەکە ماچ دەکەم و ئەڵێم: «ئا... ناویشت خۆ بەیانە... ناوێکی جوانە... ئەی چۆن لە چیرۆکەکە ناوی خۆت پێم نەگوت؟»

بەیان دەڵێ: «وەڵاهی من زۆرم تێکۆشا ناوی خۆم پێت بڵێم... بەڵام تۆ ئەوەندە لە زەلامە ڕەشەکەی نێو ژوورە تاریکەکە ترسابوویت...هەر نەتوێرا

ناوەکەم ببیسی.» ئەڵێم: «ببوورە بەیان گیان». هیوا بەسرتەوە بۆ سێبەرەکان ئاماژە دەکات و ئەڵێ: لەوان ناپرسی؟ بەیان ئەڵێ: زۆر خەمگینن... ئەڵێم: ئەی کۆرپەکەیان چی لێ کرد؟... بەیان پێدەکەنێ و دەڵێت: سەرۆک، کۆرپەکەی داوە... بەدایەی... گەورەی بکات... هیوا دەڵێت: ئەو نەمرد... دایەی سەرۆک... ئەگەر شیریشی... بۆ نەدۆزێتەوە... ئاو گەرم و قەنی پێ دەدات... دەست و پێکانی قەڵەو بوونەتەوە و... هەر دەخوات. سەیرێکی سێبەرەکان دەکەم... پێم وایە ئەوانیش... چاوەڕوانی منن. بەیان دەڵێت: بڕۆین بۆ لایان؟... ئەڵێم: نا... ڕاوەستە کاتی خۆی بانگیان دەکەم. دەنگ... دەنگی حەپەحەپی سەگەکانە... دەترسم و هیوا و بەیان بەخۆمەوە دەنووسێنم. هیوا پێدەکەنێ و دەڵێت: زێنەب... هێشتا خۆ دەترسی... مەترسە... سەگەکانیش لە مرۆڤ خواردن... وەڕەز بوونە... ڕاوەستە ئێستا بۆت ڕوون دەبێتەوە... بەیان بەرەو دەرگای کون کونی ئەشکەوتەکە دەڕوات و بەدەنگێکی بەرزەوە ئەڵێت: هاتن... هاتن... دەستە دەستە سەگی ڕەش و کەللە زل دەگەنە نێو دەرگای ڕووخاوی ئەشکەوتەکە و لە دوورەوە دەوەستن و بەچاوە سوورەکانیان سەیری هیوا و بەیان دەکەن. هیوا بەرەو سەگەکان هەڵدێت و بەرانبەر بەیەکێکیان دەوەستێ و دەستی دەکێشێتە بان سەری. سەگەکە بەزمانێکی درێژ و سوور و لیق، ناو لەپی هیوا دەلێسێتەوە. پاش سەگەکان، زەلامە ڕەشەکە دێت. ئیدی هیچ خوێنێک بەدەم و پلیەوە نییە، بەڵام ڕەشتر هەڵگەڕاوەتەوە و لاواز و درێژە. ئەڵێم: بەیان ئەی دایەت و ئاکۆ لە کوێ دان؟... هیوا گیان، دایە ڕەحمە بۆ نەهات؟ بەیان دەگری و دەڵێت: دایە ڕەحمە و دایەم زۆر... زۆر ماندوو و داماون... ئەوەندە ڕەنجیان کێشاوە... ئیدی... هەر ناتوانن لە جێگای خۆیاندا هەڵسن... دایەم دەڵێت دەردەکەم زۆر گرانە... زۆر... دەڵێم دایە، لانی کەم... با ئاکۆ ببەمە لای زێنەب... دایەم تووڕەیە... ئەڵێت نا... نا؛ ناوێرم قەت لە خۆمەوە جودای کەمەوە... ئیدی بەسە... ئەگەر زێنەب... نەتوانێ بیگەڕێنێتەوە بۆم... جا چی بکەم... ئەمجارە خۆ تەنیا... وەکو



بیرێکی چکۆڵەش لە مێشکی کەسێکیشدا، نامێنمەوە... بڕۆ بەیان... بڕۆ گیانەکەم... تا بزانین ئەم ئافرەتە... چی دەکات... ئەسرینەکان ڕواڵەتمیان داپۆشاوە و خوڕخوڕ دەبارێن و گورج گورج مل و سینگم تەڕ دەکەن و لە هیوا و بەیان و سێبەرەکان و سەگەکان و زەلامەکە وا زاقەزاق هەر سەیرم دەکات، تەریق نابنەوە. هیوا بەدەنگێکی پڕ سۆزەوە دەڵێت: دەی زێنەب... بەسیەتی... ئیدی مەگری... ئێمە تازە ژێر بووینەتەوە و چاومان لە تۆیە... بەدەنگێکی گریاناوییەوە دەڵێم: هیوا باسی دایە ڕەحمەم بۆ بکە... هیوا دەڵێت: دایە ڕەحمەش نایێت... ئەو دەڵێت تازە تۆزێ ئاوم دۆزیوەتەوە بۆ نوێژەکانم... ئەگەر ئەم زێنەبە وا باسی دەکەن... ئەمیشم لێ بکاتەوە و سەرگەردانی ئەو ئەشکەوتە ڕووخاوە و ئەو شاخوداخە سووتاوانەم بکات چی... خۆ هەر خودا نامبەخشێ... نا... ناوێرم بێم... بە چ چەرمەسەرییێک ئەم گشتە... گەن و گووەم... لە دەس و پێم پاککردووەتەوە... ناوێرم... نایێم... بەیان دەستم دەگرێت و دەڵێت: مەگری... ڕەنگە دوایی... ئەوانیش ڕازی بن و لەگەڵمانا بێن. ئەسرینەکانم بەنووک ئەنگوستەکانم ئەسڕمەوە و دەڵێم: دەی باشە... ئێستا ژنەکان چی... ئەوان لە کوێن؟ هیوا و بەیان سەرێ دەلەقێننەوە و بۆ سێبەرەکان ئاماژە دەکەن. بەیان دەڵێت: زێنەب تەنیا... ئەوان دەزانن... لە کامە شوێنن... ئەبێ لە ئەوان پرسیار بکەی.

سەیری سێبەرەکان دەکەم وا مت لە جێگای خۆیاندا ڕاوەستاون و چاوەڕوانن. سێبەری چەکەکانیان لە خۆیان چکۆڵەترە. لەگەڵ هیوا و بەیان بەرەو ئەوان دەڕۆین. سێبەری سەرۆک لێمان نزیک دەبێتەوە. ڕوو لە بەیان و هیوا دەڵێم: ئەی چاوەکانیان؟ دەست و پێی ڕاستەقینەیان؟؛ من خۆیانم دەوێ. هیوا بەسرتەوە دەڵێت: زێنەب بێدەنگ... ئەمانە قورس و قایمن... خەمت نەبێ... دەڵێم: ئاخر... بەیان دەڵێت: دەست و پێی ڕاستەقینەت بۆ چییە؛ ئەگەر بەڕاستی پێویستیان بەدەست و پێ و چاو ببوایە... خۆت... هەر لە سەرەتاوە باسیانت دەکرد. ئەڵێم: ئێوە کەی... ئەوەندە گەورە بوون... وا من... هەر نەمزانیوە و هەستم پێ نەکردووە... خۆ کاتەکە نابێتە

مانگێکیش. بەیان بزە ئەیگرێت و بەچپەوە ئەڵێت: سس... بێدەنگ... سەرۆک ئیدی ئۆقرەی لێ بڕاوە. دەنگە تەماوییەکەی سەرۆک دێتە گوێم: زینەو... تەمای چیتە... تۆ مەگەر ژنەکانت ناوێ؟ سەرێ دەلەقێنمەوە: با... دەنگەکەی دەڵێت: بەدووی ئێمەدا ڕێکەون. سەگەکان دەیکەنە حەپەحەپ و بەرەو دەرەوە هەڵدێن. بەشوێنیاندا سەرۆک و دەستەکەی ڕێ دەکەون. زەلامەکە دەخزێتە نێوان دەستەکە و ئەویش ئاوێتەیان دەبێت. دەڵێم: بڕۆین. بەیان حەپەسا و دەڵێت: ئەی جەمال و بابەی چۆن نەهاتن؟ هیوا دەڵێت: ڕەنگە ئەوانیش پاشگەز بوونەتەوە... «ئەوە ئێمەش هاتین» بۆ پشت سەری خۆم دەڕوانم. جاشە پیاوچاکەکە و جەماله سک زلن. تووڕە دەبم و دەقیژێنم: ئەم ئەشکەوتە جێگای جاشەکان نییە... سەرەڕای باش بوونیان. جەمال لە پرمەی گریان ئەدات و بەیان بەپەلە و گورجوگۆڵ دەڕوات و دەستی جەمال دەگرێت و دژ بەمن ڕادەوەستێ و دەڵێت: جاشی جی و شتی چی... مەگەر لە «هێلانە» نەتخوێندوەتەوە... هەندێ لە پێشمەرگەکان جلی جاشایەتیان لەبەر کرد تا بەهانای خەڵکەکەوە بڕۆن؟... بابەی جەمالیش لە ئەوانە... ئەرکێ قورسی بەشانەوە بووە. ئەڵێم... ڕاستە؟... بابەی جەمال بزەیێک ئەباتەوە و بەنووک ئەنگوستەکانی، ئەسرینەکان لە ڕواڵەتی جەمال ئەسڕێتەوە و دەڵێت: بڕوا بکە وایە. منداڵەکان دەستی یەکتر دەگرن و بەرەو دەرەوە هەڵدێن. من و بابەی جەمال بۆ چەن ساتێک لە یەکتردا ڕادەمێنین. بابەی جەمال دێتە قسە و دەڵێت: کارێکی گەورەیە... چییان لێ دەکەی زێنەب؟ ئەڵێم: خەمت نەبێ. زەلامەکە دێتە بەر دەرگا ڕووخاوەکە و دەڵێت: دەی بابە... ڕێکەون... درەنگە ئەو ژنانە چاوەڕوانمانن. هەردووکمان دووقۆڵی بەرەو دەرەوە ڕێ دەکەوین.

***

سەیرە... وەکو لەشکرێکین. جا هیچ کامەمان لەوی دیکەمان ناچین. لە چەم و شاخ سەردەکەوین. سێبەرەکان پێش هەمووومان، وەکو نوێنەرانی



لەشکرەکە، لە پێشەوە، بەرد لە بەرد و کێو لە کێو جێ دێڵن و دەڕۆن. تۆ دەڵێی لە هەواوە دەڕۆن و پێیان بەزەویدا ناکەوێ. ئێمەش بەشوێنیاندا و دەستەی سەگەکانیش، وا ورتەیان لێ بڕاوە، بەدووی ئێمەدان. لە تەنیشتی گوندە ڕووخاو و سووتاوەکاندا، تێدەپەڕین. لە هەموویان سەیرتر منم. ئەوان ڕێگا و شوێنی خۆیان چاک دەزانن و باشی تێگەیشتوون، بەرەو کوێ دەڕۆن. تەنیا منم وا سەرسووڕماو و گێژوکاس، بەدووی ئەواندا، ڕێگا دەبڕم کە سەیری پێیە ماندووەکانم دەکەم وا ڕووشاو و خوێناوین و هی ئەوان وا سپ و ساغە، زۆرتر گێژ دەبم.

تا چاو هەتەر دەکات گوندە کاولکراوەکان و دەشت و مەزرا سووتاوەکان، دەکەونە بەرچاو. سەرۆک بەدەنگێکی تەماوی بانگ هەڵدێنێ: گەیشتین.

ڕادەوەستم. منداڵەکان لێم دێنە پێشەوە. بەیان بەڕەنگێکی گەشەوە دەڵێت: زێنەب... گەیشتین... ئێرەیە. جەمال دەڵێت: ئەی قاوشوولکەکانی من؟ هیوا قوت ئەبێتەوە: ڕەنگە لای یەکێ لە ئەوان بێت... ڕاوەستە... هەموو شتێ لێرەدا ڕوون دەبێتەوە. دەڵێم: هیوا گیان چۆنی؟ هیوا دەڵێت: ئەگەر تۆ بتەوێ باشترم... سەیرم کە... سەیری چاوەکانم بکە. سەیری چاوەکانی دەکەم، گلێنەکانی هێشتا زەردن، بەڵام تۆزێ خاوتر لە جاری یەکەم وا بینی بووم. ئەڵێم: ئافەرم... چاکە؛ چاکتریش دەبێت.

«چۆنیت؟» ئەمە بابەی جەماله وا لەلای شانی ڕاستمەوە دێتە قسە. سەیری دەکەم و هیچ ناڵێم. منداڵەکان بەرەو سێبەرەکان دەڕۆن. دەڵێت: ئامادەی؟ دیسانەوە هەر زاقەزاق سەیری دەکەم. لە پڕ تووڕە دەبێت و بەپەلە بەو جۆرە کەس تێنەگات، دەڵێت: یانێ چی... مەگەر ئەمانە مەخسەرەی تۆن؟... بۆ گاڵتەیان پێ دەکەی... ڕوونی کەرەوە بزانم... چییان لێ دەکەی... ئا ئێستا و... چارەکێ تر... مانگ هەڵدێت و ئینجا سەرۆک لە ئافرەتەکان بانگ دەکات... ئەوانیش بۆ لامان دێن. ئینجا چییان لێ دەکەی... ها... وەڵام بدەوە بزانم... بۆ بێدەنگی... لەو کاتەوە وا وەڕێ کەوتووین... هیچت نەوتووە و هەر وا سەیرمان دەکەی و سەیری ئەم

گوندانە و ئەم هەوارە سووتاوانە دەکەی... خۆ هەموومان هەزاران جار لەلایانەوە تێپەڕیوین... ئیدی سەیرکردنیان زۆر ئاساییە لای ئێمە... ئەبێ لای تۆش وابێ... تۆ بۆ کارێکی گرنگتر ئێمەت... کۆکردووەتەوە... دەی بلێ و ڕوونی کەرەوە... دەری خە ئەو نەخشە و گەڵاڵەتە... چیمان لێ دەکەی و... بەرەو کامە شوێنمان ئەبەی؟

لە پڕ ئەسرینەکانم ئەتکێتە سەر ڕوومەتم و ئەتەقێمەوە: وەفریام کەوە بابەی جەمال... ئاسان نییە... ناتوانم... پاشگەز بوومەتەوە... تۆ بیتو و خودا... کارێ بکە... هیچ... هیچم لێ نایێ و هەروا بێ دەم و زمان وە دووی ئێوەدا ڕێکەوتووم... ئێستا چی بکەم. ئەدەم لە پرمەی گریان و دائەڕووخمە سەر زەوییەکە.

بابەی جەمال حەپەساو، هەروا سەیرم دەکات. قسەی لێ بڕاوە و وڕوگێژ دەڵێت: یانێ... یانێ تۆ... هەی داد و بێداد... ئێستا چی بکەین. دەسوورێتەوە و دەڕوات. دوای قەدەرێک تۆزێ ئەهوەن دەبمەوە. بەپەلە چاوەکانم ئەسڕمەوە و ئەمەوێ هەڵسم و جلەکانم بتەکێنم. تۆزێ دڵداری خۆم ئەدەمەوە و سەرم بەرز دەکەمەوە و دەمەوێ هەڵسمە سەرخۆم. لە پڕ هەموویان دەبینم و بێدەنگ، سەرلەنوێ دەچەقێمە جێگای خۆم.

سێبەرەکان، پۆل پۆل بەرەو ڕووم دێن. بەیان و هیوا و جەمال و بابەی و زەلامەکە و بەشوێنی ئەواندا سەگەکان، دێن و گەمارۆم دەدەن. بەشەپۆلی نیگای تووڕە و قیناوییان، بازنەی گەمارۆکە، تەنگتر دەکەن. لە خۆمدا گرمۆڵە دەبم و هەست بەمەترسی دەکەم. لە پڕ قاقای دایە ڕەحمە شاخوداخ پڕ دەکات: نەم وت... باشم کرد نەم وێرا لەگەڵتانا بێم... نەم وت ئەم زێنەبە وا باسی دەکەن... وەکو سەلکەتوور هەر لە خۆیەوە بای کردووە و تۆڵە... تۆڵەیەتی.

لە دڵی خۆمەوە دەڵێم: من کەی باسی تۆڵەم کردووە... ئەمانە خۆیان ویستوویانە تۆڵە بسێنن، بەڵام وشەکان لە زارم دەردەپەڕن و ئاوێتەی دەنگی دایە ڕەحمە دەبن و بەرزتر لە ئەویش بەرگوێیان دەکەوێت، لە



ترساندا بەدەس بەر زارم دەگرم. قاقای دایە ڕەحمە ئیدی بەگوێماندا نایێت. بازنەی گەمارۆکە تەنگتر دەبێتەوە و ئەوان لێم نزیکتر دەبنەوە. دەنگی دایکی هیوایە کە ئەدا لە پرمەی گریان و دەنگی تکەتکی دڵۆپە ئەسرینەکانی لەو کێو و کێوسانە پەنگ دەخواتەوە و دەگەڕێتەوە و لە تاشەبەردەکان دەدات و دەڕژێتە گوێمانەوە. بەدەم گریانەوە دەڵێت: هیوا، با تۆش، گوێت لە قسەکانم بدایێت و بەدوای قسە درۆکانی ئەم ژنە فێڵکارە نەکەوتبایت... ئاخر ڕۆڵە... تازە ئیدی هەموو شتێ تەواو بوو... تەواو بوو... تەواو... تەواو... تە...وا...و... تە...وا...و... دەنگی کامرانی کوڕم دێتە گوێم: ئەمە چییە میهران... دایە وا لە کوێی... ئەم گۆشتە چییە... دەنگی پشیلەکە و قیژەی میهران: کاکە... کاکە... پشیلەکە گۆشتەکەی خوارد... ختە... ختە... دەنگی ڕاکردنیان بەشوێن پشیلەکە.

سەرم بەرز ئەکەمەوە، گشتیان کەوتوونەتە سووڕان بەدەوری مندا، سووڕانێکی سامناک. سەرسام دام دەگرێ. هیوا لە پڕ بەدەنگێکی پچڕاوە، بەدەم سووڕانە سامناکەکەیەوە، هاوار ئەکات: تە...وا...و...؟ زێنە...ب... یا...نێ... تۆ...ش... در...ۆت... لە...گە...ڵ...م...ا... کر...د؟

بەیان پەرەی پێ ئەدات: تف... لە... در...ۆ... بە...لە...ع...نە...ت... بێ... درۆ...زن...

جەمال ئەپاڕێتەوە: ز...ێ...نـ...ـە...ب... ئـ...ـە...ی... قا...شولـ...کە...کا...نی... من...؟

کامران لە دوورەوە بانگ ئەکات: دایە... دایە میهران وەڵامی ئەداتەوە: دایە... لە... ماڵدا نییە... بڕ...ۆ...ینە...وە... بۆ... فـ...وو...ت... با...ڵ...

لە ئەو سووڕانەدا هەموویان بێڕەنگ و بێڕەنگتر دەبنەوە. هەست دەکەم بازنەکە ئیدی، ها ئێستا و ها ساتێ تر تێک بچێت و هەموو شتێ لە دەس دەرچێ. دەنگی هەنسکە هەنسکی پیرانی ئاکۆ، لە دوورەوە دێتە گوێم. پەلامار ئەدەم و باوەش دەکەمە بازنەکە و هیوام بەرچنگ دەکەوێ. لە چاو تروکانێکدا، هەموو شتێ دێتەوە سەر جاری جاران. سێبەرەکان و

بەیان و زەلامەکە و بابەی جەمال و جەمال و لە پشت سەریانەوە، سەگەکان، بێدەنگ و مت سەیرم دەکەن. بەهەسکە هەسک هیوای بەستەزمان لە ئامێز دەگرم و بەخۆمەوە ئەی نووسێنم. هیوا ماچم دەکات و دەڵێت: ئارام... بێدەنگ... هیچ مەترسییێک لە ئارادا نییە... زێنەب گیان تەواو بوو... هەموومان پێکەوەین... مەترسە... تەواو... تەواو بوو.

***

مانگ هەڵاتووە. تۆزێ خۆم جەموجۆر کردووەتەوە و قورستر لە جاران هەنگاو هەڵدێنم. بێدەنگ بۆ ناو دارەکان و لای تاشەبەردە زەبەلاحەکان دەڕۆین. چارەکێ ناخایێنێ، دەگەینە شوێنی گۆڕە گشتییەکە. ڕادەوەستین. سێبەری سەرۆک دێتە پێشەوە و دەڵێت: خۆت چی ئەڵێی؟ وەڵامی نادەمەوە و لە گۆڕەکە نزیکتر دەبمەوە. هەموویان بەشوێنمەوە دێن. گۆڕەکە ئاوەڵایە. لە پڕ دەقیژێنم: ئامیـ...ن... ئا...مین... هیوا و بەیان شاگەشکە دەبن و هاوار دەکەن: نەشمیـ...ل... نە...شمیل. لوورەی سەگەکان دەشت و شاخ پڕ دەکات. شیبا، دەخزێتە نێوان پرچەکانم و پەرێشانیان دەکات. سێبەرەکان دەشەکێنەوە و شەپۆڵ ئەدەن و دەنگی خشەخشی گەڵاکان وا بەسەر زەویندا، دەبارن، ئاوێتەی دەنگی شیبا و لوورەی سەگەکان و هەناسەکانی ئێمە دەبن. ژنەکان یەکەیەکە، هەر کامەیان لەبن تاشەبەردێک و لە تەنیشت دارێکەوە دەرئەکەون و بەرەو لای ئێمە دێن. ئامین تووڕەیە. نەشمیل گورجوگۆڵ دێتە بەرەوە و بەچاوە جوانەکانی سەیرمان دەکات و دەڵێت: زێنەب، گۆڕەکە... ئامادەیە. ئەڵێم: دەی بەتەمای چین، دەستی پێ بکەین. سەرۆک بەدەنگێکی بەرزەوە دەڵێت: هێشتا میوانمان هەیە. ئەڵێم: میوان؟... کەسێ ترمان نەماوە... دەنگی دایە ڕەحمە ئاهەنگین و قورس، بڵاو دەبێتەوە: ئەی چی میوانمان هەیە... وات زانیوە... هەر ئەوانەن وا تۆ هێناوەتە ناو چیرۆکەکەت. بەتوندی دەڵێم: دایە ڕەحمە... ئەمە چ کارێکە... مانای چییە، بۆ خۆتت شاردووەتەوە... بۆ وا بەقینەوە لەگەڵما ئەدوێی... ئاخر من چ ئازارێکم پێت گەیاندووە. هیوا داوێنم دەگرێت و



بەسرتەوە دەڵێت: لێگەڕێ زێنەب،... هێشتا بێ بڕوایە... بەیان دەپاڕێتەوە: لێگەڕێ... جەمال بەدەنگێکی بەرزەوە دەڵێت: دەنگی قاشوولکەکانم دەبیسم... بڕوا بکەن خۆیانن... یەکێ لەگەڵیاندا یاری دەکات. دەنگی دایکی بەیان جێگری هەمووی دەنگەکان ئەبێت. ڕاستە... ئاکۆیە بەقاشوولکەکانت یاری دەکات... خەمت نەبێ... کاتێ میوانەکان هاتن... دەیهێنمەوە بۆت.

لای خۆم بیر دەکەمەوە: میوان... میوان... ئاخر بۆچی مەگەر، بۆ جەژن و میوانی لێرەدا کۆبووینەتەوە؟ دیسانەوە قسەکان لە زارم ڕادەکەنە دەرەوە و هەموویان ئەیبیسن. سەرۆکی سێبەرەکان دێتە پێشەوە و دەڵێت: خەمت نەبێ... حەقی خۆیانە... زۆریان هەوڵ داوە، ئەمشەو... لە کاتی تۆڵەکەمان، ئەوانیش لێرەبن... ناوچاوانت گرژ مەکە... ئەوانیش بریندارى ئەو جۆرە دەستە پیسانەن... ئەڵێم: تۆڵە... کێ ویستوویە تۆڵە بسێنێ،... لە قامووسی مندا تۆڵە مانایێکی نییە... پێم وابوو تۆش ئەمە باشتر لە ئەوان دەزانی. دەڵێت: هەندێ جار ئەبێ من و تۆ، بیروڕای ڕاستەقینە بەنێینە ئەولاوە و دوای قسەوڕای دایە ڕەحمەکان بکەوین ئەگینا... گەلەکەمان لێ تووڕە دەبێت و زامەکانیان چاک نابێتەوە... هەندێ جار ئەوان ڕاس ئەڵێن. ئەڵێم: ئاخری نەمزانی ناوی تۆ چییە؟ مژێکی قووڵ لە جگەرەکەی دەدات و دەڵێت: زۆرت پێخۆشە بزانی زەینەو... سەردەمێکە دەتناسم، پێش ئەوە تۆ ئەم چیرۆکە بنووسی. پێدەکەنم و دەڵێم: نەبابە... گاڵتەم پێ دەکەی. ئەویش بەدەماخەوە لێم نزیکتر دەبێتەوە و دەڵێت: یانێ لە ڕاستیدا تۆ ناوم نازانی؟ دەڵێم: نەبابە... ناوت چۆن بزانم. ئاخری دەڵێت: ناوم عەبداڵە... ئەتۆشم زۆر خۆش ئەوێ. دەڵێم: بەقوربان سپاست دەکەم... ئەمنیش گەلێک هەمووتانم خۆش دەوێ. بەنەرمی پێدەکەنێ و لێم دوور دەبێتەوە. سەیرە عەبداڵم باش نەناسیوە، بەڵام وەکو دڵسۆزێکی قورس و قایم چەندەها جار هاتووەتە هانامەوە و ئەم کارانەی وەڕێ خستووە. لە پڕ لەرە لە زەوینی ژێر پێمانەوە هەڵدەستێ. سێبەرەکان هەڵدەخرۆشن.

سەرۆک هاوار دەکات: زەینەو کۆیان کەرەوە... منداڵەکان لە خۆت دوور مەخەرەوە... خەڵکەکە هاتن. لە پڕ دایە ڕەحمە و دایەی بەیان و ئاکۆی چکۆڵە، بەر لە خەڵکەکە خۆیان دەگەیێنن و بەپەلە خۆیان ئەنووسێنن پێمانەوە. دایەی بەیان نایلۆنی قاشوولکەکان دەدا بەجەمال و دەڵێت: فەرموو، قاشوولکەکانت. جەمال شاگەشکە دەبێت و نایلۆنەکە لە ئامێز دەگرێت.

***

پۆڵ، پۆڵ، ژن و پیاو و منداڵ وا لە هەموو لایێکەوە بەرەو ئێمە هەڵاتوون. دەیان و سەدان و هەزاران کوردی ئەنفالکراون وا بەرەو ڕوومان دێن. ئەوەندەن وا لە ژماردن نایێن. بەپەلە منداڵەکان بەخۆمەوە نزیکتر دەکەم. سێبەرەکان و ژنەکان و بابەی جەمال و زەلامەکە و دایە ڕەحمە و دایەی بەیان و ئاکۆیش لە یەکتر نزیک ئەبنەوە شوێنەکە چۆڵتر دەبێت. دەستەی سەگەکان دوور دەبنەوە و هێدی هێدی لە چاوان ون دەبن. خەڵک نزیکتر دەبێتەوە. هەی هاوار ئەم گشتە خەڵکە لەکوێ بوون. قسەکانم پەنگ ئەخواتەوە، بەڵام دەنگ و هەراهەرای خەڵکەکە ئەوەندە زۆرداره کە دەنگی کەس بەکەس ناگات.

لە پڕ جەماوەرێکی پاپەتی لە شاخەوە بۆ لامان ڕێ دەکەون. دەڵێم: ئەمانە کێن؟ زەلامەکە دێتە قسە: جوولەکەکانن. دەڵێم: جوولەکە؟... جوولەکە لێرە چی دەکات... ئەوان...» سەرۆک قسەم لێ دەبڕێ و دەڵێت: زەینەو... ئەوانیش بریندارى کووره ئاگرینەکانی فاشیزمن... ئەوانیش لە هەموو سەردەمێکدا، غەدریان لێ کراوە. ئەڵێم: بەڵام... ئەوان وەدووی هەڵە کەوتن. ئەڵێت: حسێبی ئەمانە لەوانی تر جیاوازە... ناوچاوانت گرژ مەکەرەوە زەینەو گیان... وازیان لێ بێنە... با ئەوانیش سەیرکەری تۆڵەکەمان بن و تۆزێ بحەوێنەوە و ئارام بگرن...

ئیدی هیچ ناڵێم جوولەکەکان، هەر کامەیان بەلەتە پارچەیێکی سپی خۆیانیان پێچاوەتەوە و خەمین و پشت کۆم و زەلیل، دوورتر لە



هەموومان، ڕادەوەستن. هاوار دەکەم: خەڵکینە... کاتی کارەکەمان گەیشتووە. لە پڕ ئەو هەموو خەڵکە، بێدەنگ دەبن. هەموویان لە دەوری گۆڕە ئاوەڵاکەدا، ئەڵقەمان بەستووە. ئەڵێم: کاتیەتی خەڵکینە... گۆڕەکە ئامادەیە. ورتە لە کەسەوە نایێت. مانگ لە قەوارەی چواردە دایە و ئەو دەڤەرەی ڕووناک کردووە. سەگەکان... سەگەکان بەدەم حەپەحەپەوە، لە دوورەوە بەرچاو ئەکەون و دێن و بەدەم هاتنەکەیانەوە، شتێ لەگەڵ خۆیان ڕاکێش دەکەن. نزیک ئەبنەوە. خەڵک ڕێگایان پێ ئەدەن و سەگەکان شتەکە فڕێ دەدەنە نێوان گۆڕەکە و بەدەوریا ئەڵقە دەبەستن. دوای چەن ساتێک، سەگەکان لە گۆڕەکە ئاوڕ دەدەن و لەو ڕێگایە وا هاتوون، ئەڕۆنەوە و دوورتر لە هەموو کەس، لەنێوان تاریکییەکەدا، ڕادەوەستن. تینی چاوەکانیان، وەکو تینی ژیلەمۆیە و بلێسەیانە. کەس لە جێگای خۆیدا، ناجوولێتەوە. لە گۆڕەکە نزیک دەبمەوە. منداڵەکانیش بەدووم دەکەون. ڕادەوەستم. لەنێو گۆڕەکە جوولەجوولێ هەست پێ دەکەین.

دوای قەدەرێک پیاوێکی ترسەنۆک و حەپەساو، سەروچاو ڕووشاو و تۆزاوی، خۆی لە گۆڕەکە دەکێشێتە سەر زەویەکە و هەروا ماقی پەڕیوە و چنگ لەسەر زەویەکە، بەدەمی داچەقاوە و، سەیری ئەو هەموو خەڵکە دەکات. ئەڵێم خۆیەتی... تەکریتییە بەدکردارەکەیە؛ وەرنە پێشەوە. بەڵام ئەو هەموو کەسە، تەنیا هەر بەقینەوە سەیری پیاوەکە دەکەن و سارد و ڕچاو، جوولەیان لێ بڕاوە. بەپەلە ڕوو لە خەڵکەکە دەکەم و ئەڵێم: تەنیا یەک گوللە چاری دەکات... ئەگەر هەر کامەتان تفێکی لێ بکات، لە تفا نووقم ئەبێت و کاری تەواو...

سەرۆک دێتە پێشەوە هاوار دەکەم: عەبداڵ ... تۆ بڵێ... چی لێ بکەین لەت لەتی کەین؟... گوللەبارانی کەین... یان... یان هەر بەنووکە شەق هەڵی دڕێنین... دەی تۆش شتێ... بڵێ. عەبداڵی سەرۆک ئاماژە دەکات و دەڵێت: بێدەنگ... زەینەو گیان... ئەمانە باشتر دەزانن چی لێکەن... تۆ کارت نەبێت. ئەڵێم: ئاخر... ئاخر... عەبداڵ دەسووڕێتەوە و پشتم لێ

دەکات. منداڵەکانیش ئاوێتەی خەڵکەکە دەبن و لێم دوور دەبنەوە. بەتەنیا دەمێنم و ئیدی شتێک ناڵێم و دەڕۆم و بەئارامی لە تاشەبەردێکی زەبەلاح سەردەکەوم و لەوێ دادەنیشم و سەیرکەری ئەو جەماوەرە دەبم.

خەڵک بەئەسپایی، وردە، وردە، لە کابرای تەکریتی نزیک دەبنەوە. کابرا، وەختە فەرقان بکات و هەروا چوارچنگی خۆی لە زەویەکەدا، کێش دەکات. خەڵک لە بازنەییێکی ئەستووردا، خۆیان دەکێشنەوە پێشەوە.

هێدی، هێدی، وای لێ دێت کە ئیدی کابراکە لە ترسی ئەوە نەکەوێتە ژێر پێی خەڵکەکە، خۆی لە گۆڕەکە نزیک دەکاتەوە. نزیک و نزیکتر. خەڵک لە ئەو نزیکتر و ئەو لە گۆڕەکە نزیکتر. لە پڕ پای دەخزێت و خلۆر دەبێتەوە نێو گۆڕەکە. خەڵک تەژی لە قین و ڕق، بێدەنگ، ڕادەوەستن. کابرایش پێم وایە، زراوی تۆقیوە و تەنیا لەو خوارەوە زورتەی چاوەکانی دێت. سێبەری سەرۆک. وا دەمێکی کورتە زانیومە عەبداڵی ناوە، لە گۆڕەکە و خەڵکەکە نزیک دەبێتەوە و تۆزێ سەیری پیاوەکە دەکات و دەنووشتێتەوە و مستێ خاک هەڵدەگرێت و دەی پژێنێتە، سەر سەری پیاوەکە. ئامین بەپەلە چنگێ خۆڵ هەڵدەگرێت و بەقینەوە دەی پژێنێتە نێو گۆڕەکە. لە پڕ هەموویان، یەکە، یەکە، بەمستێ خاکەوە، لە گۆڕ دێنە پێشەوە و کابرا لە خاکدا، نوقم دەکەن.

ئەوەندە ناخایێنێ، پیاوی بەدکردار و زاڵم و کوردکوژ، هیچ ئاسەوارێکی لێ نامێنێت.

گۆڕ ئیدی لە گۆڕ ناچێت و بەرەو بەرزایی دەڕوات. لە ئاکامدا، جوولەکەکانیش دێن و مست، مست خاکە وا ئاراستەی ئەو بەرزاییەی دەکەن. دوای، ماوەییێکی کورت، گردێک لە بان گۆڕەکە درووس دەبێت. لە بان تاشەبەردەکە دانیشتووم و هەروا سەیری ئەو خەڵکە تووڕە و بێدەنگە دەکەم و بیر لە قسەکانی عەبداڵ. ئەم خەڵکە لە ئاکامدا، قسەی خۆیانیان سەلماند و ئەم بازاڕیانە کردە بازاڕی تۆڵە، بڕوام بەتۆڵە نییە، بەڵام لەم کاتە، قسەکانی عەبداڵ بەدرووس دەزانم، ئەم جەماوەرە بریندارە، ئەبێ،



ئارام بگرن و دڵنیابن.

گردەکە، هێدی، هێدی گەورەتر دەبێتەوە و لەوە دەچێت، زۆری پێ نەچێ، کێوێکی لێ درووس ببێت. لەنێوان من و عەبداڵی سەرۆک و سێبەرەکان و منداڵەکان و ژنەکان و ئەو هەموو خەڵکە و تەنانەت جوولەکەکانیش، کێوەکە سەرهەڵدەبڕێ. من لەم دیو و ئەوان لەو دیوی کێوەکەن؛ بەڵام هێشتا، هەوای ئەو دەڤەرە، لە بۆنی تۆز و خۆڵی ناو لەپی ئەو خەڵکە تووڕە، پڕاوپڕە و تا چاو هەتەر دەکات، کێوەکەیە وا هەر باڵا دەکات و باڵا دەکات.

١٣٨١/٤/١٢

# ئەیر و ئەڤین و ئەژدەها

کۆمەڵە چیرۆک

# کەمەند لە کەمەنددا

نێزیکەی دوازدەی نیوەڕۆ بوو. خۆر خەریک بوو خۆی بکێشێتە نێوەڕاستی ئاسمانەوە، بەڵام «کەمەند» هەستی دەکرد، لەشی لەو خۆرە گەرمترە. بەماندوویەتییەکی زۆرەوە، چەمەدانەکەی نایە سەر زەوییەکە و لە سووچێکدا دانیشت. سەیری دەوروبەری خۆی کرد. زاری تاڵ ببوو، لە بیری نەمابوو لە کەیەوە شتێکی نەخواردووە. بۆ دەلاقەی خانووەکانی ڕووبەڕووی خۆی ڕوانی. هیچ نیشانەییێک لە هاتنی خاوەن ماڵەکە بەدی نەدەکرا. کەوتە بیری «تەها» و چاوەکانی پڕبوو لە ئەسرین. هەستی دەکرد، دەنگی ڕژانی دڵۆپە ئەسرینەکان دەبیسێ. بەپەلە چاوەکانی سڕی و ڕوومەتی بەلۆی چارشێوەکەی پاک کردەوە. لای خۆیەوە گوتی: «ئەگەر ئێستا کەسێ ببینێ چی؟» دیسان سەیری دەلاقەکانی کرد. دەلاقەکان چوارچێوەییێکی زۆر کۆنیان هەبوو. کەمەند هیچ وێچوونێکی لەنێوان دەلاقەی خانووەکەی خۆی و ئەو چوارچێوە کۆنانە نەدەدی.

(تەها هاواری کرد: «ئیتر یاست کردووم... لەم ژیان و ئەم ماڵە نفریناوییە وەڕەزبومۆم... دەبێ ئەم حاڵە... بگۆڕدرێ... دەزانی... دەبێ...) بۆ هەزارەمین جار، دڵی کەمەند شکا و چاوەکانی بڕییە نێو چاوانی تەها. تەها بەرزتر لە پێش هاواری کرد: «چییە... بۆ وا سەیرم دەکەی؟» کەمەند لەگەڵ خۆیدا کەوتە دوان «چ دەنگێکی بەرزی هەیە... بۆچ ئەسرینەکانم ئەوەندە دەنگیان هەیە؟» بەسەر لێ شێواوییەوە دیسان سەیری «تەها»ی



کرد، تاکوو بزانێ ئەویش شتێکی بیستووە. تەها بەتەشەرەوە گوتی: «ئهەمم... دیسانەوە دەستی پێکرد... یان دەبێ بڕۆی... یان...» قسەکانی قووت دا و بەتووڕەیییەوە چووە دەرێ. کەمەند بەسرتەوە گوتی: «ژن دێنێ. ئیتر ناتوانێ لەگەڵما ڕابێت... ژن دێنێ». هەستا و چووەبەر ئاوێنەکە و لە خۆی ڕاما. بیری کردەوە، بۆچ ناتوانێ لەگەڵ خۆیدا پێوەندی بگرێ. وای دەزانی شتێک ئەوی لە خۆی دابڕیوە. «تەها»ی بەتاوانبار دەزانی. بەڵام تەهایشی زۆر خۆش دەویست. لە ڕاستیدا ئەوینی تەها بوو کە ئەوی بەخۆی گەیاند؛ بەڵام ئێستا، تەها لەلای ئەو زۆر نامۆ بوو. لە بەرانبەری ئاوێنەکەدا خۆی ونبووتر دەبینی. دیسانەوە بەتاڵی گریا و لە دیوەکە دەرکەوت و بەرەو سندووقخانەکەی هەڵات. بەپەلە سندووقە کۆنەکەی کردەوە و شێتانە شتومەکەکەی خستە دەرەوە و گۆزەڵەی دەرهێنا. گۆزەڵە کۆنەکەی دایە گەورە، کە زۆری خۆش دەویست. گۆزەڵەی دۆستی سەردەمی منداڵی.)

(دایە گەورە بەسرتەوە گوتی: «ئەگەر ڕۆژێ بەو جۆرەی کە من لە تۆم دەوێ، نەک ئەو جۆرە کە ئەوانی تر دەیانەوێ لەم گۆزەڵە نێزیک ببێتەوە و هەستی بکەی، لەگەڵتا دێتە قسە.» کەمەند چاوەکانی بەبێ بڕوایی بڕییە دایە گەورە گوتی: «ئاخر چلۆن؟» دایە گەورە گوتی: «بەو جۆرە کە پێم وتی... وەکو ئەو شەوە...» کەمەند وەڵامی دایەوە: «بەڵام من دەمویست چکۆلە ببمەوە و بچمە نێو گۆزەڵەکە... تەنانەت لێی پاڕامەوە... بەڵام نەکرا... نەمتوانی». دایە گەورە پێکەنی و گوتی: «ئەتۆش نازانی چی دەڵێم کچێ؟» کەمەند بیری کردەوە: «بەڕاستی... بڵێی دایە گەورە شێت بووبێ؟»

«کەمەند دەستی بەگۆزەڵەکە داهێنا و بۆنی کرد و گرتیە ئامێزیەوە. دڵۆپە ئەسرینەکانی ڕژایە سەر گۆزەڵە کۆن و نەخشینەکە. لە پڕ هەستی کرد گۆزەڵە خەریکە گەرم دەبێ. وەکو چەند ساڵ لەمەوپێش، بەڵام، دیسانەوە نەیتوانی. گۆزەڵەی نایە نێو سندووقەکە و بەپەلە ڕووی داپۆشی.)

(تەها دەستی بەبسکە جوانەکانی داهێنا و گوتی: «کەمەند؛ وەڵامی دکتۆر هاتۆتەوە.» کەمەند هیچی نەگوت و بێدەنگ و خەمین سەیری کرد. تەها بەهێمنی لە ئامێزی گرت و ماچی کرد و گوتی: «من پێم وتبووی، هیچ سوودێکی نییە.» شتێک لە ناخی کەمەندا شکا و بەرەو ئاوێنەکەی هەڵات. دەترسا مێردەکەی دەنگی ئەسرینەکانی ببیسێ. هەستی کرد تارماییێکی نامۆ بۆ یەکەم جار، ئاوێنەکەی، لێ دوور خستووەتەوە. خۆی وەکو سێبەرێکی سارد و بێ گیان بینی. دیسانەوە بۆ سندووقخانەکە هەڵات و گۆزەڵەی لە ئامێز گرتەوە. کەمەند لە مێژەوە پێوەندی لەگەڵ گۆزەڵەکە بڕیبوو؛ بەڵام لەو کاتەدا، هەستی کرد، خەریکە لەگەڵ ئەودا پێوەندی دەگرێ. ئەم هەستە ترسێکی زۆری خستە دڵیەوە. پەشۆکا. دیسانەوە هیچ. نەیتوانی. شتومەکە کۆنەکانی دایە گەورەی خستە بان گۆزەڵەکە و شاردیەوە.)

(تەها بەنامۆیی و ساردییەوە گوتی: «کەمەند،... مەبەست منداڵ نییە، تۆ دەبێ عەمەڵ بکرێی ئەینا دەمری... ئاخر... ئاخر بۆ ئەوەندە بیانوو دەگری... ئافرەت تۆ... نەخۆشی... منداڵم ناوێ... لانی کەم بۆ خۆت تێفکرە... نەخۆشی سەرەجێ بی، کێ هەیە کەوچکە ئاوێکت بەزاردا بکا؟» کەمەند پێکەنی و گوتی: «تۆ ئاو دەکەیتە زارمەوە.» تەها ساردتر و نامۆتر لێی ڕوانی و لە ماڵ هاتە دەرێ. دڵی کەمەند شکا و دیسان ئاوێنە بێدەنگ و ڕەنگ بوو و گۆزەڵە گەرمتر و ترسی کەمەندیش پتر لە هەمیشە. کۆنەدڕاوەکانی خۆشی لەسەر کۆنەدڕاوەکانی دایە گەورە دانا و بەئەسپایی دەرگای سندووقەکەی ناوە و کلیلەکەی خستە سەر تاقەکە).

خاتوون «قەشەنگ» دەرگای لە پشت سەری کەمەند داخست و گوتی: «لە مێژە چاوەڕوانی؟» کەمەند چەمەدانەکەی دیسان هەڵگرت و بەشەرمەوە وەڵامی دایەوە: «زۆر نییە... سەعاتی دوازدە هاتم.» خاتوون قەشەنگ گوتی: «وا دیارە زۆر ماندووی.»

هەردووکیان ڕۆیشتنە حەوشەوە. خاتوون قەشەنگ کلیلەکەی لەنێو



قفڵی دەرەکە کۆنەکە گێڕاند و گوتی: «ئەمەیە... ئیتر چی بڵێم؛ هەر ئەمەیە... هەڵبەت نەمەویست بەکرێی بدەم، بەڵام کاتێ دایکی دوکتۆر هەموو شتێکی گێڕایەوە...» کەمەند قسەی پێ بڕی و گوتی: «جەنابت و دایکی دوکتۆر گەورەییتان کردووە.» ئینجا پشتی لێ کردن و سەیری ئەو ئەسباب و شتومەکە کۆنانەی نێو ژوورەکەی کرد.

(بابە گوتی: «دایە گەورە... شێتە... هێندە مەچۆ بۆ لای کچێ... ئەرێ ژنەکە... مەگەر نەمگوت ئەم ئاوێنە لە ژووری کەمەند هەڵبگرە و بیبە ژێرخان؟... ئەم پیرێژنە بەبیانووی ئاوێنەکەی لە پەسا دەچێتە لای کەمەند... من مەگەر قەدەغەم نەکردبوو؟)

(دایە گەورە سەری لە کەلێنی دەرگا هێنایە ژوور و گوتی: «نەخەوتووی؟» کەمەند لەسەر تەختەکەی دانیشت و گوتی: «دەزانی چەن سەعاتە چاوەڕوانم؟» دایە گەورە خۆی خزاندە نێو ژوورەکە و بەئەسپایی دەرگاکەی پێوەدا و لەلای کەمەند ڕاکشا و گوتی: «لە کوێ بووین؟» کەمەند هەڵگەڕایەوە و دەستی خستە مل دایە گەورە و گوتی: «لەوێدا وا کچەکە سواری ئەسپی با دەبێ و دەچێتە میوانی کوڕی شا.» دایە گەورە ماچی کرد و گوتی: «کوڕی پاشا پرسی ئێوە لەکوێوە دێن بۆ کوێ دەچن؟... کچی کێن؟... کچەکە سووڕایەوە و سەرچۆپییەکەی لە دەستی کوڕی پاشا سەند و گوتی: «کچی شای وڵاتی خۆرئاوام و دەڕۆم بۆ سەرزەوینی خۆرهەڵات». شازادە دەستی ئاڵاندە نێو قەدی و کێشایە سووچێکەوە و گوتی: «بۆ من دیارییێکت هەیە؟» کچە پێکەنی و ئەنگوستیلە زێڕەکەی دەرهێنا و گوتی: «بیرەوەری من بۆ ئێوە.» شازادەش تەزبێحە زێڕینەکەی خۆی نایە دەستی کچە و گوتی: «بیرەوەری من بۆ تۆ.)

دەرگای ژوورەکەی کەمەند کرایەوە و لایتەکە ڕۆشن بوو. کەمەند لەرزی و خۆی پتر وە دایە گەورەوە نووساند. دایە گەورە ڕەنگی بەڕوو نەما. زاری بابە کەفی کردبوو. قەمچییە ڕەشەکەی لە دەستیدا سووڕاند و قیڕاندی: «پیرێژنە شێتە... مەگەر... من... پێم نەگوتبووی نەیتە ئێرە.» دایکی

کەمەند خۆی پێگەیاند و دەستەکانی گرت؛ بەڵام بابە ئەوی خستە سووچێک و لێفە سوورەکەی کەمەندی فڕێدا و دەستی لەرزۆکی دایە گەورەی گرت و لە تەختەکە خستیە خوارەوە. دایە گەورە چاوە ترساوەکانی بڕییە نێو چاوانی بابە و هەڵکورمابوو. کەمەند لەسەر خۆی چوو و کەوتە سەر زەویەکە.)

(کەمەند چەمەدانەکەی بەست و گۆزەڵەی لەسەر تاقەکە دانا. ژوورەکە پڕبوو لە تۆز و خۆڵ. بۆنێکی کۆن و ماندوو هەوای ژوورەکەی ئاخنیبوو. خاتوون قەشەنگ بێ ئەوەی هیچ یارمەتییێکی بدا بەپەلە دەرکەوت و ئەوی بەتەنیا جێهێشت؛ بەڵام کەمەند پەکی نەکەوت و تەواو شتومەکەکانی نێو چەمەدانەکەی هەڵڕشتە سەر زەوییەکە. هەستی دەکرد، ئەو شتە کۆن و پیسانە، زۆر لە ئەو زیندووترن. دیسانەوە بۆ چەمەدانە خۆڵاوییەکەی ڕوانی.)

(دایە گەورە گوتی: «کچێک، هەر چەندیش چکۆڵە بێ، دەبێ خۆی بووکە شووشەکانی بەخێو بکات... تازە... خۆ ئەمانە بووکە شووشە نین... بڕوانە چلۆن بەو چاوە ڕەشانە سەیرت دەکەن.» کەمەند گوتی: «دەی ئاخر چۆن؟ خۆ من... ناتوانم نێو ماڵەکەیان پاک کەمەوە.» دایە گەورە دەسماڵە زەردەکەی لە گیرفانی دەرهێنا و بەستی بەسەری کەمەندەوە. لقەدارێکی لە باخچەکە هەڵکەند و پەڕۆکۆنێکی وەسەر خست و دایە دەستی کچەکە و گوتی: «ئێستا ئیتر دەتوانی، دەبێ بڕۆیتە نێو کولێنەکەیان. بڕوانە کەروێشکەکانت چ دەڵێن... دەڵێن خاتوونە چکۆلە وەرە بۆ لامان... دەبێ هەموو شوێنی ماڵەکەمان پاک کەیەوە... هەروەکو خاتوونێکی باش.» کەمەند خۆی خستە لای کەروێشکەکانی.)

(کەمەند شەکەت و کەلەلا سەیری ژوورەکەی کرد. تۆزێ لە هەوڵی باشتربوو. چەمەدانەکەی خستە ژێر تەختە فەنەرییە کۆنەکە و بۆ خۆی لەسەر تەختەکە ڕاکشا. دەنگی جیڕەجیڕی تەختەکە ئازاری دەدا؛ بەڵام ئەوەندە ماندوو بوو، کە پاش ماوەیەک هەستی بەهیچ دەنگێک نەدەکرد.



تەها هەموو شتێکی، سەبارەت بەنەخۆشییە بێ دەرمانەکەی پێ گوتبوو. بێ بەزەییانە گوتبووی بەڵکو عەمەڵ بکات. دوکتۆر زۆری کۆشی بوو بەڵکو لە نەخۆشخانەدا بۆ عەمەڵ کردن بیخەوێنن، بەڵام ئەو بەڕق و قینەوە قەبووڵی نەکردبوو.

کەمەند چاوی کردەوە و هەستا و دانیشت. چاوی گێڕا و لە کاسە چینییەکەی خاتوون قەشەنگ ڕوانی. چێشتەکە سارد ببۆوە و ئەویش ئیشتیای نەمابوو. خاتوون قەشەنگ دوێنێ شەویش چێشتی بۆ هێنابوو، بەڵام کەمەند نەیخواردبوو. دیسانەوە سەری نایە سەر سەرینەکە و چاوەکانی قووچاند.)

(دایە گەورە بەدەستی سارد و لەرزۆکی، چاوی کەمەندی سڕی و گوتی: «چاکە... دەی چاکە ئیدی مەگری... بۆت دەگێڕمەوە... بەڵێن بدە ئیتر نەگری.»

تیشکی شەوق لە چاوە سەوز و جوانەکانی کەمەندا دەبینرا. دایە گەورە پاڵی دایە داربییەکە و کچەکەی وەکو منداڵێک لە ئامێز گرت: «ترپەترپی هەنگاوەکانی لەشکری دێوەکان، دڵی شازادەی لەرزاند؛ دایکی شازادە لە پشت دیواری ئەشکەوتەکەوە بانگی لێکرد، بەڵام شازادە وەڵامی نەدایەوە... دەیەویست بەتەنیایی لەگەڵ ئەو هەموو دێوە شەڕ بکات. دڵی دایکی شازادە دەلەرزی، بەدەستە سپی و خەپلە و جوانەکانی، بەر زاری خۆی گرتبوو، نەکا دێوەکان دەنگی ببیسن... دەنگی ترپەترپی هێرشی دێوەکان تەواو ئەشکەوتەکەی دەلەرزاندەوە، شازادە خۆی هاوێشتە دەرێ و نەڕاندی... دێوەکان بۆڕاندیان... دایکی شازادە لە کەلێنی دەرگای ئەشکەوتەکەوە، هەموو شتێکی بەچاوی خۆی بینی... بەهەردوو چاوی خۆی بینی... شازادە تا توانی کوشتی و بریندای کرد... بەڵام... دێوەکان زۆربوون و شازادە خۆی تەنیا بوو... لەپڕ... لەپڕ دێوی سپی سەرۆکی هەموو دێوەکان... نەڕاندی و خۆی گەیاندە شازادە و بەهێرشێ، سەری شازادەی لە لەشی جیاکردەوە... لەشی بێ سەری شازادە... لە

سووچێکی حەوشەکەدا و... سەرەکەشی... لە سووچێکی تردا، داکەوت... خوێنی شازادە لە نێوەڕاستی حەوشەکە ڕژابوو.» ئەسرینەکانی دایە گەورە دەڕژایە سەر بسکی کەمەندو ئەسرینەکانی کەمەندیش بەسەر گۆنایدا دەڕژا. دایە گەورە دەینالاند، بەڵام کەمەند دەسبەردار نەبوو: «بڵێ... تۆ خودا بڵێ... درێژە بدە... تۆ هەموو کاتێ تاکوو ئەم شوێنە دەگێڕیتەوە... ئەی شاپەری چی؟... ئەی شاپەری چی بەسەر هات؟» گریان و ناڵە، دایە گەورەی خستبووە گێژاوی فرمێسکەوە. کەمەند بەمستەکانی مەمکە شل و پووچەڵەکانی دایە گەورەی دەکوتا. دایە گەورە کەمەندی خستە سووچێکەوە و هەستا و لە بەرانبەری ڕاوەستا. چاوە سوور و خەمینەکانی بڕییە نێوچاوانی کچەکە و گوتی: «شاپەری؟... شاپەری کە هەموو شتێکی بەچاو بینی و دیتی سەری نازداری مێردەکەیان بڕیوە... نەیتوانی ئۆقرە بگرێ و لە شوێنەکەی هاتەدەرێ... لەژێر خان هاتەدەرێ... قیژاندی و خۆی خستە سەر لەشی بێ سەری مێردەکەی... بەڵام... بەڵام... دێوی سپی خێرا... بسکەکانی گرت و هاویشتیە پشتی خۆی و لەگەڵ لەشکری دێوەکان، لە چاوترووکانێکدا ونبوون.» کەمەند بەسەرسووڕماوییەوە پرسی: «ئەی دایکی شازادە... ئەو... ئەو چی کرد... ئەو چی بەسەرهات؟» دایە گەورە ناڵاندی و گوتی: «ئەو پیرێژنە بێ بایەخە... ئەو... ئەو... سەگە... ئەو لەچکەکەی تەپاندبووە نێو زارییەوە و خنکابوو... بێدەنگ سەیری دەکرد... نیتوانی لە جێگەی هەستێ... ئەو سەگە... هێشتا دەلال بوو... هێشتا جوان بوو... ترسا و نەهاتە دەرێ... لە خۆی ترسا... سەیری لەشی کوڕەکەی کرد و شتێکی نەگوت... شاپەرییشیان خۆ برد... شاپەرییشیان خۆ برد...» دایە گەورە لەبەر پێی کەمەندا لەسەرخۆ چوو، کەوتە سەر زەوییەکە.)

(خاتوو قەشەنگ بانگی کرد: «کەمەند... خاتوون... خاتوون کەمەند... میوانت بۆ هاتووە.» کەمەند بەئارامی چاوەکانی کردەوە و بەئەستەم هەستا و لەسەر تەختەکەی هاتە خوارەوە؛ بەڵام سەری گێژی خوارد و دیسانەوە دانیشت. تەها دەرگای کردەوە و وەکو نامۆیێک هەنگاوی نایە ژوورەوە.



کاتێ چاوی بەکەمەند کەوت، لە پڕ حاڵی گۆڕدرا. ڕەنگێ ڕەش بەدەور چاوەکانی کەمەندا ئەڵقەی بەستبوو. لەو ژنە چاو سەوزە، لەو ئاسکە دەلالە، کە سەردەمانێک، کۆتی ئەوینی خستبووە ملی ئەو، ئیتر شتێک نەمابوو. تەنیا مشتێ پێست و ئێسقانی لێ مابوو. فرمێسک لە چاوانی تەها دەهاتە خوار: «ئەمە ئەو شوێنەیە کە بۆی دەگەڕای؟»

کەمەند وەڵامی نەدایەوە و تەها چووە پێشەوە و دیسانەوە سەیرێکی ژوورەکەی کرد. تەنیا شتێ کە کەمەند لەگەڵ خۆیدا هێنابووی، گۆزەڵەکە و تابلۆیێک لە دایە گەورە بوو.

تەها گوتی: «ئەمن دیسانەوە لەگەڵ دوکتۆر باسی تۆم کردووە، دوکتۆر دەڵێ تۆ دەبێ چەند ڕۆژێک لە نەخۆشخانەدا بخەوی بەڵکو فشاری خوێنت بێتەوە سەرخۆ، پاشان عەمەڵت دەکا و ئینجا... هەموو شتێ... بەخۆشی تەواو دەبێ... و ئینجا...»

بەئارامی لە تەنیشت کەمەندا دانیشت و دەستە سارد و لاوازەکانی ژنەکەی گرتە نێو دەستە گەرم و پڕ هێزەکانی خۆی و گوتی: «تکات لێ دەکەم... گاڵتە بەگیانی خۆت مەکە... هەموو شتێ لەبیر بەرەوە... هەستە با بڕۆین تا درەنگ نەبووە بڕۆین و لە نەخۆشخانەدا بخەوە... لە دوای ماوەیێک...»

کەمەند بەدەنگێک وەکو ئەوەی لە نێو چاڵێکەوە بێتە دەر، وەڵامی دایەوە: «ئیتر درەنگە... خۆت ئازار مەدە.»

تەها قیڕاندی: «مەگەر چی بووە ها... خۆ من... خۆ من پێوەندی خۆمم لەگەڵ «ئەو»دا بڕیوە قەت تەلیفۆنیشی بۆ ناکەم... تۆ خودا بۆ هەروا خەریکی خۆت دەکوژی؟... ئاخر بۆچ لە بیری من نیت... مەگەر...»

کەمەند ناڵاندی: «تۆ...؟»

نیگای کەمەند پشتی مێردەکەی هەژاند. لە دوای ساتێ تەها بێ خوداحافیزی لە ژوورەکە دەرکەوت. کەمەند بەهەر جۆرێ بوو خۆی گەیاندە

لای گۆزەڵەکە و لە ئامێزی گرت. لە دوای ماوەییێک هەستی کرد گۆزەڵەکە خەریکە گەرم دەبێ و لەشی ئەو ساردتر دەبێتەوە، بەڵام ئەم جارە کەمەند نەیدەویست گۆزەڵەکە لە دەس بەربدات. ئارام چووە گێژاوێکی مەستانەوە.)

(کەمەند هەڵات و دەستەکانی گرتە ژێر ئاوەکە و بەپەلە پژاندیە ڕووی دایە گەورە دەستی کرد بەجووڵاندنەوەی.

پاش ماوەییێک، دایە گەورە چاوەکانی کردەوە... کەمەند بەردەوام بانگی لێ دەکرد: «دایە... دایە گیان... تۆخوا چاوت بکەرەوە... ئیتر باسی شازادە و شاپەری ناکەم. ئیتر لێیان ناپرسم. تۆبە ئیتر لاڵ دەبم...» دایە گەورە چاوە گەورە و ڕەشەکانی کردەوە و سەیرێکی کەمەندی کرد و ئازا دەستی پێکردەوە، تاکوو کازیوەی ئەورۆ... لەگەڵ باجیدا... زەوی حەوشەکەمان کەند و لەش و سەری «دیاکۆ»مان شوشت و غوسڵمان دا و ئەسپەردەمان کرد و ئینجا گۆڕەکەمان لەگەڵ پانایی حەوشەکە ڕێک کرد... با کەس... پێمان نەزانێ... دایکی تۆ دایکی تۆ... ئەو کاتە دە ساڵان بوو... ئەومان لەژێر خاندا، بەند کردبوو... باجی جلوبەرگەکانی منداڵیی دیاکۆی کردبووە بەری دایکت... کاتێ باجی بەپەلە دایکی تۆی هێنایە دەرەوە... هەرکە بینیم... لەسەر خۆم چووم... باجی بەهەزار چەرمەسەری وەهۆشی هێنامەوە... باجی دەترسا... بەردەوام دەیگوت: دێنەوە... دەزانم دێنەوە... دەبێ بڕۆین بەڵام من نەمدەتوانی... دیاکۆ بەجێ بێڵم... خەریک بوو دیق بکەم... باجی چووە ژێرخان و گۆزەڵەکەی دیاکۆی هێنا... هەر ئەو گۆزەڵە وا بەدەستەکانی خۆی دروستی کردبوو و هەموو کاتێ ئاوی لێ دەخواردەوە... بەڵام پاش هاتنی گوڵبەهار، من گۆزەڵەکەم بردە ژێر خان... ئاخر گوڵبەهار ئاو خواردنەوەی دیاکۆی بەو گۆزەڵە قەدەغە کردبوو... دیاکۆش لەبەر دڵی گوڵبەهار شتێکی نەگوت و پێیدام هەڵی بگرم... دیاکۆی ناوی گۆزەڵەکەی نابوو ژیان... باجی دەستی هاویشتە نێو خوێنەکەی دیاکۆی و دای بەقەد گۆزەڵەکەوە و ئینجا گوتی بڕوانە خاتوو گیان شەهیدەکەت گراوی



ئەمەبوو... بێ و دڵت بدە بەئەم گۆزەڵە... وەرە تا «سالار» نەهاتووتەوە بابڕۆین... ئێرە چۆڵکەین و بڕۆین... ئەمە بۆنی دیاکۆی لێ دێت... هەر لەوێدا دڵم دا بەگۆزەڵەکە...

دڵم لە گۆڕی دیاکۆ هەڵکەند و دامە دەرخواردی گۆزەڵەکە... گۆزەڵەکە بۆ من بوو بەدیاکۆ... ئاخر ناچاربووم... ئەنا دیقم دەکرد.»

(کەمەند پێکەنی و دەرگای سندووقەکەی کردەوە و شتومەکەکانی دایە گەورەی هاویشتە دەرەوە و بۆنی کرد و گوتی: «ئەمە یانێ... بۆنی... خاڵۆ دیاکۆم دەدا؟» جا گۆزەڵەکەی بردە لای دایە گەورە و گوتی: «بۆنی بکە... تۆخودا بۆنی بکە» دایە گەورە بۆنی کرد و چاوانی قووچاند. کەمەند گوتی: «بەڕاستی هەر ئەم بۆنەی لێ دەهات؟» دایە گوتی: «دەزانی کچەکەم... تۆ... هەر کەسێکت خۆش دەوێ... دەتوانی بۆنەکەی لەم گۆزەڵە هەست بکەی... ئەمە بۆنی ئەوین و ژیان دەدا.»

کەمەند گوتی: «هەر کەسێ؟» دیە کەواکەی دەق کرد و گوتی: «هەر کەسێ».

کەمەند کەوتە بیری تەها کوڕی میرزا حەمە، وا تازە ببوو بەمامۆستایان و گۆزەڵەی گرتە ئامێز و بۆنی کرد.»

«دوکتۆر تێدەکۆشی، دەرزییەکە بکاتە نێو ڕەگی دایە گەورەوە. ئارەق لە ڕوخساری دەڕژا... بەڵام لە دوای ئەوەی هەموو جێگای دەست و پێی دایە گەورەی دەرزی ئاژن کرد، دەرزیەکەی هاوێشتە نێو قاوە سینییەکە و گوتی: «بابە... خۆ ئەمە دەمارەکانی لە دەستم هەڵدێن... تەمەنی چەندە؟ بابە گوتی: «هەشتای تەواو کردووە.» دوکتۆر سەری لەراندەوە و گوتی: «تەمەنی خۆی کردووە... بیدە دەستی خوداوە... تا بزانین چی دێتە ڕێگای.» کەمەند چووە بەرەوە بەپەژارەوە چاوی بڕیە لەشی لاوازی دایە گەورە. شوێنی قامچییەکانی بابە و خوێنی برینەکانی، ئەو کچە جوانەی پتر خەفەتبار کرد. کەسێ بەئەوی نەوتبوو کە لە ژوورەکە بچێتە دەرەوە، کەمەند هەستی کرد دایە گەورە خەریکە تەمەنی تەواو دەبێ، خەریکە

دەمرێ. کەمەند سەیری کاتژمێرەکەی کرد. نێزیکەی دوازدەی نیوەڕۆ بوو. لێوەکانی دایە گەورە تەکانیان خوارد. کەمەند بۆ لای هەڵاتەوە. دەستەکانی لە دەستی خۆی گرت و ماچی کرد: «دایە گیان... چیت دەوێ؟» برژانگەکانی دایە جووڵایەوە و لە دوای ماوەیێک چاوەکانی کردەوە و سەیرێکی کەمەندی کرد و بەهێواشی گوتی: «ئاو». کەمەند ئاوی بۆ هێنا و ئەو تێکۆشی ئاوەکە بخواتەوە ئینجا سەری بەرەو لای دەلاقەکە سووڕاندەوە و بۆ گۆزەڵەکە ڕوانی. کەمەند گوتی: «بابە، دوێنێ شەو، دەیەویست بیشکێنێ... بەڵام من نەمهێشت.» دایە گەورە ناڵاندی: «ئەتەوێ درێژەی چیرۆکەکەت بۆ بگێڕمەوە؟» کەمەند گوتی: نا... نا...، ئێستا نا... بهێڵە بۆ دوای چاکبوونەوەت... بێدەنگ بە دایە گیان.» بەڵام دایە گوێی نەدا و دەستی پێکرد: «مانگی دواتر... مامە... برای باجی... لە دێ ڕا هات و هەموو شتێکی گێڕاوە... لەباتی گوڵبەهاریش ئۆقرەم گرت... گوڵبەهار... دوو سێ ڕۆژ لەلای سالار دەمێنێتەوە... نە ئاو دەخوات و نە نان... بابی سالار پێی دەڵێ... یانێ... بەسالار دەڵێ... برۆ بەزۆر... کاری تەواو بکە... بەڵام سالار... کە... ساڵەها گیروودەی گوڵبەهار بووە... دەڵێ نا... کاتێ خۆی ڕازی بوو ئینجا مارەی دەبڕم... بابی سالار لەشی گوڵبەهار بەقامچییەکەی ڕەش دەکاتەوە... بەڵام... گوڵبەهار... ڕازی نابێ مارەی بۆ سالار ببڕن... سالار دژی بابی ڕادەوەستێ و دەڵێ: کارت بەسەریەوە نەبێ. بابی دەڵێ: تۆ پیاو نیت تۆ دەترسی... هێشتا لە مردووی «دیاکۆ»ش دەترسی. بابی سالار هێندە قسەی بۆ دەکات، تاکوو سالار... سوێند دەخوا... ئەگەر... هەتا حەوتوویێکی تر، گوڵبەهار خۆی ڕازی نەبێ... بەزۆر... مارەی دەبڕێ... هەواڵەکە دەگاتە گوڵبەهار... شەوی دوایی... ئاگاداریان دەکا... کە «من... ڕازیم... حەمامەکە ڕێکخەن و مەلا بێنن... بەڵام بەو مەرجە کە ماڵەکە چۆڵ بکەن... کەس نەزانێ»... چۆن شەرم دەکا هێشتا چەن ڕۆژ لە ماڵوێرانییەکەی ڕاینەبواردووە»... سالار زۆر خۆشحاڵ دەبێ و هەر ئەو شەوە... فەرمان... دەدا... حەمام گەرم بکەن و کەسێک



دەنێرێ تاکوو لەشی گوڵبەهار بشوا... سالار فەرمان دەدا ماڵ چۆڵکەن... گوڵبەهار دەڕواتە حەمام... لەوێدا ئافرەتە حەمامچییەکە بەنەشتەر دەکوژێ و سواری ئەسپێ دەبێ و بەرەو دێ دەیتەقێنێ... بەزوویی سالار لەم کارە ئاگادار دەبێ وەدووی دەکەون... کاتێ گوڵبەهار دەگاتە بەرەوە... جگە... لە... مامە... کەسێ لە ماڵ نابێ... لە مامە... شوێنی گۆڕی دیاکۆ دەپرسێ... سوارەکان لە دوورەوە دەردەکەون... گوڵبەهار دادەبەزێ و دەچێتە سەر گۆڕی مێردەکەی و... هەر... لەوێدا... شارەگی... گەردنی خۆی بەنەشتەر دەبڕێ... کاتێ... سالار دەگاتە بەرەوە گوڵبەهار... دواین هەناسەی دەکێشێ... سالار... کە... گوڵ...بەهار... بەو شێوە... دەبینێ... بە... فیشە...کێ خۆی دە...کو..ژێ»

(بەدەنگی پرمەی گریانی دایکی، کەمەند، چاوەکانی کردەوە و بەپەشۆکاوییەوە چووە بەر دەلاقەکە. لەسەر بەردێک، لە تەنیشتی حەوزەکە، تەرمی دایە گەورەیان دانابوو و شەدەکەیان بەسەردا کێشابوو. دایکی دەگریا و بابەش لە سووچێکا ڕاوەستابوو. خاتوون قەشەنگ لە تەنیشتی دایە دانیشتبوو، دەستەکانی ئەوی گرتبوو. کەمەند هەستی کرد دایە گەورە بەئارامی و ئاسوودەیی نوستووە. گەڕایەوە و سەیرێکی گۆزەڵەکەی کرد.

چووە بەرەوە و لە ئامێزی گرت. هەستی کرد گۆزەڵە نەخشدارەکە، خەریکە گەرم دەبێ. زاری لەسەر زاری گۆزەڵە دانا و قیژاندی: «دایە گەورە... دایە گە...و...رە...» دەنگی ئەو لەنێو گۆزەڵەکەدا شەپۆلی دەدا و کاتێ دەگەیشتە بن گۆزەڵەکە دیسانەوە دەگەڕایەوە زاری. پێیەکانی کەمەند لەرینەوە و بەئارامی کەوتە سەر زەوین. هەستی کرد خەریکە لە گێژاوێکی مەستانەدا نوقم دەبێ.)

(دوکتۆر گوتی: «بەداخەوە فشاری خوێنی زۆر لە خوارەوەیە... هەروەها قەندی خوێنی زۆر هاتووەتە خوارەوە... بڕوا ناکەم چاک بێتەوە... پێم وایە نابێ هیچ شتێکی خواردبێ... باش خزمەتیان نەکردووە... ئەنا ئەوەندە زوو

وە ئەو حاڵە نەدەکەوت.»

تەها ، سەری داخست و ئارەقی ڕژاند و خاتوون قەشەنگ گریا و گوتی: «چەند ڕۆژێکە تەنیا کەوچکێکی خواردەمەنیشی نەخواردووە... هەڵبەت نەڵێن نەبووە... نا... بەخودا... بەگیانی خۆی هەموو ڕۆژێ چێشتم بۆ بردووە... بەڵام... خۆی نەیخواردووە.»

تەها بەگریانەوە گوتی: «ئاغای دوکتۆر... ئەگەر دەزانن چاک دەبێتەوە... دەیبەمە هەندەران.» دوکتۆر بزەییێکی گرت و گوتی: «کەس هیچی بۆ ناکرێ... بەخودای بسپێرن.»

(کەمەند بەئارامی پێی نایە نێو ژووری کۆن و ماندوو و داڕووخاوی ئەوپەڕی حەوشی ماڵی خاتوون قەشەنگەوە.

هەموو شتێ لە جێی خۆی بوو... گۆزەڵەکە وەکو ژیلەمۆ دەسووتا. کەمەند، هەستی کرد، هەر سات، ڕەنگە، گۆزەڵەکە گڕ بگرێ. گۆزەڵەکە وەکو بەردێکی ئاگرینی لێ هاتبوو. چووە بەرەوە و گۆزەڵەکەی هەڵگرت. دەستی کێشایە پەیکەری گۆزەڵەکە و ئێسقانە ساردەکانی گەرم بوونەوە. زارە ساردەکەی نایەسەر لێوارەی گۆزەڵەکە و قیژاندی: «دایە گەورە... گوڵبەهار... دیاکۆ...» دەنگەکە لە گۆزەڵەکە شەپۆلی دا و کاتێ گەیشتە بن گۆزەڵەکە، گەڕایەوە زاری کەمەند. کچە ساردەکە، ئێستا، ببوو بەشەپۆلی گڕ و ئاگر.

سەری بردە دواوە و سەیری گۆزەڵەی نێو دەستەکانی کرد. گۆزەڵەکە بەتین و گڕ، لەسەر دەستەکانیدا دەسووتا. هەردەم و کاتێ بەشێوەییێک دەردەهات. هێندێ جار بەتەواوی دەبوو بەچاو. چاوگەلێ ڕەش و مردوو... چاوەکانی دایە گەورە دەبوو بەلەشی بێ سەری دیاکۆ و سەری بێ لەشی ئەو. هێندێ جاریش دەبوو بەئەسرین و دەتکا. شێوەی دەگۆڕا و دەبوو بەگوڵبەهار، نوێ بووکێکی خوێناوی. گۆزەڵەکە دەبوو بەکەمەند و دەبوو بەگوریس و دەپێچرایە لەشیەوە.

گۆزەڵەکە هاتبووە کوڵ. کەمەند هەستی کرد گۆزەڵەکە ڕەنج دەکێشێ و لە



خۆیدا سەرڕێژ دەبێ. لە داخی ساڵەها ڕەنج و ئاپۆرە دەسووتا. گۆزەڵەکە دەبوو گۆزەیەک کە لە تەواوی پەیکەرەکەی خوێن دەتکا. خوێن لە گۆزەڵەکە دەپژایە دەرەوە. خوێن و زوخ لە قامکەکانی کەمەندەوە دەڕژایە سەر زەوی. کەمەند بەشێوەییێکی نامۆ سەیری گۆزەڵەکەی دەکرد. هەستی کرد گۆزەڵە، لە سووتان و خوێناو ڕشتن و ڕەنج و ئاپۆرە ماندوو بووە و دەیەوێ خۆی لە دەستی خۆی ڕزگار بکا. گۆزەڵەکە ژانی گرتبوو، باڵەفڕەی دەکرد. گۆزەڵەکە ئیتر خۆی نەبوو. ئێش و خەم و خوێن بوو. وێنەی خۆشەویستەکانی کەمەند بوو. کەمەندێ بوو کە دەپێچرا بەتەواوی لەشیەوە. گۆزەڵەکە لە تاوی ساڵەها و ڕەنج و جوداییەوە ئێشی دەکێشا و دەینالاند.

کەمەند قیژاندی و بەهەر دوو دەستی، گۆزەڵەکەی بەرزکرد و لە زەوینیدا.»

دوکتۆر ئاماژەی کرد. دوکتۆر ئاماژەی کرد. خاتوون قەشەنگ نالاندی و بەئارامی چاوی لێک نا و پارچە سپییەکەی بەسەر کەمەندا کێشا.

# دار و مریەم

دەمێک بوو مریەم لەژێر دارە سووتاوەکەی بناری کێودا خەوی لێکەوتبوو. خەوێکی هێندە قـووڵ کـە بارەبارِی بەردەوامی مـەرِەکـانیش وەئاگـایان نەدەهێنایەوە. مێگەلە مەرِ ئارام و ئۆقرەیان لێ برِابوو. چما تیشکی کزی ئەو ئێـوارەیە پێی دەگـوتن کـاتی رِۆیشـتنە. مێـگەل بێ قـەرار بوو؛ بەڵام مریەم ئاگای لە جیهان نەبوو.

(لەچنگی ئاسۆوە خوێن دەرِژا... لقوپۆپی دارەکە گرِی گرتبوو و بەرەبەرە دەشکا و بەسەر ملی ئاسۆدا، دادەرِژا...

ئاسـۆ بەگاشە بەردێکەوە خۆی هەڵواسی بوو... کراسە شینەکەی مریەم درِابوو و لەنێـو دارە شێـلانەکـاندا لە براکـەی دەگـەرِا: «ئاسـۆ... ئاسـۆ... دەوەرەوە...» ئێش و ترس ئاسـۆی لاڵ کـردبوو... دارەکـە وەکـو مـرۆڤـێک، دەلەرایەوە و خۆی رِادەوەشاند.)

ئارەق لە تەوێڵی مریەمەوە دادەرِژایە سەر گۆناکانی. دەنگی مێگەل لە سرتەسرت دەرچووبوو و دەرِۆیشت تا بیبێتە هەرا.

(مـریەم بەنێـو دارەکـانـدا وێڵ و سـەرگـەردان دەگـەرِا «... ئاسـۆ... دەی چاکە... ئیتر باسی لێ ناکەم... دایکم دەی دووریێنێتەوە دەتبەخشم؛ درەنگە دەبێ برِۆینەوە... بۆنی دووکـەڵ و بۆنی لەشی ئاسـۆ و بۆنی ئێـوارەی کوێستان لەگەڵ یەکتردا تێکەڵاو ببوون... ئاسۆ هەستی کرد... بەردەکە لەنێو



دەستیەوە دەخزێت و دەردەچێت... ئەسرین لە چاوەکانی رِژایە خوار و تکایە نێـو گـۆمـەکـە... گـۆمـەکـە شـەپۆلێکی نەرمی دا و ئاسـۆی هەڵلووشی... سـەرچلی دارەکـە گـرِی لێکەوت، شـەمـاڵە لەسـەر لقـەکـانەوە هەسـتـا... دارەکەی مریەم لە گرِدا دەسووتا و لقوپۆپی هەرەسی دەهێنا...

ناو قـەدی دار بێ جـووڵە مـا و بەرەو ئاسـۆ ئەبڵـەق مـا. «مـرێ جـوان... وەرەوە... مرێ جوان دەی... وەرەوە)

مێگەل لە ترسان دەیکارِاند. کراسە زەردەکەی مریەم لە ئەسرین و ئارەق داخووسابوو.

(کـاتێ گۆمـەکە ئاسـۆی کێشا نێو دڵی خۆیەوە، براکەی مریەم بەگوێی خۆی بیستی کە «مرێ... مرێ جوان... دەی وەرەوە»)...

مـووچرِک بەلەشی مـریەم داهات... هەسـتی کـرد شـتێ بەرەو لای خـۆی رِایدەکێشێ... شتێ تێکەڵاو لە بۆنی دووکەڵ و یادی براکەی و دەنگێکی تەماوی... مریەم بەرەو لای گۆمەکە و دارە گرِگرتووەکە هەڵات. چنگی ئاسۆ خـوێنی لێ دەتکا... گـۆمـەکـە ئاسـۆی هەڵمـژی بوو... تەنیـا دەسـتـەکـانی بەدەرەوە بوو... مریەم زریکاندی و ئەنگوستە خوێناوییەکانی ئاسۆی گرت و بەرەو لای خۆی کێشایەوە «ئاسۆ... بۆ سووتاندت؟... بۆ دارەکەمت گرِدا؟» «مـریەم... بەگـوێی خـۆم دەنگی دارەکـەم بیـست... بەهەر دووگـوێ خـۆم بیستم.)

مێگەل هەڵ خرِۆشابوو. دەنگی ئێوارەی کوێستان و لوورە لووری چەقەڵ و کارِەی دڵتەزێنی مێگەل، کوێستانی داگرتبوو.

مـانگ هەڵاتبوو. بەرخە چکۆڵەکەی مریەم قـەپی بەکراسـە زەردەکەیدا، گرتبوو و درِاندبووی. «مرێ... هەستە مرێ جوان.» بەرخە سپیەکە ترسا و خۆی خستە داوێن مریەمەوە،. مریەم تەکانێکی خوارد و هەستایە سەرپێ و ئارەقی لەسـەر و چاوی خۆی سرِیەوە. بێـدەنگی دەور دەشتی داگرتبوو. مێگەل نەمابوو. تەنیا تەپوتۆزێ خەریک بوو بنیشێتە سەر سەری زەوین و دارە سووتاوەکە و بان قژەکانی مریەمەوە.

# سوججەماری خەیاڵ

بۆنی گوڵە نێرگز و بادەمە تازەکان هەوای ئاخنیبوو. حەک چەندە خۆش بوون ئەو بۆنانە، مەستیان دەکردم. ئارەزووم بوو، دوای ئەو مەستییە هیچ شتێکی تر نەبوایە و میلەکانی کاتژمێر لە گەڕان بوەستابان؛ بەڵام نەدەکرا. لە دوای ئەو مەستی و سەرخۆشییە، تاریکیم بۆ ساز کرابوو.کوێری و ئاژاوە و سەرلێشێواوی... ئای چەندە پیس بوو ئەو سەر لێشێوانە. دایکم دەستی گرتم و وە شوێنی خۆی ڕاکێشی کردم و بەتووڕەییەوە گوتی: «نەکەوی... ئاگات لە خۆت بێ... شوێنی من بکەوە.»

هەر وەکو منداڵێکی پەشێو و ترسنۆک بەشوێنیدا رادەکێشرام و دیمەنی دەم و لێوی دایکمم دەهاتەوە بیر کە بەردەوام دەکرایەوە و دەبەسترایەوە، وێنەی دەگۆڕی و پان دەبۆوە و کێشی دەهات.

وەکو شێتم لێ هاتبوو، کە دەچوومە ئەو دۆخەوە، ڕواڵەتی ڕاستەقینەی شتومەکەکان و تەنانەت کەسەکانیش لە مێشکمدا، دەگۆڕدران. کاتێ ناوی شتێ یان کەسێکم دەبیست، ڕەنگەکان لە مێشکمدا دەکەوتنە پەلەقاژە و هاتوچۆیان دەکرد، جارجاریش هێندێ لە ناوەکان تووڕەیان دەکردم و هەستەکانمیان دەهەژاند. بۆ وێنە، هەر چەن باش دەمزانی گوڵە نێرگز چلۆنە، بەڵام هەرکە بۆنی دەهات بەلووتمدا، نەخشی «پەری» دەنیشتە نێو مێشکم. خۆ من قەت پەریم نەدیوە و پێشم وانیە کەسیش دیبێتی،



بەڵام ڕواڵەتێکی نامۆ و جوانم دەهاتە مێشک کە پێم وابوو، پەرییە. یان سەلکە توور، وەکو باڵۆنی لێ دەهات. ناوی «نەشمین»، ڕەنگی سەوزی دەخستە مێشکمەوە. کارەبا، پێستێکی قاوەیی بوو. ناوی کەژاڵم کە دەبیست، ڕەنگی سوور دەخزایە مێشکمەوە و لەشم گەرم دادەهات. نەمدەزانی بۆچ وام بەسەر هاتبوو.

دڵم هەڵدەشێوا و نەمدەتوانی هەنگاو هەڵێنم. دایکیشم هەر بەردەوام وە دوای خۆیدا ڕایدەکێشام. دایکم هاواری کرد: هۆی... هۆی حەمە... حەمە ئاسیە... دوو کورسیش بۆ ئێمە بگرە»

لە دەنگ و هەرای دایکم تێگەیشتم کاتی ڕێکەوتنی پاسەکەیە. دایکم گوتی: «دا لاوەن نابینن کوڕەکە کوێرە... لاوەن با سوار ببین.»

کوێری یانێ پانتایی ڕەنگێکی سووتاو لە مێشکی تۆدا. هەموو کەس وادەزانن کوێری، شوورایێکە لە تاریکی. بەڵام لای من پانتایی ڕەنگێکی سووتاوبوو. چونکە هەموو ساڵێ بەهاری من دەسووتا. ڕەنگەکانی بەهار بریتین لە سەوز و سوور و زەرد و هەموو ڕەنگە ناسک و جوانەکان؛ بەڵام بۆ من ئەو ڕەنگانە سووتاوبوون. هەرکە بەهار دەهات و بۆنی ڕێواس دەکەوتە نێو بازاڕ و کۆڵانەکان و ماڵەکان، من کوێر دەبووم. هەموو ساڵێ لە تەمەنی دە ساڵانەوە بەم لا، بەهارەکانم کوێر دەبوون هەرکە ڕێواس نەدەما، وردە وردە، ڕووناکی دەکەوتە نێو چاوانمەوە و هاتوچۆی ڕەنگە سووتاوەکان ڕواڵەتی، کەسە تەماوییەکان و شتومەکە سەرسووڕهێنەرەکان، هێدی، هێدی، لە مێشکمدا لادەچوون و ئیدی هیچ ئاسەوارێکیان لێ نەدەماوە؛ بەڵام ئەو ناهومێدییە کوشندەی وا لەو وەرزە سووتاوە بەجێ دەما، باڵی بەسەر هەموو وەرزەکانی ژیانمدا، دەکێشا. دایکم بۆ لای دوکتۆرەکانی دەبردم و دەگریا و حەبی دەخست بەقورگمدا، لە تاڵ و تورش دەرخواردی دەدام؛ بەڵام هیچیان چاری دەردی من نەبوون، هەتا قۆناغی کۆتایی. بەرپرسی قوتابخانەکەمان شوێنی ڕەوان ناسێکی بەدایکم دا و گوتی: «بیبە بۆ لای ئەو، لە تاران دەژی،... پێم وایە چاری دەکا.» دایکم

گوتی: «دەتبەم». نیوەی خەرجی زەماوەندەکەمی هەڵگرت و بۆ تارانی بردم.

دوکتۆر زۆری گوت و زۆریشی پرسیار کرد و گوتی: «شتێک لە مێشکتدا ڕیشەی کوتاوە... شتێکی گرنگ و نامۆ... دەبێ بۆ خۆت بیدۆزیتەوە... دەبێ بگەڕێیتەوە بۆ هەنگاوی یەکەم بۆ ئەو شوێنەی بۆ یەکەم جار کوێربووی،... بۆ تەمەنی دە ساڵانت... ئەوە بزانە تەنیا خۆت دەتوانی یارمەتی خۆت بدەی...»

سواربووین. حەمە ئاسیە دوو کورسیشی بۆ ئێمە گرتبوو. حەمە ئاسیە گوتی: «دایە جێران... ئەمە مەنسوور نییە؟» دایکم گوتی: «با... خۆیەتی... بۆ؟» حەمە ئاسیە گوتی: «چووزانم بیستوومە دەسگیرانداره، وایە؟» دایکم گوتی: «با... بۆچی دەپرسی؟» حەمە ئاسیە گوتی: «هیچ کەژاڵ یان خەزاڵ؟» دایکم گوتی: «بۆچی... دەپرسی؟» حەمە ئاسیە گوتی: «هیچ... ئاخر... خۆ مەنسوور... هێشتا...» دایکم بەتووڕەیییەوە گوتی: «پێوەندی بەتۆوە نییە. کاکە گیان.» ئینجا دەستی گرتم و بەسرتەوە گوتی: «چۆنی؟» وەڵامم نەدایەوە و خۆم کردە خەوتوو.

ناوی کەژاڵ کە دەهات ڕەنگی سوور هەر سوور بوو. نە سووتاوبوو، نەهەڵقرچاو. عەشقی کەژاڵ کچی پوورم، ڕایگرتبووم. کەژاڵ گریا و گوتی: «پووریێ تۆ بێتو خودا منیش بەرن... بەڵێن بێ قەرەی مەنسوور نەکەوم... هەر لە دوورەوە چاوم لێی دەبێ... دەڕۆمە ماڵی باوا... قسەشی لەگەڵ ناکەم... تەنیا بهێڵە لە گەڵتانا بێم.»

دایکم تووڕە بوو و قیژاندی: «نا... نا... ناکرێ... تۆ لێرەبە، دەبێ خۆی ئەم شانۆیە تەواو بکات... ئیتر وەڕڕەز بووگم... نابێ کەس لەگەڵیابێ... تەواو.»

پوورم گوتی: «جێران... بۆ ئەوەندە دڵڕەقی.» دایکم گوتی: «نا... نابێ... ئابڕوومان پێوە نەماوە... دوکتۆر گوتوویە دەبێ خۆی تەنیابێ... ئاخر بۆ لە قسە حاڵی نابن.»



گوتم: «دایە...» دایکم گوتی: «بێدەنگ... ڕێکەوە با بڕۆین.» چرپاندی بەگوێمدا: «کەژاڵ قەراری لێ بڕاوە... دی زووکە ئەم بەزمە تەواو کە بینێ باخەڵی خۆت... تاکەی ئاخر...» بزەییێکم گرت و ڕەنگی سوور مێشکی پڕکردم. وەدووی دایکم کەوتم و گوێم نەدایە گریانەکەی کەژاڵ.

پۆلی چوارەمی سەرەتایی بووم. لە وەرزی بەهاردا گەڕاینەوە بۆ لادێ. پووریێ گوتی: «لەگەڵ کەژاڵ بڕۆن و باقەیەک ڕێواس بێنن.» من و کەژاڵ دەستی یەکترمان گرت و ڕوومان کردە شاخ. کەژاڵ جلی سووری لەبەردابوو. بەهار و جلوبەرگی سووری کەژاڵ و پێکەنینەکانمان، هەستێکی جوانی پێ بەخشیبووم. هەرکە گەیشتینە لای ڕێواسەکان، حاڵم گۆڕدرا. شنەی با و بۆنی ڕێواس، هەستێکی نامۆی لە دەروونمدا ورووژاند. لە پڕ دەنگی گریانی کۆرپەیێکم هاتە گوێ و ڕاچڵەکیم و پرسیم: «تۆش بیستت؟» کەژاڵ لقێ ڕێواسی هەڵکەند و گرتی بەڕوومدا و گوتی: «چی؟ چیم بیست... سەیری کە چەندە جوان و تەرچکە.» ڕێواسەکەی هێنایە پێش و لق و پۆپەکەی هێنا بەسەروچاوما و پێکەنی. لە ناکاو، دڵم هەڵشێوا و بەرچاوم تاریک بوو. هێڵنجم دا و ڕشامەوە. دەنگی پێکەنینی کەژاڵ وەکو قاقای عفریتەیەک تەزی بەلەشمدا هێنا.

کەژاڵ گوتی: «چییە؟ ئێرەییم پێ دەبەی؟» قیڕاندم و لەسەرخۆ چووم. کاتێ وریا بوومەوە، دی هیچم نەئەدی. تەواو. ببوو بەکاری هەموو ساڵێکم. بەهاران و وەرزی ڕێواس کوێر دەبووم.

باوەشم کرد بەدایکمدا و پاڕامەوە: «نا... نا... مەڕۆ... بۆ خاتری خودا مەڕۆ... ناتوانم... نا... بەتەنیایی ناکرێ.»

دایکم دووری لێگرتم و گوتی: «دەبێ تەنیا بیت... تەنیا... خۆت باش دەزانی... بیر لە قسەکانی دوکتۆر بکەوە و بێدەنگ بە.» گوتم: «دەباشە... لانی کەم باوا یان باوکی کەژاڵ... با یەکێکیان بێن و هەر بۆ ئەمشەو لەلام بمێننەوە... هەر تەنیا ئەمشەو... لە سبەی شەوەوە ئیدی کەسم ناوێ... دایە لەبەر قەبرەکەی باوکم... هەر تەنیا ئەمشەوە.»

دایکم بەتەشەرەوە گوتی: «تاپاز... چلۆن دەپارێتەوە... تف... بۆ؟ ... تۆ ئا لەم حاڵە... شەو و ڕۆژ لێک دەکەیتەوە؟»

گوتم «تۆ خودا... تۆ حەزرەتی...» دایکم قیژاندی: «بەسیە... بەسیە... یاست کردووم... ئاخر... نەگبەت، قەڕانێکت پێ نەهێشتووم، بۆ وازناهێنی... چیت لێم دەوێ... بوومەتە عەبداڵی شاران... بەگیانی خۆت ئەمجارە ئیتر جارەکەی جاران نییە... دەبێ باری ئەو کچە چارەڕەشە بخەی بەبارێکدا... من بەتوون... بەتەوەس؛ چاوی من دەرهات... ئەو کڵۆڵە تاوانی چییە؟»

دەنگی کەژاڵ دای چڵەکاندم «مەنسوور... مەنسوور کارێ بکە... چەندە قسەوباس ببیسم» چاوە جوانەکانی کەژاڵ هاتە نێو پانتاییێکی سوور و فرمێسکی لێ دەڕژا. دەنکی کەژاڵ وەکو گوڵ دەوەرایە سەر پانتائیە سوورەکە «من هەر ئاواش خۆشم دەوێی... بەڵام خەڵک چی... پووریێ چی... ئای مەنسوور... ئۆقرەم لێ بڕاوە» هەناسەییێکم هەڵکێشا و کەوتمە سەر زەوییەکە.

دایکم هاتەوە و لە ئامێزی گرتم و گوتی: «پیاو بە... پیاو... دەزانم سەختە... دەزانم... بەڵام چ بکەم... لەبیرتە دوکتۆر گوتی شەفا تەنیا لە دەستی خۆتدایە... لە بیرتە...؟»

دەنگی هەرا، هەرایەک ڕایچڵەکاندم «ئەمە مەنسوور نییە» «کەس ناتوانێ کارێکت بۆ بکات، دەبێ بچیتە دە ساڵانتەوە» «ئای مەنسوور کارێ بکە... هەوڵێ بدە... ڕزگارم کە مەنسوور.» دیسانەوە هەستامە سەرپێ و گوتم: «باشە... باشە دایە گیان. بەچاوان... هەرچی تۆ بڵێی... باشە... باشە دایە گیان.»

دایکم گوتی: «هەر لەم شوێنەوە کە وەستاوی، بەسێ هەنگاو دەگەیتە گۆزەی ئاو و بوخچە نانەکە وا بۆم داناوی. وریای ئاگرەکە بە نەکوژێتەوە... نەکا جانەوەرێ... شتێ قەرەت کەوێ.»

تەزیم و مووچڕکێکم پێداهات. دایکم دەستی گرتم و بۆ لای ئاگرەکەی



بردم و دەستمی خستەسەر باقە چێوەکە و گوتی: «ئەمانەش پەڵ و پووش و چڵ و چێو...»

دەستی بەردام و گوتی: «ئیدی من دەڕۆم... وریابە مەنسوور... ئاگات لە خۆت بێ» دەنگی هەنگاوەکانی دایکم، وەکو دەنگی دەهۆڵ لە مێشکمدا پەنگی دەخواردەوە و وەختە بوو مێشکم بتەقێنێ. گوتم: «دایە...» وەڵامێک نەبوو. هاوارم کرد: «دایکە» هیچ. بێدەنگی. ڕۆیشتبوو. دەستم کرد بەگریان و نووزاندنەوە. دەشمزانی کەس نییە فریام کەوێ.

زۆری نەخایاند، کە زانیم شەوە. بێگومان تاریکی تەواوەتی کەژ و کێوی داگرتبوو. دەنگی سیسرکەکان و دەنگی قربۆقەکان، شیبای فێنکی کەژ و خشەخشی گیانلەبەرەکانی تاریکی، دیمەنی شەویان دەئاخنیە نێو مێشکمەوە. بەپەلە خۆم بۆ لای قرچەقرچی ئاگرەکە کێشا و چەن لقە چێوم هەڵگرت و خستمە نێو ئاگرەکە. هێندە دەستم بردە پێشەوە هەتا کزە لە قامکێکمەوە هەستا. قامکم برد بەدەمدا و بەئاخ و ئۆخەوە مژیم. بەڵام هەست بەمەترسی ئەوەندە لەناخمدا پەرەی سەندبوو کە ئەگەر هەموو قامکەکانم و تەواو دەستیشم بسووتبایە، هەستم بەسووتان و ژانەکەی نەدەکرد. لە پڕ خشەییێکم بیست. دیسانەوە تەزیم. لەشم بوو بەسەهۆڵ. ئای کوێری... چەندە پیس بوویت. لەو ساتانەی ترس دایدەگرتم، لووت و دەم و گوێم و تەواو ئازای جەستەم کوێر دەبوون. تەنیا ڕەنگە سووتاوەکانی مێشکم دەمانەوە. نە دەنگ، نە بۆن... تەنیا دەمزانی گەورەترین ئاواتم ئەوەیە زیندوو بمێنم و خۆم لەو مەترسییە دوور بخەمەوە. تەوژمی کۆخەییێکی سەخت، سینگی داگرتم. دەست و پێم جووڵاندەوە و هەناسەییێکم هەڵکێشا و گوێم هەڵخست. دیسان خشەکە هات. دەستم برد و لەرزەلەرز، بەردێکم لەسەر زەوییەکە هەڵگرت و فڕێمدا بەرەو لای دەنگی خشەکە. گوێم گرت ئیتر خشە نەهات. گوێ قوڵاخ بووم. خشە هەر نەما. تۆزێ هێمن بوومەوە. دەنگم ساف کرد و کەوتمە گۆرانی خوێندن: «ئەسمەر یارم جوانە... وەک مانگی تابانە... ئەسمەر...» خشەکە

گۆرانییەکەی لەبیر بردمەوە. چنگم خستە سەر زەوین و دوو مشت کلۆم هەڵگرت و فڕێمدا بۆ شوێنی خشەکە و نەڕاندم: «ئەسمەر یارم... جوانە... وەک... مانگی... تا...با...نە...» ئەوەندە چنگم خستبووە زەوییەکە و بەرد و کلۆم بۆ لای خشەکە هاوێشتبوو کە لە جێ چنگەکانمەوە، چاڵێکی بچکۆڵانە دروست ببوو. ماندوو بووم. کەوتمە هەسکە هەسک. ئاو لە دەم و لووت و چاوە کوێرەکانمەوە دەتکا. با دەهات و دەنگی سیسرکەکان وەکو فیشەک بەردەبوونەوە نێو مێشکمەوە.

ئای کوێری... بریا ڕەنگە هەڵقرچاوەکان و ژیانە بێدەنگەکەم دووپات دەبۆوە. خۆزگە بەچەن ڕۆژ لەمەوبەر. ئای کوێری چیت لێکردم. بەناڵەناڵ خۆم کێش کرد لە زەوییەکە و خۆمم دایە بەر گەرمای ئاگرەکە. تۆزێ هێزم تێکەوت. دەمویست وەک خۆشەویستترین هانای ژیان، باوەش بەئاگرەکەدا بکەم. بەهەموو هێزەوە فووم لە ئاگرەکە کرد. هەموو هێزی گیانی خۆم فوو دەکردە سەر ئاگرەکە. دەمناڵاند و فووم دەکرد... دەپاڕامەوە و فووم دەکرد. لە ئاگرەکە دەپاڕامەوە تا لەو کاتەدا بەهانامەوە بێت و پەنادەرم بێت.

ئاگر ببوو بەپەنام ببوو بەکەژاڵ و بەدایکم و پانتاییە سوور و بەرفراوانەکە لە مێشکمدا بوو. تۆزێ ئارام بوومەوە. دەستم برد و گۆزەڵە ئاوەکەم هەڵگرت و چەن قومێکم لێ خواردەوە. گۆرانی، گۆرانی و ئاگر، وزەی ئەوکاتەی من بوون. دەستم کرد بەخوێندن: «ئامۆزا تۆ بالآبەرزی... ئامۆزا تۆ بۆ من فەرزی.» نەڕاندم: «کەژاڵ تۆ بالآبەرزی... کەژاڵ تۆ بۆ من فەرزی...» ئەهوەنتر بوومەوە. دەستم برد و بوخچەی نانەکەم هێنایە بەرەوە کردمەوە. نان و پەنیر و کفتە بوو. دەمزانی کفتەکان دەستوکاری کەژاڵە. بەئیشتیاوە دەستم پێکرد و پارووم گرت. دەمخوارد و دەمخوێند: «ئای کەژێ گیان... کەژێ... ئاخ کەژێ گیان... کەژێ... ڕەش ئەسمەر گیان... کەژێ.» کفتەکان زۆر بەتام و چێژ بوون. دەستم برد و بەشوێنی کفتە گەڕام. شتێکی دیکەم بەرچنگ کەوت.

«ئای... کە...ژێ... گ...ی...ان... کە...ژ...ێ.» نا... نا... نەمدەتوانی بڕوا



بکەم. دایکم ڕێواسی نابووە لای نانەکان. گەرم داهاتم. گۆرانی و کفتە و ئاگر لە هەست و بیرم دوورکەوتنەوە. شێت بووم... هاربووم. نەڕاندم و تا دەستی دا، ڕێواسەکەم فڕێدا. هێندەم قیڕاند و خۆم بەولاو بەولا کوتا کە تەواو هیلاک بووم. لە پڕ دەنگی شکاندنێ بەرگوێم کەوت . ترسام دڵم داخورپا. ئای دایە ئەم پەنە چی بوو بەسەرت هێنام. بۆن هات... بۆن... بۆنی کز. بۆنی چێوی تەڕ لە ئاگردا. بڕوام نەدەکرد. پەلم کوتا و گۆزە شکاوەکە کەوتە بەردەستم. زەوییەکە تەڕبوو. دەستم برد، پەلم کوتا، بۆنم کرد، ئاگرەکە کوژابووەوە و ئیتر زەوین و زەمانم لێ ببوو بەسەرای مەرگ. نەڕاندم. بەتەواوی هێزەوە نەڕاندم: «دایە... دایکە... کەژێ... کەژێ... ئای کەژێ گیان.» بەڵام تەنیا بووم کەس نەبوو. دەنگی تەنیایی من کەسی ڕانەدەچەڵەکاند. بێ پەنابووم. هەموو ژیانی ئەو کاتەم کە بریتی بوو لە گڕی ئاگر و خەیاڵی کەژاڵ و گۆرانییەکانم، خاپووربوو، مرد. هیچ نەمابوو. گەرووم گیرا و وشک هەڵگەڕا. نەمدەتوانی دەنگ هەڵێنم. دەلەرزیم و هەڵدەکورمام. لە هورووژمی زەریای ترسدا، هیچ دەنگێکم نەدەبیست. نەدەنگی شیبا ، نەدەنگی سیسرک و نەقووڕەی قربۆقەکان. هەرچی بوو لە مێشکمدا بوو. لە ناخمدا بوو. شەپۆڵی ترس و گرمەی مەترسی و زرمەزرمی ئەو دڵە بێچارەمە، کەڕی کردبووم. زۆری نەخایاند، بڕێ هاتمەوە سەرخۆ. بۆن هات. بۆنی توندی ڕێواسی تازە. دڵم بەیەکا هات و چیم خواردبوو، هێنامەوە. دڵ و دەروونم وەختە بوو بێتە دەرێ. لە پڕ هەستم کرد کەوتوومەتە نێو چاڵاوێکی زۆر قووڵ و ڕەشەوە. هەستم کرد، هێزێک بەرەو ناخی چاڵاوەکە دەمکێشێ. تلم دەخوارد و وەختە بوو بمرم چەند جار ڕشامەوە و هەناسەم پێداهاتەوە. لەپڕ هەستم کرد دەنگی گریانی گۆرپەییێک دەبیسم. ڕاچڵەکام. یەکسەر ببووم بەگوێ. گوێم هەڵخست. جارێکی دی دەنگەکە لە دەروونی خۆمەوە هەڵدێ. یانی چی؟ هەر ئەمەم کەم بوو. خشەییێک هات. خشەی نەهامەتی، بۆ چەن ساتێ هەستم کرد ئەو دەنگە هەر لە بیر و هەستی خۆمەوەیە. گوێم گرت. خشە هات. خشەی

نەگبەت و نزیک. نا... خشە هی دەرەوە بوو. لە دەرەوەی جەستەی من. ترسام و کشامە دواوە. دەنگی کەژاڵم هاتەوە بیر مەنسوور تۆ گیانی من تەواوی کە... تەواوی کە... تەواوی کە...» قیڕاندم: «دایە... دایە جیڕان» بەڵام بێدەنگی و هیچی تر. پتر کشامەوە. هەستم دەکرد لەنێوان ئەو چاڵاوە پڕ مەترسییەدا بەرەوخوار خلۆر دەبمەوە. هەستم دەکرد لەبنی چاڵاوەکە نزیک دەبمەوە. هەستێکی نوێم پەیدا کردبوو. پێم وابوو شتێ لەبنی ئەو چاڵاوەدا، چاوەڕوانمە. خشە هات. خشە. بەپەلە خۆم کێشایە دواترەوە. خشە. ڕاکشام. دەمم وشک ببوو. ناقم گیرابوو. شتێ لە بنی چاڵاوەکەدا، چاوەڕوانم بوو. شتێکی هەرەکۆن و لە هەمان کاتیشدا نوێ. دەنگی گریانی کۆرپەکە هات بەگوێمدا. خشە و شیبا و بۆنی ڕێواس جووڵەی لێ بڕیبووم. شتێ چاوەڕوانم بوو. خشە هات. گەیشتمە بن چاڵاوەکەوە. کەژ و کێو بوو. کۆرپەیێکی هەشت، نۆ مانگان لەنێو دیمەنێکی سەوز ڕاکشابوو و گغە و بقەی دەکرد. خشە هات. کۆرپە زۆر شاد و بەدەماخ بوو. بۆنی ڕێواس هات. خشە هات و شتێک خزایە سەرپێی ڕاستم. لەرزیم. شتەکە نەجووڵایەوە. «پیاو بە پیاو» ئۆقرەم لێ بڕاوە... کارێ بکە» «کوڕەکەم کوێرە... عاجزە.» «دەبێ ئەو شتە بدۆزێتەوە... هەموو شتێک لە دەستی خۆت دایە.» شتەکە کەوتە بزاوتن و خۆی بەرەو ئەژنۆم هەڵکێشا. وشک ببووم. بێ جووڵە. هەست و خوستم لێ بڕابوو. هێز و توانام نەمابوو. ئفلیج داکەوتبووم. کەوتمە نێو چاڵاوەکە و بەرەو خوار دەبوومەوە، بەرەو بنی چاڵاوەکە خلۆر دەبوومەوە، خۆم لە لچی چاڵاوەکە دەبینیەوە. کەوتنەکەم هەر دووپات دەبۆوە. دیمەنێکی سەیربوو. سروە هات و بۆنی ڕێواسی هێنا. پیاوێ لە تەنیشت کۆرپەکەدا خەوتبوو. خشە هات. شتەکە خۆی کێشایە سەر ڕانم. شتێ درێژ و سەوز خۆی خشاندە لای پیاوەکە. کۆرپەکە کەوتە سەر سک و سەیری شتەکەی کرد وا خۆی خشاندبووە سەر گەردنی پیاوەکە. سروە هات و بۆنی ڕێواسی تازەی هێنا، کۆرپە گغە و بقەی دەکرد و دەستی بۆ پیاوەکە دەکێشا. با...بە...



با...با؛ کۆرپە پێکەنی و شتەکە خۆی ئاڵاندە دەور ملی بابە. شتەکە خۆی کێشایە بان زگم. سروە هات و بۆنی ڕێواسی هێنا و بابە نەڕاندی و کۆرپە ڕاچڵەکی. بابە هەستا و دەستی گرتە هەر دوو چاویەوە و بەردەوام نەڕاندی و دوای قەدەرێک کەوتە سەر زەوییەکە. سروە هات و بۆنی ڕێواسی تازەی هێنا و بەرچاوی کۆرپە تاریک بوو. تاریک بوو... تاریک...

نەڕاندم و چنگم خستە دەور گەردنی مارەکە. کەوتمە بن چاڵاوەکەوە. سوجەمارێکی ئەستوور و بۆندار، لە دەوری کۆرپە بەرچاو تاریکەکە ئەڵقەی بەستبوو، و بەتوندی دەیگووشی.

سروە هات و بۆنی ڕێواسی تازەی هێنا. مارێکی قەڵەو بوو. سامناک بوو. چووین بەیەکدا. من لە مارەکە بەهێزتربووم و ئەو لە کۆرپەکە، لە کۆرپە بەر چاو تاریکەکە، بەهێزتر بوو. بەستەزمان کۆرپە بەرچاو تاریکەکە لە هەڵاکاتی مردندا بوو. ڕۆیشتمە هانایەوە. بۆن دەهات. نینۆکەکانم چەقیبوونە گۆشت و خوێن و ئێسقانی مارەکە. خوێن بەلای قامکەکانەوە دادەچۆڕا. تۆڵەی بابەم و هەشت ساڵ ژیانی بێ بەهار و چاوە تاریکەکانی ئەو کۆرپە هەژارەم، لەو مارە کردەوە. ڕزگاربووم. تەنیا دەنگی هەسکەهەسکی هەناسەکانی خۆمم دەبیست. جەستەی دافلیقاوی ئەو مارە زەردەڵەم فڕێدایە سووچێکەوە. ئارام بووم. ڕوانیمە دەوروبەری خۆم. کازیوە بوو و باوەش باوەش ڕێواسم بینی کە بارانی تیشکە زێڕینەکانی هەتاویان هەڵدەمژی و دەنگی دایکم کە هاواری دەکرد: «مەنسوور مەنسوور و ڕەنگی سووری کراسەکەی کەژاڵ گیان کە لەنێوان ئەو دەشتە سەوز و جوانەدا، دیمەنێکی شیرین و ئاشنابوو.

# شرپۆش

با هەڵی کردبوو، بەگڤەگڤ بیاوانی ئاڵۆزاندبوو. گێژەڵووکەییێکی سەیر لەناخی بیاوانە کارەبایی ڕەنگەکە هەڵی کردبوو. پیاوێ لە گێژەڵووکەکەدا، بێ خواستی خۆی، دەسووڕایەوە. پیاوەکە کەوتبووە تەقالاییێکی بێ ئەنجامەوە، بەڵام بۆ ساتێکیش لەو دۆخە ڕزگاری نەدەبوو. لەگەڵ گڤەگڤی بای شڕوشێتدا، ژنێکی سپی پۆش کە هەوساری وشترێکی زەردی بەدەستەوە بوو، بەهوروژمێکی نادیار، بەرەو گەردەلوولەکە ڕاپێچ دەبوو. ژنە و وشتر، دەستەوەستان، لە بەرانبەری بای تووڕەدا، کەوتنە نێوان گێژەڵووک و لەگەڵ پیاوەکە کەوتنە سووڕان.

با بەهێزتر ببۆوە. ئەوەندە کە ئاسمانی پڕاوپڕ کردبوو لە هەور. کۆمەڵە هەوری زەرد و تەماوی. ژن و وشتر و پیاو لە سووڕاندا بوون کە باران دایکرد. باران، باران. زەرد، زەرد دەباری و دەشتی کارەبایی ڕەنگی تەژی دەکرد لە ڕەنگی زەرد. هێندە باران باری تاکوو لە دەوری ئەو گێژەلووکەدا، قەفەزێ سازبوو لە جنسی لێردی باران. سخ و سفت.

دوای ماوەییێکی زۆر، باران ڕاوەستا، ئیدی با نەمابوو. زەوین هەر زەرد و ئاسمانیش هەر لە گوێنی زەوی بوو. هەموو شوێنێک بێدەنگ بوو. لەنێو قەفەزەکەدا، بوونەوەرێکی لێکدراوی سێ چەشنە داکەوتبوو. ماندوو، دەردەدار و بێدەنگ داکەوتبوو. بوونەوەرێک، تێکەڵاو لە ژنێک



و پیاوێک و وشترێک. دوای چەن ڕۆژ، بازرگانێ ڕەبەن و بەرشکست، ڕێی کەوتە ئەوێ. لەو سەری بیاوانەکەوە بەخەم و پەژارەوە دەهات و سەودای دۆزینەوەی خەزانەییێک لە سەری دابوو، بەڵکو کاروباری خۆی دیسانەوە، ڕێک بخات.

بازرگان گەیشتە لای قەفەز و بەسەرسووڕماوییەوە، سەیری بوونەوەر و قەفەزی کرد. پێی وابوو ئەو بوونەوەرە زۆر سامناکە. دانیشت و هەر سەیری کرد. دەستی برد تا قەفەز بجووڵێنێ، بەڵام نەیتوانی. قەفەز تا ناخی زەوی ڕۆچووبوو. بازرگان شەو و ڕۆژێک هەر سەیری ئەو بوونەوەرەی کرد. لە ئاکامدا، هەستا و ڕۆیشت و پاش چەن ڕۆژێ لەگەڵ جەماوەرێکی سەیردا. گەڕایەوە. هەموویان بەسەرسوڕماوی و پێکەنینەوە سەیریان دەکرد کە وەکو ژن دەگریا و وەکو پیاو دەیقیڕاند و وەکو وشتر دەیبۆڕاند. کچێک ڕۆیشتە بەرەوە و تۆزێ گۆشتی خستە نێو قەفەز. بوونەوەر خواردی. کوڕێ تۆزقاڵێ گیای خستە بەری و بوونەوەر خواردی. پیاوێ هەڵمەتی دا و دەستی کرد بەلەراندنەوەی قەفەز، بەڵام نەیتوانی بیجووڵێنێتەوە. بازرگان ڕووی کردە خەڵکەکە و گوتی: «بێدەنگ، بێدەنگ... ئەمە هی منە... هەر کەسێکتان بیهەوێ بیبینێ یان خواردنی پێ بدات، دەبێ پارەم بداتێ، دەبێ خەڵاتی بکات.» ئینجا دەستی برد و شەدەی ژنەکەی وەرگرت و کێشای بەسەر قەفەزدا. ئەو جەماوەرە شڕپۆش و پاپەتیە کە تا ئەوکاتە ژیانێکی ناکۆک و پڕ لە چەرمەسەرێ و نەداریان بەسەر هاتبوو، هەر کامیان، بەپەلە، ڕوو لە سووچێک، ڕۆیشتن و پاش چەن ڕۆژێ لەگەڵ چەن کەس گەڕانەوە. کەسانێ کە وەکو خۆیان سەوداییێکی ئاشنایان لەسەردا بوو.

لەو ڕۆژەوە، لە هەموو لاییێکەوە، خەڵک بۆ دیتنی بوونەوەر و قەفەز لە بیاوانی کارەبایی ڕەنگدا، کۆ دەبوونەوە.

هێدی، هێدی، دێهاتێک و پاشان شارێک لەوێ سازکرا. شارێک خەڵکێک و شارستانیەتێ کە ناوەندی ئەم شارستانە، بوونەوەر و قەفەز و

بازرگان بوون. ڕەنگی ژیان، ڕواڵەتی زەردی بیاوانی داپۆشاند. کۆشک و خانووبەرە و ئاسمان سەریان هەڵبڕی و لە هەموو جۆر و هەموو چەشن و هەموو شتێ لەوێ پەیدابوو.

ئیدی با، هەڵی نەکردەوە. بوونەوەر هەم گۆشتخۆر بوو و هەم گیاخۆر. «کەم خەرج و باش» ئەمە بازرگانە کە دەیگوت. بازرگان ببوو بەسەرۆکی هەموو بازرگانەکان و حکومەتێکی بۆ خۆی سازکرد. لە هەموو وڵاتانی جیهان، دەهاتن و پارە و زێڕیان خەڵاتی بوونەوەر دەکرد. تاکوو ڕۆژێ، پیاوێکی شرپۆش، لەنێوان جەماوەری دەور قەفەزەکەدا، پەیدابوو. شرپۆش سندوقێکی پڕ لە زێڕ و پارەی پێ بوو. پاسەوانەکانی بازرگان لە دیتنی شرپۆش، قەڵس بوون، بەڵام هەرکە زێڕ و پارەکەیان بەچاو بینی، لەلایان خۆشەویست بوو. شرپۆش، هەموو ڕۆژێ دەهات و پارەی دەدا و بەرانبەر بەقەفەزەکە، دادەنیشت و مات و بێدەنگ هەر سەیری بوونەوەرەکەی دەکرد. ڕواڵەتی بوونەوەر شرپۆشی دەخستە بیر شتێکی هەرە کۆن. خۆی نەیدەزانی کەی و لە کوێ، بەڵام دەیزانی جارێکی دیکە شتێک وەک ئەم بوونەوەرەی لە شوێنێکدا بینیوە. هەرچەن بیری دەکردەوە، بۆی نەدەچووە سەریەک.

بوونەوەر فێری شت خواردن لە دەستی منداڵان و ئافرەتان ببوو و هەرکە لاوێک بەرانبەر بەقەفەز، ڕادەوەستا، پێدەکەنی؛ بەڵام هەرکە شرپۆش دەهات مت دەبوو و زڵەزڵ دەکەوتە چاوانی.

دوای چەن ڕۆژ هەواڵی شرپۆش گەیشتە لای بازرگان. بازرگان ترسا و دەستووری دا، هەرکە شرپۆش هات، دەری کەن و ڕاوی بنێن، بەڵام شرپۆش پاسەوانەکانی بازرگانی فریو دا و گیرفانەکانیانی لە زێڕ ئاخنی و بەبەرتیل، بێدەنگیانی کرد. هاتوچۆی شرپۆش شاردرایەوە و بەنهێنی دەهات و بەردەوام پارە و زێڕی خەڵاتی پاسەوانەکان دەکرد و زۆرتر لە جارانیش چاوی بەبوونەوەر و قەفەز دەکەوت. بەرتیلەکانی شرپۆش ئەوەندە بەرچاوبوون کە پاسەوانەکان بەتایبەت سەرۆکی ئەوان، بۆ هاتنی ئەو،



چرکە ژمێرییان دەکرد. بەرتیلەکان چاوی پاسەوانەکانی کوێر کردبوو و نەیدەهێشت ببینن کە شرپۆش هەر جارێک کە دێت، تێدەکۆشێ قەفەز بجووڵێنێتەوە. گوێی ئەوانی کەڕ کردبوو و نەیدەهێشت دەنگی جیرەجیری لەرانەوەی قەفەز ببیسن، تاکوو ڕۆژێ کە ئیتر نەهات و نوقم بوو.

پاسەوانەکان کە چەشت خۆری بەرتیلەکانی شرپۆش بوون هەر چاوەڕوانی ئەویان دەکرد تا ئەو جێگا کە سەرۆکەکەیان، بەدزییەوە، کەسی بەشوێنی ئەودا هەنارد؛ بەڵام هیچ ئاسەوارێک لە ئەو دیار نەبوو. تەنیا سەربازێکی بەئەزموون، لە گەڕانێکی بێ وچاندا، بینیبووی کە لە دەشتێکی زەردا، بەشوێنی شتێکدا دەگەڕا. سەرباز گوتی: «وەکو عەبداڵێکی پیر، بێ ئەوە وەڵامم بداتەوە هەر خەریکی کەندنی زەوین بوو. هەرچەن بانگم لێکرد، هاوارم کرد، وەڵامی نەدامەوە و هەر سەرگەردانی ئەو دەشتە بوو و هەزاران کونی کردبووە سنگی دەشتەکەوە.»

هێدی، هێدی شرپۆش لە بیرچووەوە و هەموو لە هاتنی ئەو ناهومێد بوون، تا شەوێک. ئەوشەوە پاسەوانێکی خاو و بێ ئەزموون، بەتەنیایی پارێزەری قەفەز بوو. شرپۆش وەکو تارماییێک وەکو سێبەرێک، لەناکاودا، پەیدابوو و دوو کیسەی پڕ لە زێڕی خستە نێو دەستەکانی کوڕ. کوڕی پاسەوان نزیک بوو لە خۆشییا دڵی بوەستێ. جلوبەرگی پاسەوانی بەپەلە دەرهێنا و جلی شرپۆشی لەبەرکرد و روومەتی خۆی داپۆشی و بەپڕتاو لەوێ دوورەوە کەوت. بێ خەبەر لەوەی کە ژووری پاسەوانەکان پڕ بوو لەو کەسانەی کە چەشت خۆری بەرتیلەکانی شرپۆش ببوون. هەرکە کوڕیان بینی، بەو خەیاڵە کە شرپۆشە، دوای کەوتن و بەهەرا، هەرا، بانگیان دەکرد.

زۆری پێ نەچوو، هەموو شوێنێک بێدەنگ و چۆڵ بوو. شرپۆش هات و بەرانبەر بەقەفەز دانیشت و دەستی کرد بەلەراندنەوەی قەفەز. بوونەوەر هەرکە ئەوی بینی، لە جێگای خۆیدا مت بوو، زڵەزڵ کەوتە هەر شەش چاوەکەیەوە. نەختە، نەختە، سروە هەڵی کرد و دەنگی جیرەجیری

قەفەزیش تۆزێ بەرزتر بووەوە. بوونەوەر گەرم داگیرا و لە دەروونەوە گڕی گرت. نەیدەزانی بۆ وای لێ هاتووە، بەڵام هەستی بەمەترسی و گۆڕان دەکرد. دەنگی سروە بوو بەهاژەی با و دەنگی جیڕەجیڕی سووڕانی قەفەزیش بەرزتر بۆوە. سووڕانێکی نەرم لەنێو قەفەزدا، دەستی پێکرد. دەست و پێیەکانی بوونەوەر لەرانەوە و هێدی، هێدی، ئیختیاری بۆ نەما.

جارێ گریا و جارێ قیڕاندی و جارێ بۆڕاندی؛ بەڵام هێزی با زیاتر بوو و گڤەی دەهات و دەنگی جیڕەجیڕی قەفەزیش بەرزتر. شرپۆش بەشتێکی ڕەش و نامۆ کە پێچاندبووی بەدەوری میلەکانی قەفەزدا، قەفەزی جێ کەن کرد. دەنگی جیڕەجیڕی قەفەز گەیشتە تەشق و گوێی هەموو گیانلەبەرەکانی ئەو شارەی بەیەکجارە کەڕکرد.

پیاو بێ ئەوە لە جیڕەی قەفەز بترسێ، بەردەوام بە شتە نامۆکەوە، قەفەزی دەسووڕاندەوە. تا وای لێهات کە ئیدی قەفەز خۆی دەسووڕایەوە و پیاو ڕزگار ببوو، ئینجا گەردەلوول هەڵی کرد.

پیاو هەڵیدایە، گۆرانییەکی زۆر کۆن. دەنگی گۆرانی پیاو و گڤەی گەردەلوول و جیڕەی قەفەز، یەکیان گرت و دەنگێکی نامۆیان خولقاند. گەردەلوول دەهات و گەواڵ، گەواڵ هەوری دەهێنا.

گەردەلوول ئەوەندە زۆردار بوو کە کەس هێزی ڕاوەستانی پێ نەمابوو. هەموو شتێ وەکو پەڕەی کاغەزی لێ هاتبوو. هەموو شتێ لە هەوادا، دەسووڕایەوە و بەپڕتاو لەوێ تێدەپەڕی. هەموو بوونەوەرەکان، شتومەکەکان، لەنێوان هەوادا، ئاوەژوو دەخولانەوە و دوای چەن جار سووڕان بەدەم گەردەلوولەوە نوقم دەبوون.

ڕواڵەتی هەموویان زۆر سەیربوو. چۆن بێ ئەوە هیچ دەنگێ ببیسن، لە ناکاو، لە جێگای خۆیان هەڵدەکەندران و بەدەم گڤەی گەردەلوولەوە نوقم دەبوون.

سەرۆکی پاسەوانەکان و سەرۆکی بازرگانەکان کە زۆر چاخ و قەڵەو بوون، وەکو تیزانگ لە هەوادا، بەم لاو بەولادا، دەکوتران و خوێناوی و



ڕووشاو، وەکو بەرزە حەوایلە، ویستیان لێ بڕابوو. گەردەلوول، لووراندی و لەگەڵ خۆیدا بردیانی.

ئاسمانێکی سەیربوو. پڕاوپڕ لە ژن و مێرد و منداڵ و مێز و کورسی و موبل و ماشێن و تەلێفۆن و گەزەر و تەماتە و گوڵ و وێنە و دەست و پێ و چاو و مانگا و پشیلە و جلوبەرگ و بەرد بوو. هەموویان بەدەم گڤەی گەردەلوولەوە کە هەر هاتوچۆی دەکرد، دەسووڕانەوە و بۆ قەدەرێک لە ئاسماندا، سەمایان دەکرد و تێدەپەڕین و هیچ ئاسەوارێکیان لێ نەدەما. تەنانەت کۆشکەکانیش، خاپوور بوون و تۆزەکەیان بەدەم گەردەلوولەوە نوقم بوو.

زۆری نەخایاند، ڕواڵەتی ڕاستەقینەی دەشت و بیاوان دەرکوت. ڕواڵەتی کارەبایی ڕەنگی بیاوان. دەقاودەقی جاری جاران.

گەردەلوول نیشتەوە. هەموو شوێنێک بێدەنگ بوو. هەورەکان دەستیان کرد بەبارین. بارین و بارین. ماوەیێکی زۆر بارین. میلەکانی قەفەز توانەوە و بوونەوەر لە سووڕان کەوت.

لە جێگای سووڕانەکەدا، ژنێ سپی پۆش کە هەوساری وشترێکی زەردی بەدەستەوە بوو، بەپڕتاو، هاتە دەرێ و ڕێگای گرتەبەر و ڕۆیشت. پاشان پیاوێکی ماندوو هاتە دەرێ و بەرەو ئەوسەری بیاوان ڕێی گرتەبەر. دی هیچ نەبوو. نەشار، نەشرپۆش. چۆڵ و هۆڵ. تەنیا بیاوانێکی داخ و کارەبایی ڕەنگ بەجێ مابوو.

# دادەکوڵێ

«ئەمجارەش دادە کوڵێ بەهێواشێ باییەکە هەڵدەگرێ و پڕی دەکا لە چێشت... تۆزێ گۆشتیشی تێدەخا و بێدەنگ دەڕوات و لەبەر کونە ڕەشەکەی بن دیوارەکەدا دایدەنێ... ئینجا دەڕوات و لەنێو بەرهێوانەکەدا، دادەنیشێ و یەکسەر سەیری کونە ڕەشەکە دەکات... نە... ئەمجارەش نایێت... خۆم دەزانم... ئاخر سەور هات... نەنکم دەڵێ جەخت باشە نەسەور. بەڵام ئەمڕۆ بۆ من سەور هاتووە خۆزگە نەنکم بیگوتایە سەور باشە... بەستەزمان نەنکم یەکێ لەقامکەکانی برینداره و بەو دەسماڵە وا ڕیپۆقی چاوەکانی پاک دەکاتەوە، بەستوویەتەوە... نەنکم دەڵێ قەلەکە قامکەکەی بریندار کردووە... دەڵێ ئەوکاتە وا بەدزیەوە ڕۆیشتووتە سەر دۆڵەی نانەکە، قەلەکە هاتووە و قامکی خواردووە و دەستی بریندار کردووە. ئەمنیش سوێندم خواردووە قەت بەدزیەوە نەڕۆمە سەر دۆڵەی نانەکە... تۆ خودا دادە کوڵێ... سێ ڕۆژە ئەمە کاریەتی... بەڵام ئەو هەر نایێت... منداڵەکان دەڵێن... ناهیدە و خەجێ دەڵێم... دەڵێن،... ئەگەر دادە کوڵێ بزانێ کەس بەدزیەوە لە کارەکانی دەڕوانێ، دەیگرێت و دەیخاتە نێو کونی بن دیوارەکەوە؛ بەڵام من قەت بڕواناکەم و گوێ بەو قسانەش نادەم... چەن جار ئەم کارەم کردووە... پێم وایە دادە کوڵێیش هەزار جار منی دیوە... بەڵام هیچی پێ نەگوتووم... ئەم نەنکیشمە... بۆ خۆی فێری بانماڵی دادە کوڵێی کردم. هەر دەیگوت دادە کوڵێ دایەنی تۆ بووە،... بەڕاستی لە دوای



دایەت و من، دادە کوڵێ دایکی تۆیە... خۆ من هەر دادە کوڵێم نەدەناسی... نەنکم هەر باسی بۆ کردم، هەر گوتی... هەر گوتی تا من فێری ئەم بانماڵە بووم. هەڵبەت بەدزیەوە... ئەم دایکیشمە... ئەگەر ئەوەندە نەیقیژاندبایە و جنێوی وە دادە کوڵێ نەدابایە... ئەمنیش وەبیری کاری دزی نەدەکەوتم... نەنکم دەڵێ ئەوکاتە وا من لە زگی دایکم هاتمەدەرێ، دایکم نەخۆش دەکەوێ و نەنکم دەیبیا بۆ تاران... دایکم دەڵێ تاران پڕیە لە چایخانە و هەموو کەس لە دەرەوە نان دەخۆن و هەموویان فیز دەکەن و ئافرەتەکان قنگیان خول دەدەن و ئەڕۆنە ڕێگا و هەر دەڵێن میرسی... میرسی پیاوەکانیش وەکو نۆکەر هەر دەڵێن خانم، خانم ئەی دی چی بکەم... دایکم و نەنکم چوون بۆ تاران و منیان دایە دەست دادە کوڵێ... دادە زۆر زۆر منی خۆش دەویست و هەرچەن ساڵ نازانم ڕەنگە سەد ساڵ یان دە ساڵ ئاگای لە من بوو و منیش فێری باوشی دادە کوڵێ بووم... دایکم دەڵێ ئەوکاتە دادە خۆ «ئەو»ی نەبوو... بەڵام ئێستا چۆن هەیەتی، نابێ تۆ بۆ لای بڕۆی... درۆ دەکا... خوا دوو چاوەکەم کوێر بکا ئەگەر درۆ بکەم... بووی ئەوکاتەش... «ئەو»ی بوو... جا چۆن من زۆر منداڵ بووم نەمدەتوانی بۆ کەسی بگێڕمەوە. خۆ منیش قەت بەقەولی دایکم ناکەم و هەموو کاتێ دێم بۆ بانماڵی دادە کوڵێ جا چی بکەم هەرچی دەکەن بیکەن... ئای... چەندە ماندووم. پێیەکانم تەزیون... وەی... ڕاستی... نەکا قەلەکە بێت و چاوەکانم بخوات،... وەی... نا... ناتوانێ... ئاخر پێم وایە دادە کوڵێ دەزانێ و شتێ نایژێ... نا... قەلەکە ناتوانێ ئەگەر بێت... دەقیژێنم و هاوار دەکەم... ڕەنگە «ئەو»یش بێت و وەفریاوم کەوێ... نە... نایێت... خۆم دەزانم، بەستەزمان دادە کوڵێ... بەقەد تەواوی ژیانی خۆی، خۆشی دەوێ... هەموو کەس وادەڵێن ئەمنیش دەزانم... تازە... تازە... دەڵێن دادە کوڵێ لەبەر ئەو شووی نەکردووە، دەڵێن دادە کوڵێ شووی بە «ئەو» کردووە... بەڵام... نازانم ئاخر چۆن چۆن دەبێ... نازانم... هەموو کەس وا دەڵێ... خۆش بەحاڵی دادە کوڵێ بریا «ئەو» شووی پەروانەی خۆشکم ببوایە، ئای چەندە خۆش دەبوو...

ئینجا بەحسێبی ئەو ئەمجەدە کوێرە تا ئەو چاوەکەشیی کوێر بکا... ناهیدە دەڵێ وەڵڵا من شوو دەکەم بەئەمجەدە کوێر... ئەوەندە ڕوودارە؛ نەنکم دەڵێ کچی باش نابێ وابێ... وەڵڵا برا خۆ من وانیم... ئای... چەندە پێیەکانم ئێش دەکەن... یەکەم جار کە هاتمە سەربانی ماڵ دادە کوڵێ... نیوەشەو بوو... زەماوەندی «سەیوان»ی برام بوو... کەس هەستی بەهاتنی من نەکرد... لە هەردوو ئاواییەکە تەنیا دادە کوڵێ نەهاتبوو... ئەمن زۆرم خۆش دەوێ و دڵیشم بۆی دەسووتێ... بەستەزمان، پێم وایە لەم هەموو تەمەنیا، تامی شیرینی نەچێشتووە. دڵیشم بۆی کەبابە... ڕەنگە هەر کەبابیشی نەخواردبێ... ئاخری، هەر لە قەڵەکە نەترسام و بەدزیەوە، تۆزێ شیرینی و نوقڵم خستە نێو دەسماڵێک و بەستم بەگوریسێکەوە. ئینجا ڕۆیشتمە بانماڵ دادە کوڵێ و لە کونی سەربانەوە دەسماڵەکەم ناردە خوارەوە. ژوورەکە تاریک بوو... ئاخر دادە کوڵێ خەوتبوو... چراقووەکەم ڕۆشن کرد و شەوقەکەیم خستە نێو ژوورەکە... ئەم چراقووەم هی زۆر... ز...ۆ...ر لەمەوبەرە ئەوکاتە وا «هەژان» هاتە داوای پەروانەی خوشکم و ئینجا ڕۆیشتن بۆ بازاڕ، منیش خۆمم خستە ڕێ و قیژاندم و گریام و قژەکانم کێشا و بەردەوام وتم منیش دەڕۆم و دەڕۆم و دەڕۆم... هەر چەن پەروانە مۆڕی لێ دەبردمەوە و لێوی لێ دەکرووژاندم، دایکم لێیدام، هەر وتم دەڕۆم دەڕۆم و دەڕۆم... ئاخری هەژان گوتی «دەی باشە بێ، بەڵام هەرا نەکەی ها... ژیربی»... ئازابە پەلە قژەکانم شانە کرد و هەڵاتمە حەوشەوە... بەڵام نە هەژان مابوو، نە پەروانە... وەختە بوو دیسانەوە بقیژێنم و قژەکانم بکێشم کە وێکڕا هەردووکیانم دی... یانێ سێبەرەکەیانم دی... دیم... دیم... شتێکی ڕوودارانم دی... نایەژم... قەت بەکەس ناڵێم ئاخر قەولم داوە. تەنیا ئەوە بڵێم لە شتە سوورەکەی دەم پەروانە... بەدەم و پلی هەژانیشەوە بوو... دەم ئەویش وەک ئافرەتەکان سووربوو... ناوی ئەو شتە سوورە... مەتووکە... بابم نازانێ ناوی چییە، پێدەڵێ خوێنی کەر... ئینجا هەژان گوتی ئەگەر بەبابت نەڵێی شتێ باشت بۆ دەکڕم... ئینجا ڕۆیشتینە بازاڕ و



منیش لە چراقووەکەی ئەمجەدە کوێرم کڕی... بەستەزمان هەژان کۆڵێ پارەی بەکڕینی داوە بۆم... بەقەد تەواوی ژیانم هەژانم خۆش دەوێ... ئەگەر پەروانەی خوشکم شووی وە «ئەو» بکردبایە منیش شووم بەهەژان دەکرد. ئای... ئینجا چراقووەکەمم... یانێ شەوقی چراقووەکەم خستە نێو ژوورەکەی دادە کوڵێ و بەجارێ چاوم پێکەوت... بەڕاستی دیتم... خەوی بوو... دادە کوڵێ لەژێر پێخەفەکەیدا خەوتبوو، ئەویش ڕەش و قەترانی لە پشت سەری پەپکەی کردبوو و سەری نابووە بان سەرینەکەی دادە کوڵێ... هەرکە شەوقەکە، کەوتە نێو ژوورەکە ئازا سەری ڕاس کردەوە و بۆ سەرەوە و خۆی هەڵخشاند، وەی... چەندە ترسام... ڕاستی ئەگەر شووی پەروانە ببوایێ سەری دەخستە سەر سەرینەکەی پەروانەش؟... وەی... هەرکە گەیشتمە ماڵ لە ترساندا لەسەرخۆ چووم...

لەو ڕۆژەوە فێری بانماڵێ دادە کوڵێ بووم... هەڵبەت ئەوەی وابینیم قەت بۆ کەسم نەگێڕاوەتەوە... تەنانەت بۆ ناهید و خەجێش... ئەمڕۆ سێ ڕۆژە دادە کوڵێ چێشتەکە لەبەر کونی بن دیوارەکە دادەنێ و ئەویش هەر نایێت... دادە کوڵێش هەر دەگری و شتێ ناخوات... بەستەزمان دادە کوڵێ... ژنەکانی ئاوایی دەیانگوت... دادە کوڵێ شووی کردووە... کوێخا فەرەجیش ڕۆژان ئەڕۆیشتە بان تەپەی شێخ و بۆ ماڵ دادە کوڵێی دەڕوانی... ئاخریش خێت بوو و کەسی بەچاو نەبینی... دایکم یەکسەر پێدەکەنێ و دەیگوت «ئاخر ئەو موستیلە زێڕین و جوانەی لە کوێ هێناوە، سەیرت کرد... سەیرت کرد... چۆن گوناکانی سوور ببوون؟». میمیشم دەیگوت: «لەوانەیە کاری خۆی بێ... کوێخا فەرەج ئاخر دەڵێن چەن ساڵە لەمەوپێش... پێش لە ژنهێنانی، لە سەردەمی جوانی دادە کوڵێدا، حەزی پێکردووە... نازانم بۆ بەدادە کوڵێ دەڵێن پیر... خۆیان پیرن... ئەگەر پیر بوایە... خۆ زاتی نەبوو شوو بە«ئەو» بکات... یەقین جوانە وا لە ئەو ناترسێ... میمیم خۆی پیرە... بەڵێ خۆی پیرە، قژەکانیشی سپی بووە... ئینجا دەیگوت پێم وایە دڵی دادە کوڵێی ڕازی کردووە... دادە فەرخونەش

دەمی لار دەکرد و دەیگوت «ئەی ئاخر ئەو موستیلەی لە کوێ هێناوە ئەم دایکیشمە... نانا... دایکمم خۆش دەوێ... قەیناکا با هەرچی دەڵێ، بلێ... بەڵێ... دایەم دەیگوت لە بان موستیلەکە گەوهەرێکی کۆن و زۆر جوان و پڕ تیشک دانراوە... دەیگوت ئەگەر دادە بیهەوێ بیفرۆشێ، دەتوانێ چەن ئاوایی پێ بکڕێ. نازانم... منیش دەڵێم... ڕەنگە... شارێک یان تەواوی وڵات وێکڕا بکڕێ... تۆ خودا دادە کولێ... بەستەزمان چەندە ترسابوو. شەوێ، وێکڕا نەشمیل هات و خۆی خستە نێو ژوورەکەی دادە و دەستی کردە چپە و سرتە، هەرچێکم کرد شتێکم نەبیست... تەنیا ئەوەم دی کە نەشمیل لە ناکاو هەستا و ڕۆیشتە پێش و چنگی نایە ناق دادە کولێ... دادەش هەر بەترسەوە سەیری کونی بن دیوارەکەی دەکرد و دوای چەن ساتێ بەپەلە موستیلەکەی دەرهێنا و خستیە بەردەس نەشمیلەوە، ئەی نەشمیلە چاو زاق... بریا بەڕاستی دادە کولێ شووی بە«ئەو» بکردبایە و ئینجا من «ئەو»م بخستایەتە سەر تەپڵی سەرت باوا بیدایەسەتەوە کە هەموو قژەکانت داوەرییان... ئەو نەشمیلە چاو زاقەش، خێرا موستیلەکەی هەڵگرت و بەرەو دەرەوە هەڵات. سەیری شوێنی ئەوم کرد... کوێخا فەرەج خۆی لە بن دارە تووەکەدا، شاردبۆوە و هەرکە نەشمیل هات، دەستی یەکتریان گرت و بەپەلە ڕۆیشتنە نێو ئاواییەوە... بەستەزمان دادە کولێ... چەندە چاوەڕوانە... پێم وایە ئەمڕۆش نایەت... چەن ڕۆژە کوێخا فەرەج لەگەڵ بنەماڵەکەی ڕۆیشتوونەتە شار... دەڵێن ماڵ و سامانێکی زۆریان پێکهێناوە... دەڵێن نەشمیل جلی کوردی لابردووە و وەکو ئافرەتەکانی شار جل لەبەر دەکا... ئەی یاخوا کوێربن... ئاخر دەڵێن زۆر خۆشیانە... ئای... خۆ مردم... چەندە پێیەکانم تەز دەکەن... سەیرێکی دیکەی ژوورەکەی دادە کولێ دەکەم... چێشتەکە وەک خۆی ماوەتەوە... دادە کولێش هێشتاکە پەشێو و خەمبار سەیری کونی ڕەش و تاریکی بن دیوارەکە دەکات... بەڵام... شوێن و ئاسەوارێ لە ئەو نییە و ماڵ کوێخا فەرەجیش لە شاردا زۆر خۆشیانە و دادە کولێ هەر دەگری و ئەمنیش هەر دوو قاچم تەزیون و



سەرم ئێش دەکات و قەلێک هەر دەقاڕێنێ و منیش سەیری ئەو پیاوە دەکەم وا لە تەراکتۆرەکە دێتە خوارەوە... هەر سەرم ئێش دەکات و لە پەسا پیاوەکە لە تەراکتۆرەکە دێتە خوارەوە و تەزەکە بەجەستەما دێت و ئەمن بەردەوام سەیری جەماوەرەکە دەکەم وا بەرەو ماڵی کوێخا فەرەج دەڕۆن و هەر دەڕۆن و هەر دەڕۆن و بەردەوام پیاوەکە لە تەراکتۆرەکەدا دەبەزێ و قەلێک دەقاڕێنێ و لە پەسا سەیری سیروان، برای کوێخا فەرەج دەکەم و سیروانیش هەروا چەپۆکان دەداتە سەر خۆی و پیاوەکە لە تەراکتۆرەکە دادەبەزێ و سەرم ئێش دەکات و قەلێک دەقاڕێنێ و پیاوێ قفڵەکەی ماڵ کوێخا فەرەج دەشکێنێ و جەماوەرەکە بەرەو نێو حەوشەکەی ماڵ کوێخا فەرەج هوروژم دەبەن و منیش بەردەوام قاچەکانم و دڵم و دەستەکانم و چاوەکانم و پێستی سەرم تەز دەکەن و هەر چێشتەکە لەبەر کونی ڕەشی بن دیوارەکە وەک خۆی ماوەتەوە و دادە کولێ لە جێگای خۆیدا وشک بووە و چاوەکانی دەرپەڕیون و هەر با دێت و پووشێ دەخاتە نێو چاوی چەپی من و هەر نازانم بۆ لە هەر دوو چاوم ئەسرین دەڕژێتە خوارەوە و دەتکێتە بان ماڵی دادە کولێ.»

# نیوەی ون

هەموو لەشم هەژا. بەدڵە خورپێوە وەڵامم دایەوە: «ئاخر ئێوە کێن، نێوی من چلۆن دەزانن؟» بەدەنگێکی پچڕاوەوە گوتی: «تکات لێ دەکەم خێرا وەرە ئەو شوێنەی پێم گوتی... درەنگە... خێرا وەرە... باسی ژیان و مردنە... ئیتر هیچ ناڵێم... چاوەڕوانتم...» دەنگی بڕایەوە. بەدەستە لەرزۆکەکەم گۆشی تەلیفۆنەکەم، لەسەر جێگای خۆی دانا. پتر لە سەعاتێ بەکۆنفراسەکەم نەمابوو. لەگەڵ ئاغای «حەمە سەعید» بڕیارمان دابوو، ئەم دوایین سەعاتە، چاوێ بخشێنین بەسەر دەقەکە و بۆ ئەو پرسیارانە وا لەوانەیە لە منی بکەن، خۆم ئامادەکەم؛ بەڵام ئەو خەیاڵە... خەیاڵی ئەو موزاحیمی تەلیفۆنیە کە فرەتر لە حەوتەییێک دەبوو، ژیانی لێ تاڵ کردبووم، ئەو دەنگە پچڕاوەیە، ئەو دەنگە تکاکارانەیە... وا زۆر ناسراو دەهاتە گوێم، خەریک بوو شێتی دەکردم. ئیتر دانیشتن سوودێکی نەبوو، دەشبا بڕۆشتایەم و ڕۆیشتم. پتر لە بیست دەقیقە لە ڕێگادا بووم. بەخێرایی دەڕۆیشتم. پام نابووە سەر تەختە گازەکە و دەم گازاند، بەڵکو بەر لە گەیشتنی کاتی کۆنفرانسەکە، خۆم بەبنکەی ناوەندی بگەینم؛ بەڵام، پێش ئەم کارە، دەبوا ئەوم بدیبایە. شوێنەکە درووس بوو. دڵە خورپە دایگرتبووم. دەمزانی کە دەکرێ هەزاران مەترسی لە ڕێگام دابێت، بەڵام هەستێکی بزر، شتێ وەکو هێزێکی سەرسووڕهێنەر، بەرەو لای ئەو دەیکێشام. بەرەو لای ئەو دەنگە ناسراوە، هەرچی بیرم دەکردەوە و هەوڵم



دەدا، تێ نەدەگەیشتم ئەو دەنگەم لەکوێوە بیستووە. دەستم خستە سەر زەنگەکە. دەرگا بەخێرایی کرایەوە. حەوشێکی گەورە و بەبەرد ڕازاو، لەبەر چاومدا دەمی کردەوە. خانووێ لە ژوور حەوشەکەدا بوو کە زۆر بەفەڕ و پڕ هەیبەت دەهاتە بەرچاوم؛ بەڵام دارە ڕەنگ زەرد و ڕووت و قووتەکان و باخچە شێدارەکە و خەرمانێ گەڵای ڕژاو، باسی تەنیایی و خەڵوەتی حەوشەکە و باغچەکەیان دەکرد. بەدوودڵییەوە ڕۆیشتمە بەرەوە. چەن ساتێ چاوەڕوانی خاوەن دەنگەکە، یان لانی کەم، کەسێ کە بێتە پیریمەوە، وێستام. بێدەنگی و خەم، وەکو دوو ڕۆحی مات و قورس، تەواوی ماڵەکەی پڕ کردبوو. کەسێ نەهات و بەپەلە سووڕامەوە و ویستم کە بگەڕێمەوە؛ بەڵام دیسانەوە هەر ئەو دەنگە ناسراو و پچڕاوە، لەسەر جێگا وشکی کردم «تکات لێدەکەم مەترسە... وەرە بۆ ئەم ژوورەی وا دەرگاکەی والایە.» کەوتبوومە گیانەلا. بەڵام نەمدەتوانی واز لە هەموو شتێ بهێنم و بڕۆم. تەکانێکم خوارد و ڕۆیشتمە بەرەوە. گەیشتمە بەر دەرگای ژوورەکە هۆڵێکی نیوە تاریک بوو. پەردەکان کێشرابوون، بەڵام کەسی تێ نەبوو. کتێبخانەییێکی گەورە، بەشێکی هۆڵەکەی داگیر کردبوو «زۆر بەدیدارتان شادبووم خانمی پەناهی». ئیتر خۆم بۆ ڕانەگیرا و قیژاندم: «ئاخر ئێوە کێن... ئەم شانۆوە جەفەنگە چییە وەڕێتان خستووە... بۆ ئەشکەنجەم دەدەن...» وە فرمێسکەکانم دڵۆپ، دڵۆپ، ڕژایە سەر گۆنام. لەناکاو، سەندەڵی پشت مێزی نووسینەکە، کە بەرەو دیوارەکە دانرابوو، سووڕایەوە و چاوم پێکەوت. نا... باوەڕم نەدەکرد... نەدەکرا... نا... نیوەییێک لە جەستەی مرۆڤێک لەسەر سەندەڵی دانیشتبوو. لە تەوقی سەرەوە تا نووکی پێی، بەڵام تەنیا لای ڕاستی، لای چەپی مۆتەکە بوو. سێبەرێک یان شتێ وەکو تارماییێکی زۆر بێڕەنگ. قیژاندم و خۆمم بەرەو دوا کشاندەوە. ئەو بەدەم پاڕانەوە هاواری کرد: «نا... نا... مەچۆ... تکات لێدەکەم... ناتەوێ یارمەتی مامۆستا پیرەکەی خۆت بدەی... سەردەمانێک تۆ باشترین و ئازیزترین خوێندکاری من بووی.»

شێوەی دەربڕینی وشەکانی، تۆزێ ئارامی کردمەوە. گوتی: «وەرە... تۆزێ نزیکتر بەرەوە... مەترسە... بڕوا بکە هیچ مەترسییێک لە ڕێگاتدا نییە... ئەمە منم کە کلۆڵ و پەککەوتووم... تکات لێ دەکەم سووری... ئازیزەکەم... تۆزێ فرەتر تێفکرە.»

ئیتر هیچ گومانێکم نەما... ناسییم. خۆی بوو. مامۆستای ئابووری و فەلسەفەی سەردەمی زانکۆم، ئاغای ڕەسووڵ عەزیز. نالاندم. «ئاخر چلۆن؟» بەپەلە گوتی: «حەکایەتێکی سەیر و سەمەڕی هەیە داوات لێ دەکەم بیتە نزیکترەوە...» نەمدەتوانی جووڵە بکەم و هەنگاو هەڵێنم. بەچاوی پڕ فرمێسکەوە لێ ڕامابووم. بەدەنگێکی نەرم و هێمنەوە گوتی: «سووری مەگری... ئێستا کاتی فرمێسک هەڵڕشتن نییە... وەرە دانیشە.»

لێ چوومە پێشەوە و دانیشتم. زارم وشک ببوو. پێم وابوو کە لاڵ بووم لە خەو و بێداری خۆم دڕدۆنگ مابووم. چاوەکانم پاککردە و باشتر بۆم ڕوانی. گوتی: «هەڵبەت کە خەون نابینی... ڕاستی... دەتزانی کە تۆ تەنیا مرۆڤی ئەم جیهانەی کە دەتوانی وەفریام کەوی؟» قیژاندم: «بۆچی من... ئاخر بۆچی من... من چ کارێ... چیم لە دەس دێ؟» ئەو دەستی پێکرد: «لەوانەیە کە هەرگیز تێ نەگەیشتبووبێتی کە لەنێوان تەواوی خوێندکارەکاندا، تۆ تەنیا کەسێ بووبیت کە لەگەڵ مندا پێوەندییێکی ڕۆحیت هەبووە، وە ئەمە هەر تۆ بووی کە پەرتووکە ونبووەکانی منت دۆزییەوە.» گوتم: «من... ئاخر چلۆن... کام پەرتووکی ونبوو؟» هەناسەییێکی هەڵکێشا و گوتی: «بەڵێ تۆ بوویت بێ ئەوەی کە خۆت بزانی... بەڵام سووری گیان... درەنگە، ئەمن کەوتوومەتە نێوان ئەو گێژاوە پڕ مەترسییەوە کە تۆ بەردەوام باست بۆ دەکردم... بەڵام... بەڵام مەخابن گوێم شل نەکرد، تا ئەم پەندەم بەسەرهات.» بەبێ بڕوایی گوتم: «بەڵام من... من لە هیچ شتێ بەخەبەر نیم... ئاگام لە شتێ نییە... داوات لێ دەکەم تەواوی کەی... ئیتر ئەم باسە... ببڕەوە... ئەم گاڵتەوگەپە چییە وەڕێت خستووە.»



هەستامە سەرپێ. سام دایگرت و بەترسەوە گوتی: «نا... مەڕۆ... دەبێ بڕوام پێ بکەی... چ هۆییێک باشتر لەمە کە من... نیوەی خۆمم ون کردووە... ئەتۆ بەمەش قاییل نابی؟» دیسانەوە دانیشتم و گوتم: «تکات لێ دەکەم... هەموو شتێکم بۆ بلێ و بۆمی ڕوون کەرەوە، مەبەستم ئەوەیە بیروباوەڕی من ڕووناک کەرەوە.»

بەهێمنایەتییێکی سەرسووڕهێنەرەوە گوتی: «بیروباوەڕی تۆ... ڕوونە... ڕووناکە... بەڵام ئەگەر تۆ بتەوێ... تۆ... دەزانم کە... دەتوانی ... تۆ دەتوانی... دەتوانی... درەنگە... تێکۆشە... بیروباوەڕی تۆ... ڕووناکە... تۆ دەتوانی.»

هەستێکی ناسراو، بەڵام نادیار، تەواوی لەشی داگرتم. مەسخ ببووم. ئەمە چ حاڵێک بوو، بۆ وام لێهات. دەمەویست ڕاکەم و بڕۆم و خۆم لەم شانۆوە دوورخەمەوە... بەڵام نەدەکرا، شتێ منی بۆ دونیاییێکی سەیر و سامناک ڕادەکێشا. دەنگی مامۆستام لە دوورەوە دەبیست کە دەیگوت: «هەر تەنیا تۆی کە دەتوانی... یارمەتی من بدەی، تەنیا تۆ...» دەنگەکە دوور بووەوە، زۆر دوور. دەمەویست هاوار بکەم؛ بەڵام ئەو لە دوورەوە هاواری دەکرد: «تەنیا... تۆ سووری... سوو...ری... گیا...ن... هەر... تۆ سووری... ئا...ز...یز... هـ...ـەر... تۆ...».

سەیری ژێر پامم کرد. هیچ شتێ نەبوو. بێجگە لە تاریکی و پانتاییێکی تەماوی، تێکەڵاو بەتۆییێکی ناسک لە نوورێکی سەرسووڕهێنەر. لای خۆم تێ فیکریم، بۆ هەست دەکەم ئەمە نوورە؟ تا ئەو کاتە نووری وام نەدیبوو. بۆ دەس و پێمم ڕوانی. هەڵبەت نەدەست و پێ بەمانای ئەندامێکی ڕاستەقینە، نا، بەڵکو شتێکی قابل بەگۆڕان.

بەئاسانی توانیم پێیەکانم وەکو تۆپێکی گەورە دەربێنم و ئینجا بەتۆپێکی زۆر چکۆڵە بیگۆڕمەوە. ئینجا ئەوەندەم درێژکردنەوە کە درێژییان دەگەزیشی تێپەڕ کرد. پێکەنینم بەئەو جیهانە سەرسوڕهێنەرە دەهات. پێکەنینێکی زۆر سەیر. جۆرێکی عەجیب بوو. بەشێوەگەلی

جۆربەجۆر دەمتوانی پێکەنم. دەمتوانی لێوەکانم کێش بێنم و پێکەنم. ئەوەندە کە دەبوا دەستم درێژ بکەم و چمکی لێوەکانم بکێشمەوە و بیهێنمەوە یەک. لە پڕ بسکەکانم بەم لاو بەولا ڕایان کرد. دەستەکانم درێژ کردەوە، ئەوەندە کە ئاخریانم نەدەدی. دەستم برد و تاڵ، تاڵ کۆیانم کردنەوە و دیسانەوە خستمەوە نێو کونەکانی بان سەرم کە ئێستا ئەوەندە گەورە ببوونەوە کە نینووکەکانمی پێدا دەچوو. دیسانەوە قژەکانم وەکو هەوەڵیان لێهات. زۆر پێکەنیم. سەیر لەوەدا بوو کە قەت نەدەترسام. تەنیا، هەموو شتێکم بۆ تازە بوو. کەوتبوومە بیری فەزا و ئەوەی کە لەوێدا هیچ دەنگێ نایەتە بیستن و هیچ هەوایەکیش لەوێ بوونی نییە تا دەنگ بتوانێ حەرەکەت بکات و بڕوات؛ بەڵام من نەک هەر دەنگی قاقای پێکەنینەکانی خۆمم دەبیست، بەڵکو دەنگەکانی دیکەشم دەبیست کە بەردەوام دوور و نزیک دەبوونەوە. تۆزێ ڕۆیشتمە پێشەوە. یانێ لەنێو هەوادا، هەنگاوم نا. بەجۆرێکی مەستانە دەڕۆیشتم. ژێر پێکانم ختوولکەیان دەهات. دیسانەوە ڕۆیشتم، وێکڕا سێ بوونەوەرم بینی کە لە دەوری پەیکەرێکی سێگۆش و نوورانی و چکۆڵەدا کۆببوونەوە. ئەوان بەقسەوباسەوە خەریک بوون و بەردەوام ئەدوان. هەرچەند نەیانم دەناسی بەڵام بەجۆرێک ناسراو دەهاتنە بەرچاوم. یەکەمیان بەپەیکەرێکی ئینسانییەوە چوار مشقێ دابوو. دەتگوت لەسەر قالیێکی نەرم و گەرم دانیشتووە، بەڵام هیچی لەژێردا نەبوو. جووتێ چاوی مەس و گەورە، بێ هیچ بریقەییێک لە ژیان و ئەوین ڕوومەتی ڕازاندبۆوەوە. لووتی جوان، دەمی میزان، بسکەکانی چین چین ڕەش و قەترانی ڕژابوونە سەرشانەکانی. هەیکەڵێکی ڕێکی بوو. بۆ ئەوانی تر دەیڕوانی. مات. مەسخ کرا، وەکو ئاسن، وەکو کۆتەڵێکی بێ گیان و ساردەوەبوو، زۆر بەسامناکییەوە قسەی دەکرد. دووهەمیان، پەیکەرێکی قەڵەوی بوو. چاوەکانی دەرپۆقیبوون و تاو نەتاوێک، گلێنەکانی دەردەپەڕین و ئەویش بەپەلە دەیانی خستنەوە جێگای خۆیان. زگێکی گەورەی هەبوو وەکو دەهۆڵ، کە بەردەوام دەستی پێیا دەخشاند.



دەست و پێیەکانی کورت و چاخ بوون. ئەوی دیکەیان لەڕ و درێژ بوو. دەتکوت جەستەییێکی ساردوسڕە. تێنەدەگەیشتم چ ڕەنگێکی هەیە. تەنیا هەرکە سەیری دەکردم لە پڕ دڵ و دەروونم دەهاتە یەکدا. لێ دەترسام. زۆر سامناک بوو. شتێکی سەیر و چکۆڵە، لەنێوان سێگۆشە نوورانییەکەوە هەر هەڵی دەخستەوە و خۆی بەمەلاو بەولادا دەکوتا. تۆزێ ڕۆیشتمە پێشەوە، بەڵام ئەوان، ئاگایان لە من نەبوو. یەکەمین پەیکەرە بەئارامی دەستی خستە نێوان بسکە ڕەشەکانی و گوتی: «من بیروڕای ئێوەم قەت قەبووڵ نییە... شەڕی پارلێمانی و ڕێخستنی ئۆپۆزۆسیونی لاڕێ، بێ شک دەتوانێ ڕەوتی پێشکەوتنی خەباتی گەلەکان ڕاوەستێنی. پەرەپێدانی هەستی ناسیونالّ شێوینیستی، لەنێوان خەباتکارانی، وڵاتانی پێشکەوتنخوازدا، بەباشی دەتوانێ ئەوان تووشی لادان بکات. بۆ کەسێ بیر ناکاتەوە؟ زۆر لە مێژە هەروا بووە و ئێستاش وایە و هەرواش دەبێ. ئەم جۆرە کارکردنە، بنەڕەتی دەسەڵاتی ئێمە پتەوتر دەکاتەوە. بێ ئەوەی کە گەلە شۆڕشگێڕەکان تێبگەن، دەبێ بەپەموو سەریان ببڕین. من لەم ڕێگادا، ئۆتۆریتەییێکی زۆرم سازکردووە. سەیرم کەن... بڕوانن. دەستە شەقار شەقارەکانم... لێوە وشکەکانم پێتان دەڵێن ئەمن چیم کێشاوە؛ بەڵام هەر لەسەر تەختی پاشایی خۆمدا، دانیشتووم.»

پەیکەرە قەڵەوەکە تەکانێکی خوارد و وێکڕا هەردوو چاوی دەرپۆقین. گورج هەردووکیانی خستە جێگای خۆیان و گوتی: «ئاخر ئازیزەکەم، لە چ شوێنێک... دیوتانە... یان... بیستووتانە، کە... یەکێ... لە خوداپێدراوەکان... دەستەکانی، شەقار، شەقار و زامدار بووبێ... کەی... دەتانەوێ لەم بیروباوەڕە کۆنەپەرستانە دەس هەڵبگرن... پێم وایە ئاخری... ڕۆژێ دێت... کە... بە ئەم شێوەی ئێوە... هێزەکانی مەردمی، ئەو ئۆپۆزۆسیونە پووچەڵتانە تێکدەدا و وردی دەکات... بۆ هەر لە دەوری خۆتان دەسووڕێنەوە... بۆ ئیمان ناهێننە سەر دیالەکتیکی ئابووری ئێمە؟... سک برسیەکان، ئەم ناسیونالّ شێوینیستانەی ئێوە بێ ئابڕوو دەکەن...

سکیان تێرکەن... ئێستا بەهەر شتێ، سەم و ژاری کیمیاوی یان هەر گەن و گوێیەکی دیکە». دیسان هەردوو چاوی دەرپۆقی. بەپەلە خستیانیە سەر جێگا و درێژەی بەقسەکانی دا و گوتی: «تەنیا ڕێکارتان، ئەوەبێ کە ئەوان داماوی خۆتان بکەن... بانترین... فازی پێشکەوتنی دەوران، تەنیا... منم و بەس... منێ کە ئەوەندە بەنێو پێخۆرە تێئۆریە ئابوورییەکانی خۆمدا شۆڕ بوومەتەوە کە خۆم تووشی نەخۆشی کردووە و دەزانم ئەم ئازارە کۆنەی گەدەمە، ڕۆژێ دەمکوژێ... بەڵام تەنیا بەئەمە دڵخۆشم کە ئاخری هەموو شتێ خۆمم، وە... ئەگەر دەوران بیهەوێ... بگۆڕدرێ،... کارێ دەکەم کە هەموو شتێ لەگەڵ مندا، وێران و نابوود بکرێ... بەڵێ؛ ڕێگای ماندوو نەبوون و بەکەیف ژیان کردن هەر... ئەمەیە... بەڵام... بەڵام نازانم لەگەڵ ئەم چکۆلە گەوجە چی بکەم؟»

بەدەستە کورتەکانی ئیشارەتی کردە سێگۆشە نوورانییەکە و ئەو شتە وا لەنێوانیا هەر هەڵی دەخستەوە و گوتی: «ئەگەر ئەوەندە خۆی نەخستبایە نێو کارەکاندا... ئێستا ئەوەندە فیکر و بیری ئێمەی خەریک نەدەکرد.»

سەرم سوڕمابوو. ئەمانە کێ بوون. بەڵام هەر چاوم بەسێگۆشە نوورانییەکەوە بوو کە وێکڕا سێهەمین پەیکەرە وا باریک و ساردبوو، هەستایە سەرپێ و دەستی کرد بەهەنگاونان. لەکوتوپڕا، پای چەقایە نێو گۆمێک لە ئینرژییێکی سوور. بەپەلە پای دەرهێنا و تۆزێ مووچانیەوە و دیسانەوە دەستی بەهاتوچۆ کرد. شتێکی پیس و ناحەز لە ئەودا بوو کە دەیترساندم. بۆڕاندی: «دەس هەڵبگرن ئەی ......نی ترسنۆک... ئێوە ئیتر چۆن ......کن؟! ئەو هێز و هەیبەتی ......یان وا لە کوێ؟... وا دەزانن بەم تیئوریانە و ئەم فەلسەفە گەوجانانە کارێ دەکرێ؟ وادەزانن، ئەمە، ئێوەن کە تا ئێستا بەمرۆڤ ئۆتۆریتەتان داوە؟... نا... ئەمە منم کە بێ هیچ... مافێ، توندوتیژ، ڕۆیشتوومەتە پێشەوە... ئێوە... وادەزانن ئەگەر میلیتاریسم لە ماوەی چەرخەکان و هەزارەکاندا لە پشتی سەری ئێوە نەبوایە، ئێوە چ گووێکتان دەخوارد، نا ئەو ئۆپۆزۆسیونە ناشرینە و نا... ئەو



دیالەکتیکە گەوجانەتانە، هیچ کارێکی بۆتان نەکردووە... گەورە... دەبێ گەورە بێ... بگرمێنێ و بنەڕێنێ و ملی ئەم جۆرە چکۆلە بێ بایەخانە بەئاماژەی قامکێک بشکێنی... ئێوە وادەزانن، مێشکە بایخ دارەکانی من، ڕەش و سپی و سوور و زەرد و تەنانەت سەوزی من، لەو خوارەدا، هەروا، دەس بەتاڵ، دانیشتوون؟... نا... ئەوان هەر ئەو دۆستە باش و پڕ بایەخەی منن کە بەرێکارە نادیارەکانی خۆیان تا ئێستا تێکۆشاون و ئێوەیان یارمەتی داوە و گەن و گووەکانی ئێوەیان داپۆشاوە... بەڵام ئیتر پێم وایە، دۆستایەتی لەگەڵ ئێوە قازانجێکی بۆ من نیە... تا ئێستا هەر شتێکم کێشاوە، بەسیەتی وە ئێستا... هەر ئێستا بەخاپوورکردنی ئەم مشکە چکۆلەیە... پێتان نیشان دەدەم کە نابێ کات و ساتی گرنگی خۆم بێهوودە لەدەس بدەم... هەر ئێستا...»

لە ناکاو، ئەو شتە چکۆلە لە نێوان سێگۆشە نوورانییەکە خۆی خستە دەرێ بەسووچێکدا ڕای کرد، بەڵام پەیکەرەی هەوەڵ بەپەلە ئەوی گرت و دیسانەوە خستیە نێو زیندانەکەی. ئیتر نەمتوانی سەقام بگرم. چوومە بەرەوە و گوتم: «بۆ ئازادی ناکەن؟... ڕاستی... ئەمە ئیتر چۆنیەتی؟... ناوی چیە؟... یانی بەڕاستی... مشکە؟»

لەپڕ سەرەکانی هەر سێ پەیکەرە چەرخان و بەقینەوە لە من ڕامان. پەیکەرەی هەوەڵ گوتی: (نەکا ئەمە ئەو «سووری»ە گەوجەیە؟)

پەیکەرەی دووهەم چاوەکانی دەرپۆقین و هەروا وێڵیانی کرد و گوتی: «بەڵێ... خۆیەتی... بەڵام... وەک شتێ لە هەموو قسەکان ئاگادار بووە... بەڵێ... بەڕاشکاوی بیستوویە.»

پەیکەرە ئێسقانییەکە بێ جموجووڵ وێستا بوو و سەیری دەکردم. بەقینەوە، قیژاندم و گوتم: «تکاتان لێ دەکەم... ئەم باسە ببڕنەوە... بەسیەتی ئیتر... نازانم باسی چی دەکەن... ڕاشکاوی چی و شتی چی... من کە... بەڵام... بەڵام... نا... وەک شتێ... دەتان ناسم... بە... لێ... دەتان ناسم.» وە نیگام تێکڵاوی نیگام مات و مەسخی پەیکەرەی هەوەڵ بوو.

قیژاندم: «بەڵێ... بەڵێ دەتناسم... بەخۆت و ئەو هەموو بارودۆخی پیستەوە... ئاخر بۆ... ئەم خەڵکە بەدبەختە... بەرنادەی... چیت دەوێ... ئەی ئاخر تۆ بڵێ... چیت دەوێ لە ئەوان» ؟

بەهێمنی مۆرەکانی گەردەنم چەرخان. وەختەبوو لە کەیف و خۆشیدا بمرم. چاوەکانم دەرپۆقان. هەروا، وەکو پەیکەرەکە بێ ئەوە بیخەمە جێگای خۆیان، قیژاندم: «وە تۆ ئەی پیرە زاڵی گەوج... تۆ تاکەی دەتەوێ لە خوێن و گۆشت و ئێسقانی ئەم خەڵکە بخۆی و لووشکەی و ئەو سکە زلتە هەر زل کەیتەوە؟... هیوادارم ڕۆژێ بگات، ژانی دەزگای گەدەت هەر تەنیا خۆت بڕۆخێنێ و بفەوتێنێ، نەکەسێ تر.»

ڕام کردە بەرەوە و ناقی پەیکەرەی سێهەمم گرت و نەڕاندم: «تۆ... تۆ کەی دەتەوێ ئەم دەسماڵە پیس و ڕەشە لە بان چاوتەوە لادەی و بەهەردوو چاوت سەیری جیهانی ڕوون بکەی؟... نەکا... لە جەستە سووتاوەکانی منداڵەکان و مەمکە بڕاوەکانی ژنەکان دەترسی؟... ها... بەڵام... نا... دەبێ... لای بەی... منیش یارمەتیت دەدەم و ئەم دەسماڵە چەپەڵە لادەبەم... ئەم دەسماڵە نفریناویە.»

ئەو هەروا وێستابوو سەیری دەکردم. چنگم خستە بان دەسماڵەکە و هەڵمکەند. ئای خودای گەورە... نا... نا... نەدەکرا... چەندە سامناک بوو... سەدان و، هەزاران چاوی زۆر چکۆڵە... وەکو نوت... وەکو نووکی دەرزی لە کاسە چەشکەیدا، بریقەیان دەهات. هەر کامیان بەچەشنێ تایبەت و ڕەنگێکی نائاسایی. حەپەسام. ماقم پەڕی... وشک بووم... دەسەکانم ڕچان و هەروا بەسەر سینگیدا هاتنە خوارەوە. ئەو پێکەنی. قاقای کێشا. بەچەشنێ کە تەواو شتومەکەکانی دەوروبەری لەرزەیان لێکەوت. بەهێمنیەوە سەرم سووڕاندەوە. ئەو دووانەکەی دیکەش ترسابوون و سەیری کاسە چەشەکە و چاوەکانیان دەکرد. پێم وابوو، ئەوانیش ترسابوون. ماتیان بردبوو. لەپڕ پەیکەرە ساردەکە، دەستە ئێسقانیەکانی خستە نێو بسکەکانم و پێچایە دەوری دەستی خۆی. ئەو دووانەکەی دیکەش لە



ترساندا، دوورکەوتنەوە، بەڵام ئەو هەر بەردەوام قاقای دەکێشا و دەیبۆڕاند. بەبسکەکانم بەرزی کردمەوە و کوتامیە سەر سێگۆشە نوورانییەکە. لەپڕ سێگۆشەکە شکا و وردوخاش بوو، ئەو شتە چکۆلە ئازادبوو؛ بەڵام پەیکەرەکە تێنەگەیشت و بەردەوام منی بەمڵاو بەولادا دەکوتا و قاقای قین و غەزەبی دەکێشا و دەی خلۆپاندمەوە. لەپڕ ئەو دووانەکەی تر، نەڕاندیان. پەیکەرە ئاگاداربوو، منی خستە سووچێکەوە و سەیری دەوروبەری کرد. لە کونەکانی دەم و لووتیەوە دووکەڵ دەهاتە دەرێ؛ بەڵام... کار... لەکار... ترازابوو.

لەبەر چاوەکانم، نیوەی ونبووی مامۆستاکەم، ئەوەندە بەرین و یەکدەس دەرکەوت کە تەواو فەزاکەی پڕکردەوە. بەچەشنێ کە ئیتر هیچ ئاسەوارێک لە ئەو سێیانە نەما. لەکاتێکدا، کە کەوتبوومە نێوان گێژاوێ لە ئینرژیدا و وەختەبوو، نوقم ببم، دەستێکی گەورە و سپی و ورشەدار، هاتە پێشەوە و منی وەکو مێرووولەییێک گرت و لە گێژاوەکە دەری هێنام.

تەکانیکم خوارد؛ بەڵام چاوەکانم هەر، بەسرابوون. دەنگی مامۆستام بیست کە لە دوورەوە، دەیگوت: «سوپاست دەکەم سووری، سوپاست دەکەم سووری گیان.»

بەئارامی چاوەکانم کردەوە. مامۆستا لەبەردەممدا وێستابوو. جانتا کۆنەکەی گرتبووە دەستیەوە، ڕوومەتی خاوێن و پڕ بزەی، هێنایە پێشەوە و گوتی: «سووری... ئازیزەکەم... تەنیا پێنج دەقیقە بەدەس پێکردنی کۆنفڕانسەکەت ماوە... ئەگەر پەلە بکەی، دەتوانین خۆمان بگەیێنین.

## پێڕست


کـەمـەند لە کـەمـەندا ............................................................ 43

دار و مــریەم ............................................................................ 57

سوجـەمـاری خـەیاڵ ........................................................................59

شـــرپۆش ........................................................................................69

دادە کـــوڵێ ....................................................................................75

نیــــوەی ون ....................................................................................81




### چاپکراوەکانی دەزگای ئاراس لە ساڵی ٢٠٠٢دا

(١) مذكرات بنڤنوتو چلليني. ترجمة وتعليق: جرجيس فتح الله.

(٢) المجتمع الكردي في المنظور الإستشراقي. تأليف: د. بدرخان سندي.

(٣) مارەکەیان بکوشتایە. رۆمان: یەشار کەمال. وەرگێڕانی: ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل.

(٤) سەردەمی بێ تاوانی. شانۆنامە. دکتۆر قوتبەدین سادقی. وەرگێڕانی لە فارسییەوە نەجیبە ئەحمەد

(٥) كركوك في العصور القديمة. الدكتور جمال رشيد أحمد.

(٦) نامەکانی مەم. محەمەد مەولوود مەم.

(٧) نووسین و پەخشان و وەرگێڕاوەکانی گۆران. ئومێد ئاشنا- کۆی کردووەتەوە و ڕێکی خستووە و پێشەکیی بۆ نووسیوە.

(٨) ماڵئاوایی لە چەک. رۆمان. ئێرنست هێمنگوای. عەبدولخالق ئەحمەد عەزیز لە ئینگلیزییەوە کردوویەتی بەکوردی.

(٩) سانتیاگۆ دی کۆمپۆستێلا Santiago De Compostela –ڕۆمان. فەرهاد پیربال.

(١٠) مەلی ئاوات. سێ شانۆنامە. وەرگێڕانی: محەمەد فەریق حەسەن.

(١١) فەرهەنگی خەم. سەرجەمی شیعرەکانی. حەسیب قەرەداخی-بەرگی یەکەم.

(١٢) فەرهەنگی خەم. سەرجەمی شیعرەکانی حەسیب قەرەداخی-بەرگی دووەم.

(١٣) ساڵنامەی کوردستان-دەزگای ساڵنامەی کوردی. پرۆفیسۆر وریا عومەر ئەمین.

(١٤) الجبل والسهل – قصص قصيرة. محي الدين زەنگەنە.

(١٥) كوردستان العراق-آراء ومواجهات إعلامية بقلم: فوزي الأتروشي.

(١٦) مستەفا بارزانی لە هەندێک بەڵگەنامە و دۆکیومێنتی سۆڤیەتیدا ١٩٤٥-١٩٥٨ (تۆمارێکی زێڕین لە مێژووی گەلی کورد). د. ئەفراسیاو هەورامی.

(١٧) تحولات. ناصر يوسف.

(١٨) کوردستان لە ساڵی ٢٠٠١دا. (چالاکییەکانی کابینەی چوارەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠١دا). ئامادەکردنی: بەدران ئەحمەد حەبیب + هەڵمەت حەمید.

(١٩) کوردستان: دیوانا شێخ مەمدووحێ بریفکانی. ئامادەکردنی: زاهد بریفکانی.

(٢٠) زبانێ کوردی: دیوانا شێخ نوورەدینێ بریفکانی. ئامادەکردنی: زاهد بریفکانی.

(٢١)دیدارێ یار: دیوانا شـێخ شـەمـسـەدینێ قـوتبێ ئەخـلاتیـیێ بریفکانی. ئامادەکردنی: زاهد بریفکانی.

(٢٢) وفادة الى المنطقة المحررة. رواية وثائقية. يونان هرمز.

(٢٣) نناشد صلاح الدين... أم نحاسب أنفسنا؟ إستجواب قائد بعد ثمانمائة سنة. حوار مع الأستاذ الدكتور مُحسنِ محَّمد حُسَين. أجراه: بدران أحمد حبيب

(٢٤) يقظة الكرد. جرجيس فتح الله.

(٢٥) گەڕان بەدوای نەمریبدا. مەولود ئیبراهیم حەسەن.

(٢٦) حملة الأنفال في كردستان العراق. تدمير قرية كوريمي. ترجمة د. رزگار.

(٢٧) شیعری ئینگلیزی. بەرگی یەکەم: شیعری سەدەی بیستەمی بریتانیا. هەڵبژاردن و وەرگێڕان: ئومێد وەرزەندە، بەختیار سەجادی.

(٢٨) دیاردەگەرایی تاراوگە. ڕێبوار سیوەیلی.

(٢٩) ئاراس پەڕینەوەیە بەرەو سەرفرازی- ڕۆشنبیران کارەکانی دەزگای ئاراس هەڵدەسەنگێنن.

(٣٠) الحديقة الناصرية في تاريخ وجغرافيا كردستان. علي أكبر كردستاني. ترجمة: جان دوست.

(٣١) کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردی - کەشکۆڵی عەبدولفەتاح - لێکۆڵینەوەی: محەمەد عەلی قەرەداغی. بەرگی پێنجەم.

(٣٢) ئەوێستا - نامەی مینەوی زەردەشت. وەرگێڕی بۆ کوردی: عومەر فاروقی.

(٣٣) مێژووی ئەدەبی کوردی. بەرگی دووەم. دوکتۆر مارف خەزنەدار.

(٣٤) احداث عاصرتها. الجزء الثاني. ذكريات السيد محسن دزەيي.

(٣٥) الفيدرالية والديمقراطية للعراق: الدكتور: محمد هماوەندي.

(٣٦) چیرۆک و بەیتی کوردی. کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: عەزیز شارۆخ.

(٣٧) بەرهەمی خەبات. بەشێک لە بەرهەمەکانی ا. ب. هەوری (ئەبوبەکر شێخ جەلال).

(٣٨) عێراق و دەوروبەری - کورد لەو ناوەندەدا: سامی شۆڕش.

(٣٩) ژ فولکلورێ کوردی. خرڤەکرن و ب سەر و بەرکرنا. صادق بهاءالدين ئامێدی.

(٤٠) سێ خولگەی ڕەخنەیی لە ئەدەبی کوردی.دکتۆر لەتیف محەمەد حەسەن.





(٤١) دەمێ مەرگ.. دەمێ خۆشەویستی . ڕۆمان. ئیریش ماریبیا ڕیمارک. وەرگێڕانی: رزگار نوری شاوەیس.

(٤٢) ڕەنگدانەوەی ئەدەب لە گۆڤاری هاواردا ١٩٣٢ - ١٩٤٣ . عبدالصمد إسلام طه.

(٤٣) الحملة على بادينان وأوضاع اللاجئين. رؤوف كامل عقراوي (أ. كاوە). تقديم: فلك الدين كاكةيي.

(٤٤) كركوك - بحوث الندوة العلمية حول كركوك. ٣-٥ نيسان ٢٠٠١ . أربيل.

(٤٥) میرنشینی ئەردەڵان، بابان، سۆران لە بەڵگەنامەی قاجاریدا (١٧٩٩-١٨٤٧ز). دانانی: محەمەد حەمە باقی

(٤٦) ڕاپەڕینی هەمزاغای مەنگوڕ لە بەڵگەنامەی قاجاریدا(١٨٥٤ - ١٨٨١) نووسینی: محەمەد حەمەباقی

(٤٧) کلودیوس جێمس ریچ. گەشتنامەی ریچ بۆ کوردستان ١٨٢٠ محەمەد حەمە باقی لە عەرەبییەوە کردوویەتی بە کوردی.

(٤٨) مێژووی مۆسیقای کوردی نووسینی محەمەد حەمە باقی.

(٤٩) سەیید عەلی ئەسغەری کوردستانی. نووسینی: محەمەد حەمە باقی.

(٥٠) مەستوورەی کوردستانی. مێژووی ئەردەڵان. هەژاری موکریانی لەگەڵ سەرچاوەگەلێکی تردا لەبەریەکی گرتوون و کردوونی بەکوردی.

(٥١) ئەمین مەعلووف. سەمەرقەند (رۆمان). وەرگێڕانی لە فڕەنسییەوە: ئەحمەدی مەلا.

(٥٢) شیعری ئینگلیزی. بەرگی دووەم- شیعری سەدەی بیستەمی ئەمریکا. هەڵبژاردن و وەرگێڕان:
ئومید وەرزەندە، بەختیار سەجادی.

(٥٣) ریچارد باخ جۆناسانی نەورەس. کورتە ڕۆمان. وەرگێڕانی: ئازاد بەرزنجی پێشەکی: ڕێبوار سیوەیلی

(٥٤) دنیا لە کتێبێکدا. ڕۆمان. جەبار جەمال غەریب.

(٥٥) كركوك بحوث المؤتمر العلمي حول كركوك - الطبعة الثانية

(٥٦) الحدائق الوردية في حقائق أجلاء النقشبندية. تأليف: عبدالمجيد بن محمد الخاني.

(٥٧) يهود كردستان. إريك براور.أكمله وأصدره رافائيل پاتاي. نقله الى العربية: شاخوان كركوكي وعبدالرزاق بوتاني.
(٥٨) ورود الكرد في حدائق الورود. محمد علي القرداغي.
(٥٩) رۆمانی شەدەی سەرگەردان و کۆمەڵە چیرۆکی ئەیر و ئەڤین و ئەژدەها. نووسینی: زێنەب یووسفی.